PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA
December 2024
44

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمەد

سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

بەڕێوەبەری نووسین - ڕاگەیاندن:
عقید ڕەنج جەعفەر ئەحمەد
(+964) 772 531 5240

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد
(+964) 750 466 1364

بەرپرسی وێنەگران:
مقدم جمعە قادر

بەڕێوەبەری هونەری
بلال بکر سید غریب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەڕێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 Mail: info@mopa.gov.krd (+964) 772 531 5240



کۆلێژەکانی سەربازی
بەردەوامن لە پێگەیاندنی
ئەفسەرانی پێشمەرگە
٢



ژمێریاری سەربازی
دارشتنی بودجە و پلانی نوێ
و بروودان بە هەژماری من
٨



بیمەی تەندروستی
پرۆژەیەکی نوێ بۆ
خزمەتکردنی پێشمەرگە
لەبواری تەندروستیدا
١٣



سایبەر سکویریتی
ئەوجەنگەی هەموومان لە
بەردەمیداین
٤٢



ئاڵا
ناسنامە و سیمبولی گەلان
٦٠



مەشق و ڕاهێنانەکان و
زانستی سەربازی نوێ
٦٦



# کۆلێژەکانی سەربازی
## بەردەوامن لە پێگەیاندنی ئەفسەرانی پێشمەرگە

### سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

هەتا کورد و کوردستان هەبێت پێشمەرگە هەر دەمێنێت و ئیلهامبەخش و پارێزگاری گەلی کوردستان دەبێت

### وەزیری پێشمەرگە:

ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین بە ئەمری واقیع، ئەویش لە چوارچێوەی بنیاتنانی دوو دەڤەر و ١١ فیرقەی سەربازی و لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا

● ئامادەکردنی: ڕائید بارزان ڕۆستایی

کۆلیژە سەربازییەکان ناوەندێکی تایبەتمەندن بۆ دروستکردنی ئەفسەران و سوپاکانی جیهان بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە کۆلیژەکانی سەربازی دەدەن بۆ بەهێزکردنی سوپاکانیان، چونکە ئەم کۆلیژانە ناوەند و سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ پێشخستنی سوپا، وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی بەرچاوی بە هەردوو کۆلیژی سەربازی قەڵاچواڵان و کۆلیژی سەربازی دووی زاخۆ داوە، ئەم کۆلیژانەش ساڵانە بەپێی پێویست ئەفسەریان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە. لەم دوو خولەدا، (٧٩٢) فێرخواز لە خولی ٢٩ی پێگەیاندن کە لە کۆلیژی سەربازی دوو لە زاخۆ و (٧٦٩) فێرخواز لە خولی ٤ی پێگەیاندنی ئەفسەران لە کۆلیژی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەربازی قەڵاچۆلان بۆ ماوەی ٩ مانگ مەشق و ڕاهێنانیان لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی و لە بارەی زانستی سەربازی و چەک و تەقەمەنی و هونەری جەنگ و دیسپلینی سەربازییەوە پێکراوە، پلەی مولازمی دوویان پێ بەخشراوە.

١٧ی تشرینی یەکەم و ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لە کۆلیژی سەربازی دووی زاخۆ و کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فەریق ڕوکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان و لیوا ڕوکن بەختیار محەمەد سدیق ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەرانی دیپلۆماسی وڵاتان و ڕاوێژکارانی سەربازی هاوپەیمانان و فەریق سیهاد بارزانی فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی یەک و فەریق عەزیز وەیسی فەرماندەی فەرماندەیی زێرەڤانی و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پلە باڵا و بەرپرسانی حکوومی و کەسوکاری بەشداربووان، ڕێورەسمی دەرچوونی هەردوو خولەکە لە کۆلیژی سەربازی دووی زاخۆ و کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتادا، هەردوو خولەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز و پاشان بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و گوتنەوەی سروودی نیشتمانی کوردستان مەراسیمەکان دەستیان پێکرد. لە مەراسیمی دەرچوونی خولی ٢٩ی کۆلیژی سەربازی زاخۆ، لیوا نەزیر عاسم ئاغا ڕاگری کۆلیژی سەربازی زاخۆ وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا گوتی: زۆر بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە، کەسوکاری فێرخوازان بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین، ئەمڕۆ کۆلیژەکەمان سەروەرییەکی تر تۆمار دەکات کە هەڵدەستین بە گێڕانی ئاهەنگی دەرچوونی فێرخوازانی خولی ٢٩ی پێگەیاندن سەر بە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٧٩٢) فێرخوازە، بۆ ماوەی نۆ مانگ لەسەر یەک بە شێوەیەکی چڕ لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی جۆرەها مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان بینیوە، فێری خۆڕاگری و دیسپلین و خۆنەویستی کراون بە شێوەیەک کە ببنە هەوێنی لەشکرێکی ساز و ئامادە بۆ پارێزگاریکردن لە گەل و نیشتمانەکەیان.

ئەم کۆلیژە کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکوو ئێستا (٥٨) خولی بنەڕەتی و پێگەیاندنی سەربازی کردووەتەوە (١٠١٠٣) فێرخواز کوڕ و کچ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ وەکوو ئەفسەر پێگەیاندووە، ئەمانەی بەردەمتان پۆلێکی ترن ئەمڕۆ بە شانازییەوە پێشکەشی لەشکری کوردستان و نیشتمانیان دەکەین، بەم بۆنەیەوە جوانترین پیرۆزباییبان ئاراستەی فێرخوازانی خۆشەویست دەکەین.

## فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

«فەرمانی هەرێمی بە ژمارە (٣٣٧) و (٤٠١) لە ساڵی ٢٠٢٤ پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری دا بە پێدانی پلەی مولازمی دوو بە بەشداربووانی خولی (٢٩)ی کۆلیژی سەربازی زاخۆ و خولی چواری کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان.

لە بەردەوامی مەراسیمەکاندا، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنی خول لە لایەن فێرخوازی پێشەنگ، پاش پشکنینی کوردۆسەکانی دەرچووی خولی (٤) و (٢٩) لە لایەن فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەوە، بە دەم ڕۆیشتنی سەربازی و چەند نمایشێکی هونەری جەنگی و نمایشی سەربازی هەمەجۆر، کە گوزارشتیان لە ئاستی بەرزی مەشق و ڕاهێنانە چڕوپڕەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی بنەما زانستییە سەردەمییەکانی سەربازی لە هەردوو کۆلیژەکە دەکرد، فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم خوێندرایەوە، بڕیاری دا بە پێدانی پلەی مولازمی دوو بە بەشداربووانی هەردوو خولەکە.

## پێشمەرگە هێما و سیمبولی خەبات

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میانەی بەشداریکردنی لە مەراسیمی کۆتایی خولی ٢٩ی پێگەیاندن لە کۆلیژی سەربازی دووی زاخۆ ڕایگەیاند: «پێشمەرگایەتی ئەرکێکی زۆر پیرۆزە بەشێکی گرنگی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانە، بەردەوامی کاروانێکی دوور و درێژی خەبات و تێکۆشانە بۆ پاراستنی میللەتی ئێمە و پاراستنی کوردستان، پێشمەرگە بوو لە پێشەوەی شەڕ بە گیانی خۆی و خەباتی خۆی، ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و ڕێگای نەدا کوردستان بکەوێتە دەستی تیرۆریستان، لەمەودوا هەتا کورد و کوردستان هەبێت پێشمەرگە هەر

**«شانازییە بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوونی بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە بنیاتنەرانی داهاتووی وڵاتەکەمان دەکەین کە خوێنێکی نوێ بە بەری هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکەن»**

دەمێنێت و ئیلهامبەخش و پارێزگاری گەلی کوردستان دەبێت، پێشمەرگە هێما و سیمبولی خەبات و خۆڕاگری و بەرخودانە، لێرەدا ئێمە سەری خۆمان دادەنوێنین بۆ خوێنی ئەو شەهیدانەی کە لەو ڕێگایەدا خەباتیان کرد و گیانی خۆیان کردە قوربانی».

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی بەڕێوەچوونی مەراسیمی سەربازی قەڵاچۆلان پیرۆزبایی لە دەرچووان و کەسوکاریان کرد و گوتی: شانازییە بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوونی بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە بنیاتنەرانی داهاتووی وڵاتەکەمان دەکەین کە خوێنێکی نوێ بە بەری هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکەن و جێگەی دەستخۆشی و سەربڵندییەکی گەورەیە دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆتان تەواو کرد، ئێوە بە خواستی خۆتان هاتن تاوەکوو خوێندنی سەربازیش کۆتایی پێ بێنن و ببنە ئەفسەرێکی پێشمەرگە ئەو ناونیشانە و حەزکردن و دڵسۆزی ئێوە بۆ خزمەتی کوردستان پیشان دەدات هەر بژین و هەر سەرکەوتوو بن.

نێچیرڤان بارزانی: سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستان بگەیەنن بە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، کە لە شەڕی داعشدا پشتیوانی پێشمەرگەیان کرد، هاوکاری ئەوان بۆ پێشمەرگە و هەروەها هاوکارییان بۆ سوپای عێراق، ستراتیژی و یەکلاکەرەوە بوو، نموونەیەکی زیندووی گیانی هاوکاری نێودەوڵەتی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددایە گەورەیەی لە ڕێگای ئێمەدا بوو.

فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆلیژی سەربازی زاخۆ گوتی: دەمەوێت سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستان بگەیەنین بە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، کە لە شەڕی داعشدا پشتیوانی پێشمەرگەیان کرد، هاوکاری ئەوان بۆ پێشمەرگە و هەروەها هاوکارییان بۆ سوپای عێراق، ستراتیژی و یەکلاکەرەوە بوو، نموونەیەکی زیندووی گیانی هاوکاری نێودەوڵەتی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددایە گەورەیەی لە ڕێگای ئێمەدا بوو، هەروەها گرنگە باسی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بکەین بەرامبەر تیرۆریستان بە تایبەتی هاوکاری پێکەوەیی کە هەردوولا پێشمەرگە و سوپای عێراق و هێزی حەشدی شەعبی پێکەوە کردیان، بە تایبەتی لە ناوچەی ماددەی ١٤٠ کە ئێمە پێکەوە کارمان کرد لەگەڵ سوپای عێراق بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامی، لە ئەمڕۆشدا بەو بۆنەیەوە سەری ڕێز بۆ خوێنی ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە گیانی خۆیان بەخت کرد، بەڕێزان لە باوەڕی ئێمەدا، داعش هێشتا مەترسییەکی جیددییە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە و پێویستە هاوکاری بەردەوام هەبێت لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە، پێویستە ئەو هاوکارییە و تەنسیقە بەردەوام بێت و بە بیر ئێمە بێتەوە کە بە یەکەوە خوێنمان داوە بۆ بەرگریکردن لە عێراق و کوردستان، من هیوادارم ئەو هاوکارییە بەردەوامەی ئێمە هەوێنی ئاسایشی سەرتاسەری بێت بۆ عێراق و پاشەڕۆژێکی گەش بۆ کوردستان.

## پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق.

بەڕێزان، پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق و پێشمەرگە چاوەڕوانە عێراق ئەرکی یاسایی خۆی بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ بکات و پشتیوان بێت بۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە، هیچ کاتێک پێشمەرگە مەترسی نییە بۆ سەر عێراق، پێشمەرگە بەرگریکارە لە مرۆڤایەتی، سوپاس و پێزانین و دەستخۆشی بۆ هێزی ئەمریکا و دۆستانی ئێمەی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی بەردەوامیان لە پرۆسەی چاکسازی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و یەکخستن و یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە، ئەم پرۆسەیە نەوەک ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت و نەوەک ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێت و لە ئاست چاوەڕوانی ئێمە نییە و کێشە هەیە و چاکسازی لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت، پێویستە ئێمە و هەموو لایەک کاری جیددی بکەین بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەربخەین، پێویستە ئێمە و دۆست و هاوپەیمانان بە جیددی کار بکەین بۆ یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە و لەم بارەیەوە پەیامی من بۆ هاوپەیمانان ئەوەیە ئێمە بەوان دەڵێین ڕاستە ئەو پرۆسەیە بە هێواشی بەڕێوەدەچێت بەڵام ئیرادەیەکی جیددیمان هەیە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بکەینە هێزێکی نیشتمانی کوردستانی و ئێمە یەک هێزمان هەبێت و یەک وەزارەتمان هەبێت و یەک سەرکردایەتیمان هەبێت بۆ پێشمەرگە، هەنگاو بە هەنگاو و هەموو ئاستەنگ و کێشەکان چارەسەر بکەین و ئینشاڵڵا دەگەینە کۆتایی ئەم پرۆسەیە، ئێمە بە تەواوی پابەندین کە لەشکرێکی یەکگرتووی پێشمەرگە هەبێت و لەشکرێکی نیشتمانی بێت و لە ژێر بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان، بە فاکتەری ئارامی لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە و دەستی هاریکاری بۆ هەموو لایەک درێژ دەکات، لە پێناو پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هەمووان.

## پێشمەرگە فاکتەری ئارامییە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی پێشکەشکردنی وتارەکەی لە کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان ڕایگەیاند: کە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی دەکەن. ئێمە لە هەرێمی کوردستان، جەخت لەسەر پێویستی دوورخستنەوەی عێراق لە ململانێ و کێشە هەرێمییەکان دەکەینەوە. عێراق پێویستی بە ئارامی،

44



سەقامگیری و گەشەپێدانی بەردەوامە، نەک تەنها تەنگژە و ناکۆکی و ململانێی زیاتر. دوای مێژوویەکی پڕ لە ئازار، پڕ لە مەینەتی و وێرانکاری، بە دەستی جەنگ و شەڕە یەک لە دوای یەکەکانەوە، عێراق ئێستا پێویستی بە ئارامی و سەقامگیری هەیە. بۆ ئەوەی بتوانێت خێروبێر و دەوڵەمەندی وڵاتەکەیان، بۆ بنیاتنانەوە و گەشەپێدان و پێشخستنی هەموو کەرتەکانی ژیان، بەکار بهێنێت. خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان، بە هەموو ناوچەکانیانەوە، شایانی ژیان و خزمەتگوزاری زیاترن، نەک تێوەگلان لە ئاڵۆزی و ئاشووبەکان کە ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا هەن، دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان بە فاکتەری ئارامی لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە و دەستی هاریکاری بۆ هەموو لایەک درێژ دەکات لە پێناو پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئەزموونی دەیان ساڵەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، فێری کردووین کە دیالۆگ، لێکگەیشتن و دانوستانی بەردەوام، تەنها ڕێگەی گونجاو و دروستن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان.

«ئێمە باوەڕمان وایە کە پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراقدا، گەرەنتی ڕاستەقینەن بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ کە ڕێز لە فرەیی و جیاوازییەکان بگرێت و ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکان بپارێزێت» بە ڕەچاوکردنی قۆناغی سیاسی هەستیاری دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بوو، نزیکەی حەفتا و دوو لە سەدی گەلی کوردستان بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کرد کە بە هەموو پێوەرێک سەرکەوتنی کوردستان بوو، داوا لە هەموو هێزە سیاسییە براوەکان دەکەم کە بەرژەوەندی باڵای نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێین، گفتوگۆیەکی جیددی بەرپرسیارانە و بنیاتنەر دەست پێ بکەن، بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز و کارا، حکوومەتێک کە وەڵامگۆی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بێت و بتوانێت سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئێستا و داهاتوو ببێتەوە، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی و گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور و ڕێککەوتنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکەمەوە، عێراقێک کە بتوانێت بەرگەی مەترسییەکانی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە بگرێت، پێویستە بێ جیاوازی، عێراقی هەموو پێکهاتەکان بێت، عێراقێک کە بتوانێت لە ڕووی کردەییەوە بۆ هەموو عێراقییەکان بێت، هەمووان هەست بکەن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی سیاسی و کارگێڕی وڵاتدا، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە عێراقیشدا وەک یەک بەشدار و هاوبەش بن و خۆیان بە خاوەنی عێراق بزانن.



نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی کۆتایی هەردوو خولەکەدا گوتی: دەرچووانی خۆشەویست ڕۆڵی ئێوە تەنیا لە مەیدانی جەنگ نییە، بەڵکوو ئەرکی ئێوە دەبێت گەورەتر بێت بۆ بەرپابوونی کۆمەڵگایەکی ئارام، بەرپرسیارێتی ئێوە ئەوەیە بەهای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ بپارێزن و کار بکەن تاکوو گرنگی ئەو بەهایە لە ناو ئێوەدا زیاتر بێت، نموونە بن بۆ پاراستنی دادپەروەری و پێکەوەبوون، ئێوە بەرپرسیارن لە پاراستنی مافی هەموو هاوڵاتی هەرێمی کوردستان، باوەڕمان بە ئێوە هەیە کە دەتوانن بەرامبەر دەستدرێژیکاران بوەستن و لە ئەرکی خۆتان سەرکەوتوو بن تاکوو بە باشترین شێوە خزمەتی وڵاتی خۆتان بکەن، هێزی نیشتمانی کوردستانی بن و هیچ کات نەبنە لایەن لە کێشە و ناکۆکی سیاسیدا.

ئامادەبووانی خۆشەویست هەر لەم کاتەدا دەربارەی ڕەوشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەئکید لەسەر هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بکەم، ئێمە لەگەڵ ڕاوەستانی شەڕ و چارەسەری ئاشتیانەداین، بۆ هەموو کێشە و گرفتەکان ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت هەرێمی کوردستان و عێراق بکەوێتە ناو ئەو ئاڵۆزییانە، دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت تاکوو ڕەوشەکە ئاڵۆزتر نەبێت، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە سوپاس و پێزانین و دەستخۆشی لە مامۆستا و بەرپرسیار و بەڕێوەبەری کۆلیژی سەربازی دووی زاخۆ و کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆڵان کرد و کار و خزمەت و ماندووبوونی ئەوانی بە جێگەی ڕێزێکی گەورە نیشاندا، گوتی ئەرکی ئەوان پیرۆز و گرنگە بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پێشمەرگە و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی وڵاتپارێز لەسەر بنەمای زانستی سەربازی و ئینتیما و خۆشەویستیان بۆ وڵات، ئەرک و خزمەت بۆ کۆلیژ و ئەکادیمیای سەربازی باشترین وەفادارییە بۆ خەبات و قوربانیدان و ڕۆڵی پێشمەرگە بۆ ئەوەی پشتڕاست بن کە پێشەڕۆژی پێشمەرگە باشتر بێت، ڕێز و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان، ئەوانەی بۆ ئازادی کوردستان خەباتیان کردووە، سڵاو بۆ شەهیدانی زیندوو بۆ هەموو ئەو قارەمانانەی لە ئەرکی پاراستنی کوردستاندا بریندار بوون، ئێمە بە ئەوان دەڵێین خزمەتی ئێوە و خەباتی ئێوەمان لە بەرچاوە، هەر سەرکەوتوو بن و هیوای پاشەڕۆژێکی گەشتان بۆ دەخوازم و پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەم و سەرکەوتوو بن لە خزمەتکردنی نیشتمان و گەلەکەمان لە پاراستنی تەبایی و لە برەودان بە کولتووری جوانی یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە کوردستانی عێراقدا کە تەنها ئەوە ڕێگەمانە بۆ داهاتوو، خوای مەزن وڵاتەکەمان بپارێزێت.

شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی ئامادەبوونی لە کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆڵان لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند:

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

به خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ بەیەکەوە لە ڕێوڕەسمی دەرچووانی چوارەمین خولی پێگەیاندنی ئەفسەران لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لێ دەکەم، پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە دایک و باوک و خانەوادە و مامۆستایانی بەڕێز دەکەم، کە ئەوانیش بەشێکی گرنگی ئەم سەرکەوتنەی ئەمڕۆی ئێوەن، هیوا و ئومێدی دوارۆژی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەن، پێویستە ئەوەی فێری بوون لە زانستی سەربازی و مەشق و ڕاهێنانەکان لەم ماوەیەدا بەردەوام برەوی پێ بدەن و بیخەنە خزمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شادەماری ئەم هێزە بە پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی توانا و توانستی سەربازی لە گشت یەکە سەربازییەکاندا گەشەی زیاتری پێ بدەن.

به دەرفەتی دەزانم، پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم دەرچووانی خولی ٢٩ی پێگەیاندنی کۆلێژی سەربازی زاخۆ بکەم، ئەفسەرانی دەرچووی کۆلێژی سەربازی زاخۆ ڕۆڵە و پارێزەری ئەم نیشتمانەن و هیوای سەرکەوتن و سەربەرزییان بۆ دەخوازم، دەستخۆشی لە ڕاگری کۆلێژ و سەرجەم مامۆستاکان و خانەوادەی خوێندکاران دەکەم کە ڕۆڵی باڵایان هەبووە و هاوکار و پاڵپشتیان بوون.

هەروەها دەستخۆشی لە ڕاگری کۆلێژ و ئەفسەران و مامۆستایانی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان دەکەم، هەمووکات ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەختان هەبووە وەکوو کۆلێژێکی ئەکادیمی سەربازی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بۆ بنیاتنان و پێگەیاندنی ئەفسەران بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پێویستی دەزانم لەم ڕۆژە گرنگەدا، بەوپەڕی ڕێز و شکۆوە یادی خوالێخۆشبوو سەرۆک مام جەلال بەبیر بهێنینەوە، کە ڕۆڵی باڵای لە دامەزراندنی بناغەی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان و کۆلێژی ئەرکاندا هەبووە، کە ئەمەش بۆخۆی کردنەوەی دەروازەیەکی ئەکادیمی باڵا بوو بۆ پێگەیاندنی ئەفسەران بۆ بەهێزبوون و گەشەسەندنی زیاتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## پێکهێنانی یانزە فیرقەو دوو دەڤەر

ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە شاهێدی خەڵکی بەویژدان و پێشمەرگە قارەمانەکان بە پلان و بەرنامە و ستراتیژێکی دوورمەوداوە بەردەوامین، وێڕای گرفت و بەربەستەکان توانیومانە بەشێکی زۆری کارنامەی چاکسازی جێبەجێ بکەین و ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەین بە ئەمری واقیع، ئەویش لە چوارچێوەی بنیاتنانی دوو دەڤەر و ١١ فیرقەی سەربازیدا لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا کە پێویستە ئەم پرۆسەیە تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ بە کۆتایی بێت و سەرجەم هێزەکان لە چوارچێوەی فیرقەکاندا جێگیر بووبن، کە ئەمەش بۆخۆی دەستکەوتێکی گرنگ و مێژووییە بۆ گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە وا دەکات پێشمەرگە ببێت بە هێزێکی یەکگرتووی کوردستانی لە ئاستی هێزە سەربازییەکانی ناوچەکەدا بێت و هەموو ئەوەی ئەنجامان داوە بە سوپاسەوە بە هاوکاری و پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت و جێگری سەرۆکی حکوومەت و گشت دامەزراوەکانی دیکە و دڵسۆزانمان لە هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە تایبەت ئەمریکا بووە، کە هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانمان لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەردەوامن لەگەڵمان بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی و بنیاتنانی سوپای کوردستان.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم، ڕوو لە هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی پێشمەرگە بکەم، بە تایبەت هەردوو حیزبی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) کە خۆیان ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە بنیاتنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، داوایان لێ دەکەم پێویستە هاوکار و یارمەتیدەرمان بن لەم پرۆژە نیشتمانییەی کە بنیاتنراوە بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دروستبوونی سوپایەکی کوردستانی، لەم پێناوەدا ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام و ڕژدتر دەبین لە بەدیهێنانی ئەم داخوازی و ئەرکە مێژووییەی لەسەر شانمانە، کە تێیدا ئامانجی گەل و نەتەوەکەمان دەخەینە پێش بەرژەوەندی هەمووانەوە، پێکەوە هەوڵ دەدەین پێشمەرگە ببێت بە سوپایەکی بەهێزی نیشتمانی کە لە ئاستی داخوازییە ڕەواکانی گەل و نیشتمانەکەماندا بێت.



# ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێریاریی سەربازی لە پڕۆسەی چاکسازیدا

● ئامادەکردنی: ڕەعد گۆران

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بودجە و بەرنامەکان - ژمێریاریی سەربازی، یەکێکە لە گرنگترین بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە ماف و ئیمتیازاتی ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووی مووچە و بودجە و سەرجەم خەرجییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کاروباری ڕۆژانە بۆ یەکە سەربازییەکان دابین دەکات، پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، لەسەر ئاستی سەرجەم یەکەکان، ئەفسەری دیاریکراوی بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان هەیە. ساڵانە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بەرکارن، ئەو پەیوەندییە داراییانە ڕێکدەخات کە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەن.**

**بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر و ئاشنابوون بە کار و بەرنامە و پلانەکانیان لەو ئەرکە گرنگانەی ڕۆژانە ڕایی دەکەن، گۆڤاری پێشمەرگە لە بەدواداچوونێکدا ڕاوبۆچوونی بەڕێوەبەر و جێگر و چەند ئەفسەرێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی وەرگرتووە.**




**لیوا توانا سدیق**

## ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاریی سەربازی

لەم بارەیەوە، لیوا توانا سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی بودجە و بەرنامەکان - ژمێریاریی سەربازی ڕایگەیاند: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێریاریی سەربازی یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی لە پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەت سەر بە باڵی ئەمینداریيەتی گشتییە و پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دارایی، مووچە، وردبینیی ناوەندی، ژمێریاریی پلان و میزانییە و داواکاری. لە پڕۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا ڕۆڵی بەرچاو و کارای هەبووە و سەرکەوتووانە بە هاوکاری و ڕۆڵی دڵسۆزانەی ئەفسەر و کارمەندەکانی ئەرکی خۆمان جێبەجێ کردووە و بەردەوامین لەو پرۆسە گرنگەدا، بەڕێوەبەری بودجەو بەنامەکان لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەکارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی کردو ڕایگەیاند: لە ئەرکە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەودجەو بەرنامەکان ساڵانە پلانی بودجە دادەڕێژین و کار لەسەر دابەشکردنی دەکەین بەسەر تەواوی بەش و یەکە سەربازییەکان و بەشێوەیەک کە گونجاوی هەبێت لە ئەرک و کارەکانی هەریەکەیەک .

جیا لەوە لەناو پرۆسەی چاکسازیدا بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## لیوا توانا سدیق: «لە ئێستادا ژمارەی ئەو لیوایانەی لە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ دەگوازرێنەوە سەر میلاکی وەزارەت و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی فیرقەکانی پیادەدا، هەنگاو بە هەنگاو لە زیادبووندایە»

کارمان کردوە بۆ یەکخستنی ژمێریاری سەربازی و لەم کارەیشدا هەنگاوی باشمان هاویشتوەو لە ئێستادا پرۆسەکە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەهەمان شێوە پلانی دابەشکردنی مووچە لەڕێگەی هەژماری منەوە سەرکەووتوبوو ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرە لە پێشینەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوین کە توانیمان مووچەی تەواوی پیشمەرگە لە ڕێگای ئەم سیستەمەوە دابەش بکەین.

لەکۆتایی قسەکانیدا لیوا توانا سدیق ئاماژەی بەوەدا کە کارکردن لەسەر باشتر ڕێکخستنی تواناکان لەناو بەڕیوەبەرایەتی گشتیدا دەکرێت و پلانمان هەیە لەماوەیەکی کەمدا تەواوی ئەرکەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی بە ئەلیکترۆنی بکەین کە ئەمەش دەبێتەمایەی سەرخستنی پرۆژەکانمان بەگشتی .

بەتایبەتی لە ئێستادا ژمارەی ئەو لیوایانەی لە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ دەگوازرێنەوە سەر میلاکی وەزارەت و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی فیرقەکانی پیادەدا، هەنگاو بە هەنگاو لە زیادبووندایە.

عەمید حسێن ئەحمەد محەممەد، جێگری بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاریی سەربازی، سەبارەت بە کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئاماژەی بەوەدا: بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاریی سەربازی بەرپرسە لە دابینکردنی شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووی مووچە، بودجە و تەرازووی پێداچوونەوە و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی. هەروەها گوتی: لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو هێزانەی لە یەکەکانی ٧٠ و ٨٠ دەگوازرێنەوە سەر وەزارەت لە زیادبووندایە و ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، چونکە هەرچەندە ژمارەی هێزەکان زیادبکات، کارەکانی ژمێریاریش بە دڵنیاییەوە زیاتر دەبن و ئەرکی زیاترمان دەکەوێتە ئەستۆ. عەمید حسێن گوتیشی: ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێریاری، بیرمان لەوە کردووەتەوە، ئیش و کارەکان بە سیستم بکرێت بەتایبەتی بۆ ئامادەکردنی لیستی مووچە بۆ هەموو یەکە سەربازییەکان، خۆشبەختانە دوای بەرزکردنەوەی ئەم پێشنیازە بۆ جەنابی وەزیری پێشمەرگە، بەڕێزیان پشتگیریی کردین و ڕەزامەندی دەربڕی بۆ دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بودجە، لە ئەنجامدا بەرهەمێکی باشی هەبوو، چونکە لە ئێستادا سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و یەکە جیاوازەکان فەرمانەکانی بەشی دوو دەنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێریاریی سەربازی و دوای

## عەمید حسێن ئەحمەد محەممەد: «ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان بەرز دەنرخێنین لە هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە پێدانی ڕاوێژ و پێشخستنی کارەکانمان و لە کردنەوەی خول بۆ ئەفسەر و کارمەندەکان بە مەبەستی پێشخستنی توانا زانستییەکانیان»



عەمید حسێن ئەحمەد



عەقید یوسف ئیبراهیم



موقەدەم ئیبراهیم بیلال

وردبینیکردنی، ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی مووچە کاری لەسەر دەکرێت.

هەروەها ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانی لە هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لە پێدانی ڕاوێژ و پێشخستنی کارەکانیان بەرزنرخاند، جگە لە کردنەوەی خول بۆ ئەفسەر و کارمەندەکانیان بە مەبەستی پێشخستنی توانا زانستییەکانیان.

## دیجیتاڵکردنی پرۆسەی خەرجی و ئامادەکردنی میزانییەی مانگانە

سەبارەت بە دیجیتاڵکردنی پرۆسەی خەرجی و ئامادەکردنی میزانییەی مانگانە، عەمید عەبدولقادر ئیبراهیم محەمەد گوتی: لە ئێستادا بە هاوکاریی فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاریی ئەنجومەنی وەزیران، کار لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بوودجە و بەرنامەکان - ژمێریاریی سەربازی، لە ساڵی ڕابردوودا داواکارییەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ بە دیجیتاڵکردنی پرۆسەی خەرجی و ڕێکارەکانی ئامادەکردنی بوودجەی مانگانە. خۆشبەختانە ئەم داواکارییە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و ڕەوانەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاری کراوە. لە ئێستادا لەلایەن شارەزایانی بوارەکەوە کاری لەسەر دەکرێت و دەکرێتە پێشینەی پرۆژە جێبەجێکراوەکان. بەم هەنگاوەش ڕۆتین لە ئیش و کارەکان کەم دەبێتەوە.

## پرۆسەی بە ئەلیکترۆنیکردنی مووچە و تۆماری بایۆمەتری

دەربارەی هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ مووچەی وەزارەتی بەرگریی حکومەتی فیدراڵی عێراق، عەقید یوسف ئیبراهیم عوسمان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی مووچە گوتی: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ژمێریاریی سەربازی یەکێک لە کارە پێشینەکانی خستنەڕووی داواکارییە بۆ هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ئێستادا جیاوازییەکەی لە خەرجکردنی دەرماڵەکاندایە. لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە تاوەکو بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ڕەوانە بکرێت بە مەبەستی خەرجکردنی سەرجەم ئەو دەرماڵانەی کە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە بۆ ئەفسەر و کارمەندەکانیان خەرج دەکرێت.

هەر لەمبارەیەوە، موقەدەم سەنگەر کەریم مەجید، بەڕێوەبەری بەشی مووچە ئەوەی خستەڕوو کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بوودجە و بەرنامەکان - ژمێریاریی سەربازی، لایەنی سەرەکییە لە جێبەجێکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بۆ ئەو تەوەرانەی کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە هەیە و بریتین لە: بە بانکیکردنی مووچە، ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانە، تۆماری



عەمید عەبدولقادر ئیبراهیم



موقەدەم سەنگەر کەریم

بایۆمەتری و یەکەی ژمێریاری. ئەم پرۆسەیەش لە وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوامە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناویان تۆمار کراوە و مانگانە بە کارتی بانکی مووچە وەردەگرن. پرۆسەی تۆمارکردنی ناوەکانیشیان بەردەوام دەبێت تاوەکو سەرجەمیان دەبنە خاوەنی کارتی بانکیی خۆیان. ڕوونیشی کردەوە: هەروەها ئەو پێشمەرگانەی خاوەنی هەژماری MNN لە لیواکان، جگە لە مووچەکانیان، هاوکاریی هاوپەیمانانیش لە ڕێگەی کارتی بانکییەوە وەردەگرن.

سەبارەت بە دابەشکردنی هاوکاریی هاوپەیمانان، موقەدەم ئیبراهیم بیلال گوتی: تەنیا ئەو یەکە سەربازییانە دەگرێتەوە کە فەرمانەدی یەکەکە لە پرۆسەی وردبینیی ئاسایشی هێزەکانی هاوپەیمانان دەرچووبێت. هەروەها ئەم هاوکارییە مانگانە بەپێی ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە دابەش دەکرێت، بۆیە گۆڕانکاری لە بڕی پارەکەدا دروست دەبێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش

## سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ،
## هەماهەنگی و ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنەکان

● ئامادەکردنی: عەمید ستار عەبدولکەریم

**سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش یەکێکە لە دەزگا گرنگ و هەستیار و چالاکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە. ئەرکی پەیوەندی و ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانە لەگەڵ یەکە سەربازییەکان لەناو وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق و هێزە هاوبەشەکان. لەژێر چاودێری سەرۆکی ئەرکان، کارەکانی ڕایی دەکات و بەردەوام چاودێری جموجۆڵی تیرۆریستان و ناوچەکانی ئاسایشی هاوبەش دەکات.**

**لەلایەکی ترەوە، هەماهەنگی لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق ڕێکدەخات لە ڕێگەی هەر چوار بنکەی هەماهەنگی لە نەینەوا، مەخمور، کەرکوک و خانەقین.**



لیوا ڕوکن یوسف مامك

### هەماهەنگی هاوبەش

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتییە لە ڕێکخستنی هەماهەنگی و هاوکاری هێزەکان لە مەیداندا. بۆ ئەم مەبەستە، لیوا ڕوکن یوسف مامک، بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، تایبەت بە گۆڤاری پێشمەرگە گوتی: «ئەرکی سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، ڕێکخستنی پەیوەندی و هەماهەنگییە لەنێوان هێزە جیاوازەکان لە مەیداندا، بەشێوەیەک کە بتوانرێت لە ڕووی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵەوە هەموان لەژێر سایەی یەک فەرماندەییدا بن، بەتایبەت لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکێکی مەیدانی و ئۆپەراسیۆنی.»

سەبارەت بە شێوازی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە، بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ڕایگەیاند: «لە سەنتەردا چەند بەشێکی گرنگ و چالاک هەن کە هەموویان بە یەکەوە هەماهەنگی هاوبەش دروست دەکەن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و یەکە سەربازییە جیاوازەکان. ئەمەش لە پێناو کۆکردنەوەی تواناکان و ڕێکخستنی توانا سەربازییەکاندا.»


عەمید حەجی عەبدوڵڵا


عەمید سەگڤان خەلیل


عەمید ڕوکن خالید عەودەل



عەمید نەبیل محەممەد

## کارکردنی بەردەوام

بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئاماژەی بەوەدا کە لە ڕووی ستراکچەری کارکردنەوە، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگەوە. لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەڕێزیان، ئەرکەکان جێبەجێ دەکات. ناوەندی پەیوەندییەکە لە نێوان یەکە سەربازییەکان لە ڕووی جوڵە و وەرگرتنەوەی فەرمانی جوڵە و هەروەها هەموو ڕووداوێکی خێرا و ئاساییدا کار دەکات.

## بنکەی هەماهەنگی نەینەوا

عەمید حەجی عەبدوڵڵا عەبدولغەفار، بەڕێوەبەری بنکەی هەماهەنگی هاوبەشی نەینەوا، باسی لە ئەرکەکانی بنکەکەیان کرد و گوتی: «ئەرکەکانمان هەماهەنگی کاری ئەمنی و هەواڵگرییە بۆ ڕێگریکردن لە چالاکی دوژمن لە ناوچەکانی بەرکەوتنی نێوان هێزەکانی ئاسایشی فیدراڵی و ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.»

## بنکەی هەماهەنگی مەخمور

عەمید سەگڤان خەلیل حەجی، سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری بنکەی هەماهەنگی هاوبەشی مەخمور، جەختی لەسەر گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی تر کردەوە. ئەو گوتی: «گوندنشینەکانی ئەم ناوچەیە پەیوەندی لە مێژینەیان هەیە و ئامانج لەم پەیوەندییانە دروستکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ڕێگاگرتنە لە هەبوونی تیرۆر.»

## بنکەی هەماهەنگی کەرکوك

عەمید ڕوکن خالید عەودەل ئیسماعیل، بەڕێوەبەری بنکەی هەماهەنگی کەرکوک، ڕایگەیاند کە بنکەکەیان لە

**«سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش یەکێکە لە دەزگا گرنگ و هەستیار و چالاکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.»**

مانگی ٥ی ٢٠٢١ دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی بنکەکە نزیککردنەوەی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە جێناکۆکەکان.

## بنکەی هەماهەنگی خانەقین

عەمید نەبیل محەممەد ساڵح، بەڕێوەبەری بنکەی هەماهەنگی خانەقین، باسی لە گرنگترین ئەرکەکانی بنکەکەیان کرد کە بریتین لە بەشداریکردن لە پلانی هاوبەش بۆ ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە نێوان سوپا و پێشمەرگەدا. هەروەها گوتی: «بە فەرمی بڕیار دراوە نابێت چەک بە دەستی خەڵکی ئاسایی بێت جگە لە سوپا و هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانەی کە هەردوو لا لێی بەرپرسیارن.»

**«ئەرکی سەنتەری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، ڕێکخستنی پەیوەندی و هەماهەنگییە لەنێوان هێزە جیاوازەکان لە مەیداندا، بەشێوەیەك کە بتوانرێت لە ڕووی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵەوە هەموان لەژێر سایەی یەك فەرماندەییدا بن.»**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

44

# بیمەی تەندروستی

## هەنگاوێکی نوێی وەزارەتی پێشمەرگە لە پێناو کۆمەڵگەیەکی سەربازیی تەندروستدا


د. ڕەزا ئیسماعیل سنیار

● ئامادەکردنی: بارزان رزگار ڕوستایی

فۆتۆ: کاروان ڕەزا

بیمەی تەندروستی یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی هەر وڵات و حکوومەتێك کە پێشکەش بە هاووڵاتییانی دەکات و خەرجییەکانی پەیوەست بە تەندروستیان لەسەر سووك دەکات. مەبەستی سەرەکیی بیمە خۆی دەبینێتەوە لە هاریکاریکردنی نەخۆش لە ڕووی کەمیی داهاتەوە، واتا بتوانرێت لە سەرجەم باردۆخەکاندا ئەگەر پێشمەرگەیەک تووشی نەخۆشییەک یاخود هەر گرفتێکی تەندروستی ببێت، بە ئاسانی سەرجەم چارەسەرییەکانی بۆ دابین بکرێت. بەشێوەیەک بیمەی تەندروستی بۆ دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ پێشمەرگە چارەخوازەکان بە فۆرمێکی ڕێکخراو و گونجاو، لە پرسی چارەسەری دەرمانەوە تاوەکوو دەگاتە پاڵپشتیکردنی دەروونیی پێشمەرگە نەخۆشەکان.

پەیوەست بەم پرسە، د. ڕەزا ئیسماعیل سنیار بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: «بەشێوەیەکی گشتی، بیمەی تەندروستی بریتییە لە سیستەمێکی دارایی کە نەخۆش دەپارێزێت لە لەدەستدانی سامان لە کاتی نەخۆشکەوتنیدا. ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵاوکردنی مەترسییەکانی خەرجی تەندروستی، کە بەشداربووان بە سیستەم و ڕێکاری وورد، ڕێژەیەکی زۆر لە خەرجی گیرفانەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە. کاتێک نەخۆش دەکەون و خەرجییەکان لە گیرفانی خۆیان دەدەن، ئامانجی سەرەکیی بیمە بریتییە لە نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی بەربەستی دارایی لە پێش نەخۆش بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەو شێوازەی کە پێویستیەتی.»

> **«سیستەمی بیمەی تەندروستیی وەزارەتی پێشمەرگە؛ سیستەمێکی دڵنیاییە بۆ هەر پێشمەرگەیەک تووشی نەخۆشی دەبێت»**

لەبارەی میکانیزمی چۆنیەتی جێبەجێکردنی بیمەی تەندروستی لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکی گوتی: «بیمەی تەندروستی کاتێک دەست پێدەکات کە پێشمەرگەیەک لە هەر یەکەیەکی سەربازیی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە داوای چارەسەری بکات. ئەوا بە نووسراوێک ڕاستەوخۆ لە یەکە سەربازییەکەی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیان دەکات. لە ماوەی ٣ ڕۆژدا لیژنە چاوی بە کەسەکە دەکەوێت

و تۆماری زانیارییەکانی دەکات و خەمڵاندن بۆ خەرجی چارەسەرییەکەی دەکات. دواتر فۆرمێکی واژووکراو و مۆرکراوی پێدەدات کە دەتوانێت چارەسەری لە هەر نەخۆشخانەیەکی حکومی یاخود نیمچە تایبەت یان هەر نەخۆشخانەیەکی تایبەت وەربگرێت.

کاتێک چارەسەری وەرگرت، ئەوا سەردانی لیژنەی بیمە دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە لیژنە دڵنیا بێتەوە کە چارەسەری وەرگرتووە. لە کۆتاییدا ٧٠٪ی کۆی پسوولە خەرجییەکانی بۆ دەگەڕێتەوە بە مەرجێك لە ٤ ملیۆن دینار تێنەپەڕێت. واتە سەرەتا لە گیرفانی خۆی خەرج دەکات و دواتر لە بیمەوە وەریدەگرێتەوە. ئەگەر هاتوو نەخۆش پێشوەختە سەردانی لیژنەی بیمە نەکات و بەبێ ڕەزامەندیی پێشوەختە خەرجی پزیشکی بکات، ئەوا ٢٥٪ی خەرجییەکان وەردەگرێتەوە بە مەرجێك لە ملیۆنێک دینار تێنەپەڕێت. چونکە بیمە پشت بە ڕێنماییە داراییەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەبەستێت کە بریتییە لە چەندین ڕێکاری وورد بۆ هەبوونی شەفافیەت و بەهەدەرنەدانی پارە بۆ ئەوەی زیاترین پێشمەرگە سوودمەند بێت.»

بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکی ئەوەشی گوت کە هاوکاریی بیمەی تەندروستی هەموو جۆرە نەخۆشییەک دەگرێتەوە، تەنانەت کڕینی دەرمانی درێژخایەن و پشکنین و کڕینی ئامێر بۆ نەخۆشیی درێژخایەن. هەروەها کاتێک کە نەخۆش چارەسەری لە نەخۆشخانەی حکومی وەردەگرێت بەڵام کڕینی دەرمانی لە کەرتی تایبەتە، کڕینی دەرمانەکان بۆ ماوەی ٦ مانگە و دواتر بۆی نوێ دەکرێتەوە. بەڵام بیمەی تەندروستی خەرجی جوانکاری و چارەسەری ددان و نەشتەرگەریە جوانکارییەکان ناگرێتەوە.

ئێمە بۆ هەر نەخۆشێکی پێشمەرگە، ڕێژەی پارەی دیاریکراو بۆ نەشتەرگەری و هەر جۆرە خەرجییەک کە ڕەزامەندیی پێشوەختەی هەبێت، ٧٠٪ی خەرجییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و سەقفەکەشی ٤ ملیۆن دینارە. ئەگەر ڕەزامەندیی پێشوەختەی نەبێت ئەوا ٢٥٪، لە حاڵەتە لەناکاوەکانی دڵ ئەگەر ڕەزامەندیی پێشوەختەشی نەبێت هەر ٧٠٪یە. بەڵام ئەو نەخۆشانە ناگرێتەوە کە بۆ چارەسەری دەچنە دەرەوەی وڵات.

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پزیشکیی گشتی هەڵسەنگاندن دەکات بۆ هەر داوایەکی چارەسەری کە ئایا چارەسەرییەکەی لە نەخۆشخانەی پێشمەرگە، حکومی، نیمچە تایبەت یاخود تایبەت دەکرێت. هەروەها هەڵسەنگاندن دەکات بۆ داواکارییەکانی گەڕانەوەی خەرجی. ئەگەر چارەسەری تەواو یاخود بەشێک لە چارەسەرییەکەی لە نەخۆشخانەی پێشمەرگە و حکومی و مەدەنی نەکرا، ئەوا لیژنەی بیمەی تەندروستی بڕیار لەسەر شێوازی چارەسەری دەدات.

د. ڕەزا ئیسماعیل سنیار ئاماژەی بەوەشدا کە دەکرێت بیمەی تایبەت هەبێت بۆ بارە زۆر لەناکاوەکان کە مەترسیدارن، وەک جەڵتەی دڵ و جەڵتەی مێشک و شێرپەنجە و ڕاوەستانی گورچیلە. بە گشتی بیمە ئەمانەی سەرەوە هەموو دەگرێتەوە، بەڵام دەکرێت لە ئایندەدا سوودمەندبوون بۆ ئەم نەخۆشییە درێژخایەنانە لە ٤ ملیۆن دینار زیاتر بێت. ئێستا هەنگاوی یەکەمە و ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەنگاوەکانی تردا بڕی سوودمەندبوون زیاتر بکەین.

لیژنەی بیمەی تەندروستی بڕیار دەردەکات بۆ داواکارییە چارەسەرییەکان بۆ دیاریکردنی بڕی دەرخستەی خەرجی و ئەو بڕەی کە بۆ نەخۆش دەگەڕێتەوە. ئەم بڕیارە لای لیژنە دەمێنێتەوە تاوەکوو نەخۆشەکە چارەسەری وەردەگرێت و پسوولە خەرجییەکان بەگوێرەی دەرخستەکە بۆ لیژنە دەگەڕێنێتەوە.

## «ئامانجی سەرەکیی بیمە بریتییە لە نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی بەربەستی دارایی لە پێش نەخۆش بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی.»

پاش گەڕانەوە و پەسەندکردنی پسوولە خەرجییەکانی چارەسەری و ڕاپۆرتی پزیشکی لە لایەن لیژنەی بیمەی تەندروستییەوە، بڕیاری کۆتایی لە لایەن هەمان لیژنەوە دەردەچێت لەسەر گەڕانەوەی پارەی شایستەی ئاماژەپێکراو لە بڕیاری سەرەتایی و دواتر ڕەوانەی لیژنەی خەرجی و ئەفسەری پشکنین و بەدواداچوون دەکرێت.
بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکی ئاماژەی بەوەشدا کە لە ئێستادا تەنیا بەڕێوەبەرایەتیان دەتوانێت بیمە بەڕێوەببات و یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگە نادەن لە ڕێگەی کۆمپانیاوە بکرێت. پلانیشمان هەر ئەوەیە کە هیچ کۆمپانیایەک نەهێنینە ناو پرۆسەکە، تەنیا لایەنی فەرمیی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت. جگە لەوە، ئێمە چەند بەرنامەیەکی ستراتیجیمان داناوە کە هەنگاو بە هەنگاو دەرئەنجامەکان دەردەکەون، وەک ئەم بیمەیە و ڕێکخستنەوەی شێوازی خانەنشینبوونی پزیشکی و کەمئەندامی سەنگەر. هەروەها دانانی پرۆگرامی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبەرایەتیان و بەشە پزیشکییەکان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



لە ڕێگەی سیستەمی ئەلیکترۆنی، دانانی پارامێدیک بۆ یەکەم جار لە عێراق بۆ پێگەیاندنی پێشمەرگە وەکو کارمەندی پزیشکی.

لە کۆتاییدا د. ڕەزا ئەوەشی گوت کە سیستەمی بیمەی تەندروستیی وەزارەتی پێشمەرگە سیستەمێکی دڵنیاییە بۆ هەر پێشمەرگەیەک تووشی نەخۆشی دەبێت و پێویستیی بە چارەسەری تەندروستی یان نەشتەرگەری دەبێت. لە نەخۆشخانە حکومی و تایبەتەکان چارەسەری بۆ دابین دەکرێت و ٧٠٪ی خەرجییەکانی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

د. ڕەزا ئیسماعیل ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە «ئەو پێشمەرگانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، لە ڕێگەی سیستەمی بیمەی تەندروستییەوە بەشێک لە چارەسەرەکانیان وەردەگرن. بەڵام ئەو پێشمەرگانەی کە بە هەر هۆکارێک ڕێگەپێدانیان نەبێت، لە ڕێگەی لیژنەی پزیشکییەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و تاکوو ٢٥٪ گەڕانەوەی خەرجی چارەسەرییەکەیان بۆ دەکرێت.»

بە گشتی سیستەمی بیمەی تەندروستیی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ خزمەتکردنی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگەیە و «لە داهاتوویەکی نزیکیشدا خزمەتگوزاریی بیمەی تەندروستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە فراوانتر دەکرێت، کە جگە لە خودی پێشمەرگە، خێزانەکەشی دەتوانێت لەو خزمەتگوزارییە سوودمەند بێت.»

44

# سەرژمێریی گشتی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی



● ئامادەکردنی: ئەحمەدی مەلاشێخ

**لە دنیای دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی دامەزراوەییدا، مەرجی سەرەکیی دابینکردنی ئاسایش و بەرەوپێشبردن گەشەکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگایە بەگشتی. بێگومان ئەوەش بەبێ بوونی ئامارێکی ورد بەدی نایەت، کە ئەوەشیان بە پرۆسەی سەرژمێری دەتوانرێت ئەو ئامارە دەست لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەوێت، بۆ دانانی پلانی ورد و دوورمەودا. سەرژمێریی گشتی بۆ چەندین ئامانج ئەنجام دەدرێت کە لەوانەیە زۆر جار ئامانجی سیاسیی نەخشەبۆکێشراوی لەپشتەوە بێت. لەم سۆنگەیەوە گۆڤاری پێشمەرگە بەدواداچوونێکی وردی بۆ ئەم بابەتە گرنگە کردووە و هەریەک لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سۆران کاکەڕەش عومەر، پسپۆڕی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی کۆیە و بەڕێز د. سەروەر حەمە ئەحمەد، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین دوێندراون.**

## گرنگیی سەرژمێریی

سەبارەت بە گرنگیی سەرژمێریی گشتی بۆ پایەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، د. سەروەر حەمە ئەحمەد ڕوونی کردەوە: پێیان وایە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، بنەمایەکی گرنگە لە پرۆسەی بڕیار و پلاندانان بۆ دەوڵەت و دامەزراوەکانی، بۆ نموونە لە ڕووی «پلانی ستراتیژی»یەوە، سەرژمێری یارمەتیی حکوومەتەکان دەدات بۆ دانانی پلانی درێژخایەن لە تەواوی سێکتەرە جیاوازەکاندا. هەروەها لە ڕووی «خزمەتگوزارییەکان»ەوە، سەرژمێریی گشتی هاوکاریی حکوومەت دەکات کە چ خزمەتگوزارییەک پێویستە بۆ کام ناوچە. ئەمە سەرباری ئەوەی «بواری ئابووری»یەوە بەرچاوڕوونیی تەواو دەدات بە دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسەر هێزی کاری ناوخۆیی، ئاستی بێکاری، دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک. هاوکات لە ڕووی «کۆمەڵایەتی»یەوە، پێکهاتەی دانیشتووان لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواریی و دابەشبوونی جوگرافی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت دەخاتە ڕوو. هەروەها داتای وردی سەرژمێری یارمەتیی حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی دەدات بۆ ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی کێشە تەندروستییەکان. بەگشتی دەکرێت بڵێین، پرۆسەی سەرژمێری یەکێکە لە کارە گرنگ و لەپێشینەکانی دەوڵەت، بەبێ سەرژمێریی ورد و باوەڕپێکراو، کار و پلانەکانی هەر حکوومەتێک ناکەونە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی ستراتیژییەوە.

هەر سەبارەت بە سەرژمێریی د. سۆران کاکەڕەش ڕوونیکردەوە: سەرژمێریی گشتی ئامرازێکی سەرەکییە بۆ سەرکردە سیاسی و ئیدارییەکان لە هەر وڵاتێکدا بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دانیشتووان و دابەشبوونی جوگرافی. هەروەها سەرژمێری یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی داتای ورد لەسەر ژمارە و دابەشبوونی دانیشتووان، ئەمەش بەشدارە لە پلاندانانی سیاسەتی حکوومەت بە شێوەیەکی کاراتر، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی و ژێرخانی ئابووری. لەگەڵ ئەوەشدا سەرژمێری توانای دەوڵەت بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەرز دەکاتەوە. هەروەها سەرژمێری بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی بە زانینی پێکهاتەی دیمۆگرافی لە بوارە تایبەتەکاندا، ئەمەش یارمەتیی دەوڵەت دەدات بڕیاری ستراتیژی بدات.

## ڕەهەندەکانی سەرژمێریی و ئاسایشی نەتەوەیی

دەربارەی ڕەهەندەکانی سەرژمێریی گشتی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی د. سۆران ڕوونی کردەوە: خۆی لەخۆیدا سەرژمێرییەکە ڕەهەندی گرنگی ئاسایشی نیشتمانیی هەیە، بەو پێیەی یارمەتیدەرە بۆ چاودێریکردنی دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتووان، ئەمەش وا دەکات حکوومەت بتوانێت لە جووڵە و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێبگات. بۆ نموونە، سەرژمێری دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە چڕیی دانیشتووانیان بەرزە یان ئەوانەی ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئەمنی بوونەتەوە، ئەمەش وا دەکات هێزە ئەمنییەکان بتوانن ئەو ناوچانە دەستنیشان بکەن و لە پۆلێنکردنی ئەرکەکانیاندا گرنگی زیاتری پێ بدەن، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە سەرژمێرییەکە ئاماژە بێت بۆ گۆڕانی دانیشتووان کە کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی سیاسی یان کۆمەڵایەتیی وڵات هەبێت.

هەروەها د. سۆران لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەیدا وتی: ڕەهەند و گرنگیی سەرژمێریی دانیشتووان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی سەرژمێرییەوە حکوومەتەکان دەتوانن «پێشبینیی ڕووداوی مەترسییەکان بکەن»، چونکە سەرژمێری هاوکاریی دەوڵەت دەکات لە دیاریکردنی ناوچە هەستیارەکان و ناسینەوەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان، لەگەڵ چاودێریکردنی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی. ئەمە سەرباری ئەوەی سەرژمێری هاوکاریی حکوومەتەکان دەکات لە دانانی «پلانی بەرگری» بۆ دابەشکردنی هێزەکانی ئاسایش بەپێی پێویستیی ناوچەکان و پاراستنی سنوورەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر. هاوکات سەرژمێریی گشتی ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی، پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵگا، پاراستنی سەقامگیریی ئابووری، دابینکردنی هەلی کار، کەمکردنەوەی هەژاری و دابینکردنی خزمەتگوزاریی دادپەروەرانە. چونکە بەرچاوڕوونیی تەواو لەم بوارانە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەدات. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانە پێیان وایە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان یارمەتیی حکوومەتەکان دەدات لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی ورد لە لایەک و پاراستنی نهێنیی زانیارییەکان و بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە لایەکی دیکەوە. بەگشتی ئەم پرسانەی خستمانە ڕوو هەموویان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، سەرژمێریش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دابینکردنی زانیاریی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و خزمەتگوزاریی دادپەروەرانە، چونکە بەرچاوڕوونیی تەواو لەم بوارانە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەدات. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانە پێیان وایە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان یارمەتیی حکوومەتەکان دەدات لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی ورد لە


د. سۆران کاکەڕەش

لایەک و پاراستنی نهێنیی زانیارییەکان و بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە لایەکی دیکەوە.

## کاریگەرییەکانی سەرژمێریی

سەبارەت بە سەرژمێریی گشتی و کاریگەرییە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی لە ئێستای عێراقدا، د. سۆران ڕوونی کردەوە: لە لایەنی ئەرێنییەوە سەرژمێرییەکە دەتوانێت وێنەیەکی ورد لە ژمارەی کورد و شوێنەکانیان بخاتە ڕوو، ئەمەش پێگەی کورد لە هەندێک ناوچەی عێراق و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەهێزتر دەکات. هەروەها دەتوانێت یارمەتیی کورد بدات بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتیی سیاسیی زیاتر و تەرخانکردنی دارایی هاوتا لەگەڵ قەبارەی دانیشتووانەکەی لە عێراق، بەڵام لە ڕووی نەرێنییەوە، ڕەنگە مەترسیی ئەوە هەبێت کە ئەنجامەکانی سەرژمێری بە شێوەیەک بەکار بهێنرێت کە ببێتە هۆی پەراوێزخستنی مافی کورد یان هەموارکردنەوەی سنوورە کارگێڕییەکان بە زیانی کورد، بەتایبەت ئەگەر هێزی سیاسی هەبن کە بیانەوێت سەرژمێری بقۆزنەوە بۆ گۆڕانکاریی دیمۆگرافیی یان

سنووردارکردنی فیدراڵیزمی کوردستان.

سەبارەت پرسی سەرژمێریی و دانیشتوانەوە د. سەروەر حەمە ئەحمەد بەم شێوەیە بۆمان دوا: بێگومان دڵنیابوونەوە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە رێگەی سەرژمێریی گشتییەوە، مەترسیی لەسەر هەرێمی کوردستان بەجێ دەهێڵێت، کە پێمان وایە دیارترین ئەو مەترسی و کاریگەرییە نەرێنییانەی سەرژمێری لەسەر هەرێمی کوردستان بریتین لە:
مەترسی لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی حکوومەتی فیدراڵی عێراق: دوای پرۆسەی سەرژمێری ژمارەی راستەقینەی دانیشتووانی پارێزگاکان دەردەکەوێت، بەمەش هەر پارێزگایەک بەشی داهات و بودجە و خەرجیی وەبەرهێنانی خۆی دەست دەکەوێت. زۆر جار لە حکوومەتی عێراقییەوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەبێت دابەشکردنی بودجە لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتووان بێت. بێگومان ئەگەر رێژەی دانیشتووان پێوەر بێت، ئەوا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتووان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و بەشە بودجەی هەرێم بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی بە بەراورد بە کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتووانی عێراق ساڵانە دەگۆڕێت، بۆیە دەبینین زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دانیشتووانی عێراق، لە ئایندەدا مەترسییەکی گەورەیە لەسەر کەمبوونەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەبێت.

هەروەها مەترسی لەسەر رێژەی نوێنەرایەتیی کورد لە بەغدا: سەرژمێریی دانیشتوان گرنگە بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەک لە برگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوور ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دیاری کردووە بە جۆرێک یەک کورسی نوێنەرایەتیی سەد هەزار کەس لە گەلی عێراق دەکات.
ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی رێژەی نوێنەرانی کورد بدەینەوە لە دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق پاش ساڵی ٢٠٠٣، ئەوا دەبینین لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق و لە پێنج خولی رابردووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، رێژەی نوێنەرانی کورد تێیاندا کەمتر نەبووە لە (١٨٪). بەڵام وای دەبینین لە خولەکانی داهاتوودا رێژەی کورد کەمتر بێتەوە، چونکە بە گوێرەی ماددەی (٤٩)ی دەستوور، دەبێت ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەپێی دانیشتووانی عێراق بەرز بێتەوە بۆ نزیکەی ٤٥٠ کورسی، لەو ژمارەیەش رێژەی نوێنەرانی کورد تێیدا کەم دەبێتەوە بۆ (١٤٪). بۆیە دەبینین دیسانەوە زیادبوونی نائاساییی ژمارەی دانیشتووانی عێراق مەترسییەکی راستەقینە لەسەر رێژەی نوێنەرانی کورد لە دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق لە خولەکانی داهاتوودا دروست دەکات.
سەبارەت بە مەترسی لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: دەبینین دۆسیەی خاک و سنوور لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق یەکێکە لە دۆسیە هەرە گرنگ و چارەسەرنەکراوەکان. لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق و، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ماددەی ٥٨ تایبەت بە ناوچە کێشەلەسەرەکان تەرخان کرا، دواتر لە دەستووری هەمیشەییی عێراق هەمان دۆسیە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ رێکخرا، ئەم ماددە دەستوورییەش بە یەکێک لەو ماددانە دادەنرێت کە مشتومڕێکی زۆری لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی دروست کردووە؛ بە جۆرێک کە تا ئێستا ئەم ماددەیە بە جێبەجێنەکراوی ماوەتەوە. حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتیی کورد، بەردەوام حکوومەتی فیدراڵیان بە سستی نواندن لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەم ماددە دەستوورییە ناو دەبەن، لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەتی عێراق و بەرپرسە باڵا و سەرکردە سیاسییە عەرەبەکان، دەیانویست هاوکێشە سیاسییەکان لەم دۆسیەدا بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و کۆتایی پێ بهێنن و نەگەڕانەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەنە دیفاکتۆ.

لە بەرامبەر ئەمەشدا حکوومەتی هەرێم نەیانتوانیوە سیاسەتێکی ورد و زانستییانە دابڕێژن و ستراتیژییەتێکی نەتەوەییی گرنگ لە دووبارە گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان پەیڕەو بکەن. من پێم وایە زیادبوونی دانیشتووانی پێکهاتەکانی عێراق جگە لە کورد، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کاریگەریی خراپ و مەترسیی جیددی لەسەر ئایندەی ئەم ناوچانە دروست دەکات، چونکە من گومانم نییە ئەگەر هات و زیادبوونەکە بە جۆرێک بوو کە گەرەنتیی بردنەوەی حکوومەتی فیدراڵی عێراق بکات لەو ناوچانەدا، ئەوا حکوومەتی بەغدا پەنا بۆ جێبەجێکردنی تەواوی قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراق دەبات کە بریتین لە قۆناغی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و راپرسی لەو ناوچانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان کە بە هۆی زۆریی ژمارەی دانیشتووانی پێکهاتەکانی ترەوە تێیدا جگە لە کورد، ئەمەش لە بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراق کۆتایی پێ دێت. بەگشتی ئێمە وای دەبینین کە یەکێکی تر لە گەورەترین کێشەکان کە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، بریتییە لە کەمیی ژمارەی دانیشتووانەکەی بە بەراورد بە زۆریی دانیشتووانی ناوچەکانی تری عێراق؛ ئەگەر بێت و بۆ هەموو حیسابێکی دارایی و ئابووری، یان هەر پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە هەرێم، لە لایەن بەغداوە بەپێی ژمارەی دانیشتووان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

سەبارەت بە سەرژمێریی گشتی،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت و خۆشی لە زیانەکانی بپارێزێت، بەڕێز د. سۆران کاکەڕەش بەم شێوەیە ڕوونکردنەوەی دا: هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لە سەرژمێرییەکە وەربگرێت بە دڵنیابوون لەوەی هەموو کوردەکان بە وردی سەرژمێر کراون، بەتایبەتی دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانە لە حکوومەتی فیدراڵی و دابینکردنی بودجەی پێویست، بەتایبەتی بۆ پاراستن یان زیادکردنی پشکی (١٧٪) ەکەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق، چونکە ئەم جارە دوای سەرژمێری چەسپاوتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بە زیان بشکێتەوە بۆ کورد، کار لە کار دەترازێت و گەڕانەوەش بۆ ئەو ڕێژەیە قورس دەبێت و چەندین ساڵی پێویست دەبێت، چونکە ئێستا بەپێی دەستوور بە عێراقەوە گرێدراوین، بۆیە ڕێژەی ڕاستەقینە زۆر گرنگە ئەگەر ژمارەی کورد ڕوو لە هەڵکشان بێت، بەڵام پێچەوانەکەی زۆر خراپ دەبێت، هەروەها هەرێمی کوردستان دەتوانێ چاودێریی میکانیزمی سەرژمێری بکات بۆ ئەوەی دەستکاری و ساختەکردنی داتاکان نەکرێت. هەرێم بۆ پاراستنی خۆی لە زیان لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، دەبێت هەماهەنگیی نێوان دامودەزگا ئەمنییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی سنوورەکان و دڵنیابوون لەوەی ئەنجامی سەرژمێرییەکان نەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی هەرێم.

## چۆن سود لە سەرژمێریی وەردەگیرێت

د. سەروەر حەمە ئەحمەد لەبارەی سەرژمێریی گشتی دانیشتوان وتی: لە ڕاستیدا ئەو پرۆسەیە دەتوانێت لە ئاستی ناوخۆییدا، یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات لە دانانی پلانی ستراتیژی لە تەواوی سێکتەرە جیاوازەکاندا سودی باشی لێ وەرگیرێت، هەر لە خزمەتگوزارییەکانەوە بگرە بۆ بوارەکانی ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و کەرتی خوێندن و هتد. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەش کە دەڵێت هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت خۆی لە زیانەکانی سەرژمێری بپارێزێت؟ من پێم وایە بۆ هەر یەکێک لەو مەترسییە جیددییانەی لە پرسیاری پێشوو ئاماژەمان پێدا، دەبێت کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگ و ستراتیژی بگرنە بەر، بۆ نموونە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتیی کورد لە بەغدا، دەبێت هەوڵی تەواو بدرێت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵی وەک ژووری دووەمی پەرلەمان لە سیستمی فیدراڵیی عێراقدا، چونکە ئەنجوومەنی فیدراڵی دڵنیایی دەدات لە بەشداریکردنی هەموو گرووپە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە پرۆسەی بڕیارداندا، بە دابینکردنی سەکۆیەک بۆ گفتوگۆی نوێنەرایەتییەکان، ڕێگە بە دەربڕینی تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان دەدات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە زاڵبوونی هەر پێکهاتەیەک بەسەر ئەوانی دیکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنی فیدراڵی ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێم و پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان لە عێراقدا، بەم شێوەیە بنەماکانی لامەرکەزی و فیدراڵیزم کە لە دەستووردا جێگیر کراون دەپارێزێت، جگە لەوەش ئەنجوومەن دەتوانێت نێوانگیری لە ململانێکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان بکات، ئەمەش هاوکاری و هاوسەنگی لە حوکمڕانیی وڵاتدا دەپارێزێت.

## پێشمەرگە و ئاسایشی نەتەوەیی

دەربارەی قۆناغی ئێستای ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەییان لە چ قۆناغێکدا دەبینن،



د. سەروەر حەمە ئەحمەد

د. سۆران کاکەڕەش وتی: لە ئێستادا ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە قۆناغێکی هەستیاردایە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات سەقامگیریی خۆی لە ژێر ڕۆشنایی ئاڵنگاریی ناوخۆیی و دەرەکیدا بپارێزێت، لە لایەک هەڕەشەی بەردەوام لە لایەن گرووپە چەکدارەکان لە ژێر ناوی جیاوازدا مانگانە و ساڵانە سەر هەڵدەدەنەوە و هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی فشاری سیاسیی حکوومەتی عێراق و هەندێک وڵاتی دراوسێ دەبێتەوە.

هەروەها ڕوونیکردەوە: سەرەڕای ئەمەش، هێزی پێشمەرگە توانیویەتی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت لە پاراستنی ئاسایشدا، بەڵام هێشتا پێویستی بە پەرەپێدان و هەماهەنگیی نێوان هێزە ئەمنییەکانی کورد و مۆدێرنکردنی ستراتیژی سەربازی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان، جگە لەوەش، بۆ ئاڵنگارییەکانی داهاتوو پێویستە لە کابینەی داهاتوودا یەک هێز و سوپای نیشتمانیی ڕاهێنراوی کوردی پێکبهێنرێت.

44

# خولە دەرەکییەکان،

## نوێکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکان وبە میتۆدکردنی پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: هیوا فاتیح

فۆتۆ: کاروان رەزا

**بەشی خولە دەرەکییەکان کار و ئەرکەکانی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییە لە وەزارەتی پێشمەرگە. ئەم بەشە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی مەشق و ئامادەکردنی پاڵێوراو بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات. بەردەوامین لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی کاروبارە کارگێڕییەکان بەمەبەستی ئامادەکردنی پاڵێوراوان بۆ ئەو خولانەی دەکرێنەوە لە دەرەوەی وڵات، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی بواری زانیستی و پرۆفیشناڵی و کارامەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.**

**لەم بارەیەوە گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی لەم ڕاپۆرتەدا کار و ئەرکەکانی بەشی خولە دەرەکییەکان لە زاری بەرپرسی بەش و ئەفسەرانی تایبەت بەم بەشە بخاتەڕوو.**

### ڕۆڵ و ئەرکەکان

عەمید هیوا ساڵح جەبار، بەڕێوەبەری بەشی خولە دەرەکییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی، ئاماژەی بە ڕۆڵ و ئەرکی بەشەکەیان کرد و گوتی: «بەشداریکردنی ئەفسەران و کارمەندان لەو خولانەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزکردنی توانایی جەستەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی سەربازیی و بەرەوپێشچوونی هێزی پێشمەرگە. لەبەرئەوەی بەشداربووانی خولە دەرەکییەکان لە وڵاتانی جیاواز زانیاری وەردەگرن لە زانستی سەربازیی سەردەم و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری سەربازیی ئاشنا دەبن.»

لەم پێناوەدا ئەرکی ئێمە لە بەشی خولە دەرەکییەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییە، لە چوارچێوەی پلانی مەشق و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، کاردەکەین لەسەر ئامادەکردنی ئەفسەران و کارمەندان لە یەکە و لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە. لەسەر ڕۆشنایی ڕێنمایی و فەرمانەکانی بەڕێوەبەری مەشقی سەربازیی، بەمەبەستی بەشداریی پێکردنیان لەو




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

44



عەمید هیوا ساڵح جەبار

خولانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە. ئامانجی ئەم خولانە لە دەرەوەی وڵات، زیاتر بەرەوپێشچوون و دەوڵەمەندبوونی هەگبەی زانیاری هێزی پێشمەرگەیە لە بواری سەربازیی.

## ڕۆڵی هاوپەیمانان لە پەرەپێدانی توانای سەربازیی پێشمەرگە

بەڕێوەبەری بەشی خولە دەرەکییەکان ئاماژەی بەوەشدا: «بۆ جێبەجێکردنی پلانی مەشقی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان، بەردەوام بە ڕاوێژ و پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، بەرنامەی چڕوپڕ دادەڕێژین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ئەفسەر و پێشمەرگە بەشداریی پێبکەین لە خولەکانی دەرەوەی وڵات. پێشنیاری ئەو خولانە دەکەین کە بۆ هێزی پێشمەرگە گرنگ و بەسودن. لەبەرئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە بواری مەشق و ڕاهێنان هەنگاوی باشیان ناوە تاوەکو سود لە زانستی سەربازیی سەردەم و ئەو پێشکەوتنانە وەربگیرێت کە لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە دێنە ئاراوە. بەو واتایەی بەشێکی زۆر لەو پلان و بەرنامانەی بۆ مەشق دادەنرێت ستانداردی جیهانین. بۆیە هەموو توانامان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی پێشمەرگە توانا سەربازییەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێزتر بکەن و هەوڵ دەدەین پێشمەرگە بە باشترین شێوە بەشداریی خولی مەشق و ڕاهێنان لە دەرەوەی وڵات بکات.»

**«بەشداریکردنی ئەفسەران و کارمەندان لەو خولانەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزکردنی توانایی جەستەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی سەربازیی و بەرەوپێشچوونی هێزی پێشمەرگە.»**

## مەرج و تایبەتمەندییەکان

ئەوەیشی خستەڕوو: «مەرج و تایبەتمەندییەکانی هەر پاڵێوراوێک بەندە بەو ڕێنماییانەی ئەو وڵاتەی کە خولەکانی تێدا دەکرێتەوە. مەرجە سەرەکییەکانیش ئاستی زمان و پسپۆڕی و توانایی جەستەییە. دواتر لە سەنتەری زمان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی تاقیکردنەوەی پێدەکرێت و پاشان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند کە ئەندامەکانی پێک هاتوون لە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی و بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری پێشمەرگە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دوای تەواوکردنی ئەم ڕێکار و ڕێنماییانە، نووسراوی بۆ بەرزدەکرێتەوە بە مەبەستی دەرچوونی فەرمانی سەفەرکردن و بەشداریکردن لە خولەکانی دەرەوەی وڵات.»

## وڵاتانی میوانداری خولەکانی دەرەوە

بەڕێوەبەری خولە دەرەکییەکان ئاماژەی بەو وڵاتانەدا کە زۆرترین خولی تێدا بەڕێوەدەچێت و گوتی: «ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە، وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ وڵاتانی هاوپەیمانان



موقەدەم کاروان کەنعان

بەشێوەیەکی گشتی، هەمیشە پاڵپشت و هاریکار بوون لە پەرەپێدانی توانای جەستەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پێشمەرگە. ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین خولەکانیان تیایدا دەکرێتەوە بۆ پێشمەرگە بریتین لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا). بەڕێوەچوونی خولەکانیش بەشێوەی خولی درێژخایەن و خولی کورتخایەنن. خولی کورتخایەن وەك خولی لۆجستی، پزیشکی، چەکی دۆشکە، چەکی میلان، ئامێری تەکنەلۆجی، کیمیاوی، سەربازی و هتد... خولی درێژخایەن و ستراتیجی وەک خولی کۆلێژی سەربازیی، کۆلێژی جەنگی و کۆلێژی ئەرکان. ئەفسەرانی بەشداربوو پاش کۆتایی هێنانی ئەم خولانە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێدەبەخشرێت.»

## پرۆسەی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی پاڵێوراوان بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات

سەبارەت بە چۆنیەتی کاندیدکردنی ئەفسەران و کارمەندان بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات، موقەدەم کاروان کەنعان شێخان، ئەفسەری ڕوکنی بەشی خولە دەرەکییەکان، بەوردی باسی لە چۆنیەتی کاندیدکردنی پاڵێوراو و ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە لە خولەکانی دەرەوەی وڵات کرد و گوتی: «هێزەکانی هاوپەیمانان بەپێی پلانی مەشق و پێویستی خولەکان، بە

44



ڕائید عەلی ساڵح

هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیان، جۆری خول و ژمارەی بەشداربووان بە ئیمەیل بۆمان دەنێرن. بەپێی پسپۆڕی خولەکان گشتاندن دەکرێت بۆ یەکەکان بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کاندیدی گونجاو بۆ خولی دیاریکراو. دواتر ڕێکارە یاسایی و ئیدارییەکان، کاندید بەشداردەبێت لە خولەکە.»

ئاماژەی بەوەشدا تاوەکو ئێستا بە سەدان ئەفسەری پێشمەرگە بەشداربوون لە خولەکانی دەرەوەی وڵات. بەشداربوو لەو ماوەیەی کە لە دەرەوەی وڵاتە، وەزارەتی پێشمەرگە خەرجی ڕۆژانە و مانەوەی لە ئەستۆ دەگرێت.

## ئەو خولانەی جێگەی بایەخ و گرنگ و پێویستن بۆ هێزی پێشمەرگە

دەربارەی ئەو خولانەی کە بایەخ و گرنگییان زۆرە بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەفسەری ڕوکنی بەشی خولە دەرەکییەکان ئاماژەی بەوەدا: «خولەکانی فەرماندەیی فەسیل زۆر گرنگە بەلای ئێمەوە لەبەرئەوەی سودی هەیە بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە نوێن و دەرچووی کۆلێژی سەربازین. لەبەرئەوەی دەبنە بناغەیەکی بەهێز بۆ هێزی پێشمەرگە لە ڕووی دیسپلینی سەربازی. جگە لەوەش، کردنەوەی خولەکانی (ئەرکان و کۆلێژی جەنگی) گرنگ و پێویستن چونکە سودی گشتی هەیە لە زانیاری و تەکنیکی سەربازی بۆ ئەفسەرانی پێشمەرگە.»

## پرۆسەی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی بەشداربووان

ڕائید عەلی ساڵح عەبدولواحید، بەڕێوەبەری هۆبە لە بەشی خولە دەرەکییەکان، لە بارەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەشداربووان لە خولەکانی دەرەوەی وڵات گوتی: «پرۆسەی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی بەشداربووان لە کاتی بەڕێوەچوونی خولەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتی مێوانداری خولەکان دەکرێت کە سەرپەرشتی خولەکە دەکەن. لەڕێگەی ئیمەیلەوە ئاگادارمان دەکەنەوە لە هەڵسەنگاندن و چۆنیەتی ئامادەبوونی بەشداربوو لە خولەکە. ئێمەش لای خۆمانەوە وردەکاری بەشداربوو و چاودێریکردنی پرۆسەی ڕاهێنان و بەدواداچوونی بەشداربووان، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستی سوودمەندبوونیان لە خولەکان بە ڕاپۆرتێك بە تەواوی وردەکارییەوە بەرزدەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمان.»

## گواستنەوەی زانیاری و ئەزموونی خولەکان

لەبارەی ئەو بەشداربووانەی دوای تەواوکردنیان لە خولەکان چۆن دەتوانرێت سود و ئەزموونەکانیان بگەیەنن بە هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەکی گشتی، ئاماژەی بەوەدا: «بەشی خولە دەرەکیەکان بەرپرسە لە ئامادەکردنی پاڵێوراو بۆ خولەکانی دەرەوە. دوای گشت ڕێکارەکان، دۆسییەیەکی تایبەت دەکەینەوە بۆ بەشداربووەکان و گشت پێداویستیەکانیان لە ڕووی ئیدارییەوە ئامادە دەکەین. دوای گەڕانەوەی بەشداربووان لە خولەکانی دەرەوەی وڵات، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی پلان و مەشقی ناوخۆ، پێشنیار دەکەین بۆ کردنەوەی خول بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزی پێشمەرگە لە گشت یەکەکان بە سەرپەرشتی ئەو ئەفسەرانەی کە بەشداربوون لە خولەکانی دەرەوەی وڵات، بۆ گەیاندنی زانیارییەکانیان بۆ هێزی پێشمەرگە.»

## ئامانج و کاریگەری

شایەنی باسە بەشی خولە دەرەکییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان بەشداربووانی خولەکان و وڵاتانی میواندار بۆ خولەکان. ئامانجیان پەرەپێدانی توانا و زانستی سەربازیی هێزی پێشمەرگەیە. لە ڕێگەی هێزەکانی هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا، بوونەتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی توانایی جەستەیی و هزری. جگە لەوەش ئەم بەشە کاروبارە کارگێڕییەکانی لە ئەستۆیە. ئەم هەوڵانە نەك تەنها ئاستی پرۆفیشناڵی و کارامەیی تاکەکان بەرز دەکاتەوە، بەڵکو بە گشتی توانای سەربازیی هێزی پێشمەرگە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێز دەکات، کە ئەمەش بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەروازەیەك بۆ ، شرۆڤەی ڕووداوەکان



# دۆسیەی ژمارە

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵنگاری و پێشهاتەکان

ئەم دۆسییەیە گرنگی دەدات بە شرۆڤەی سەربازیی و بابەتە ستراتیژییەکان، لە ڕێگەی نوسەران و پسپۆڕانەوە، هەوڵێکە بۆ شیکاری روداو و پێشهاتە سەربازییەکان و بەیوەندی کۆی روداوەکان بە پێشمەرگە و دۆزی کورد، ئەمەش وەك یاریدەدەرێك بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ناوچەکە.

- گرنگیی ئەزموونی سەرکەوتووی هێزە سەربازییەکانی جیهان بۆ پێشمەرگە
- ململانێ سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری نوێدا
- پێگەی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە هاوکێشەکاندا

44



# گرنگیی ئەزموونی سەرکەوتووی هێزە سەربازییەکانی جیهان بۆ پێشمەرگە

● لیوا سمکۆ بڵباس

لە سەردەمی پەرەسەندنی بەرەنگارییە ئەمنی و گۆڕانە جیۆپۆلیتیکییە ئاڵۆزەکاندا، پێویستی هێزە سەربازییەکان بۆ خۆگونجاندن و فێربوون و داهێنان لە جاران زیاترە. پێشمەرگە وەک بڕبڕەی پشتی بەرگری هەرێمی کوردستان، بەدرێژایی دەیان ساڵ خۆڕاگری و ئازایەتی خۆی نیشانداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شەڕی مۆدێرن زیاتر پشت بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و بیرکردنەوەی ستراتیژی و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دەبەستێت، پێشمەرگە دەتوانێت لە خوێندنەوە و گونجاندنی وانەی هێزە سەربازییە سەرکەوتووەکان لە سەرانسەری جیهاندا سودمەند ببێت. لێرەدا چاوێک دەخشێنین بە ستراتیژ و تاکتیک و پێشکەوتنە سەربازییەکان کە هێزە جیهانییەکان ئەزموونیان کردووە، هەروەها ئێمەش چۆن دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی پێشمەرگە.

## بۆچی ئەم بابەتە گرنگە؟

هەموو هێزێکی سەربازی لە هەلومەرجێکی تایبەت بەخۆیدا کاردەکات، کە بەهۆی جوگرافیا و مێژوو و بارودۆخە سیاسییەکەیەوە لە قاڵب دەدرێت، بەڵام زۆرێک لەو ئاڵەنگارییانەی کە ڕووبەڕووی سەربازەکان دەبنەوە لە سەرانسەری جیهاندا، وەک بەرەنگاربوونەوەی پارتیزانی، ئاسایشی سنوورەکان و پاراستنی خەڵکی مەدەنی ئاڵەنگاری هاوبەشن. پێشمەرگە بە خوێندنەوەی ئەزموونی هێزە چەکدارەکانی دیکە، دەتوانێت ستراتیژی و پراکتیزەیەک دەستنیشان بکات کە لەگەڵ ئامانجە ئۆپەراسیۆنی و ستراتیژییەکانی خۆیدا بگونجێت. گرنگە بزانین فێربوون لە هێزە جیهانییەکانەوە پەیوەندی بە تەقلیدکردنەوە و لاسایی کردنەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە وەرگرتنی ئەزموونی هێزە سەرکەوتووەکان و خۆگونجاندنەوە هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە ناوخۆییەکانی پێشمەرگە.

## چەند ئەزموونێکی سەربازیی سەرکەوتوو

چەندین لایەن و بواری جیاوازی ئەزموونی هەن لە جیهانی سەربازیدا، کە دەکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی هێزەکانی پێشمەرگە سودیان لێببینین، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین لایەنەکان دەکەین:

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## یەکگرتوویی لە زنجیرەی فەرماندەییدا

یەکێک لە خاڵە نەرێنییە مێژووییەکانی پێشمەرگە بریتی بووە لە پەرتەوازەیی لەناو زنجیرەی فەرماندەییدا، کە زۆرجار لەژێر کاریگەری دابەشبوون و ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستاندا بووە. لەلایەکی ترەوە هێزێکی وەکو هاوپەیمانی ناتۆ هەمیشە بە فەرماندەییەکی ناوەندی یەکگرتوو بەناوبانگ بووە سەرەڕای هەموو هێزە جیاوازەکانی ناوی. ئەزموونی ناتۆ مۆدێل و نموونەیەکی شایستە و سەرکەوتوو بۆ شێوازی زاڵبوون بەسەر ئەم پەرتەوازەییەدا پیشان دەدات. پێکهاتەی ناتۆ هەموو هێزە ئەندامەکان دەخاتە ژێر ئاڵای یەک ستراتیژی یەکگرتوو، لەکاتێکدا هێزە ئەندامەکان لە پاشخانی سیاسی و کولتووری و نەتەوەیی جۆراوجۆریشەوە هاتوون. سود وەرگرتن لە شێوازی یەکخستن و سیستەمی فەرماندەیی ناتۆ لەپاڵ هەبوونی ویستی سیاسیدا، دەتوانێت دامەزراندنی سیستەمێکی فەرماندەیی ناوەندی و هەماهەنگییەکی باشتر بۆ پێشمەرگە ئاسانتر بکات. بڕیاردان ڕێکدەخات و کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکان بەرزتر دەکاتەوە. ئەمەش پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و پابەندبوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت، بەڵام بێگومان سوودەکانی هێزێکی یەکگرتووتر حاشا هەڵنەگرن.

## ئاوێتەبوون بە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن

دەتوانین چەندین نموونە و ئەزموونی سەرکەوتووی سەربازی بهێنینەوە، بەوەی چۆن هێزێکی سەربازی بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن توانیوویەتی لاسەنگی هێز لەدژی بەرامبەرەکەی پارسەنگ بکاتەوە. بۆ نزیکترین نموونە دەتوانین سوپای ئازەربایجان وەربگرین. کاتێک لەدوای ساڵانێکی زۆر لە شکستی گەورەی سەربازی بەرامبەر سوپای ئەرمینیا و لەدەستدانی خاکێکی زۆر کە لەساڵانی ١٩٨٨ بۆ ١٩٩٤ تووشی هاتن، پاشان دووبارە لە ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١٦ هەوڵەکانیان بەرامبەر سوپای ئەرمینیا بۆ گرتنەوەی خاکی ناگۆرنۆ-قەرەباغ شکستی هێنا. لەدوای ئەم شکستانە حکومەتی ئازەربایجان دەستیانکرد بە پرۆسەیەکی گەورەی بەمۆدێرنکردنی سوپاکەیان و چەندین ئەزموون و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی سەربازیان بۆ وڵاتەکەیان گواستەوە، دواتر بەسود وەرگرتن لەو ئەزموون و تەکنۆلۆژیا نوێیانە توانیان بەئاسانی و بە قوربانییەکی زۆر کەمتر لە جاران لە جەنگی دووەمی قەرەباغدا لەساڵی ٢٠٢٠ لەماوەی تەنها ٤٤ ڕۆژدا بەسەر مۆتەکەی نەبەزینی سوپای ئەرمینیادا سەربکەون و خاکی قەرەباغ کۆنترۆڵ بکەنەوە. پێشمەرگە بەخوێندنەوەی ئەزموونی سوپای ئازەربایجان دەتوانێت هێزێکی سەربازی پێشکەوتووتر و پیشەیی و کاریگەرتر لە ڕووی تەکنۆلۆژی و بەڕێوەبردنەوە دروست بکات. تێکەڵکردنی ئەم وانانە لەگەڵ خاڵە بەهێزەکانی تر، دەبێتە هۆی ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر وەڵامی هەڕەشە مۆدێرنەکان بداتەوە. لێرەدا ئازەربایجان تەنها نموونەیەکە لەناو چەندین نموونەی سەرکەوتووی تردا کە لەڕووی سەربازییەوە دەتوانین سودی لێوەربگرین تەنانەت بەبێ ئەوەی دەستکاری ستراتیژ و دیدگای سیاسەتی دەرەوەمان بکەین.

## خۆگونجاندن و خۆڕاگری هێزی پیادە

گرنگیدانی سوپای بەریتانیا بە تاکتیکی یەکە بچووکەکان، وای لێدەکات بە شێوەیەکی کاریگەر لە ژینگەیەکی بەرفراواندا چالاک بن هەر لە ناوەندەکانی شارەوە تا ناوچە جوگرافییە سەخت و دژوارەکان. ئەم ڕێبازە تەرکیز دەخاتە

**. «پێشمەرگە وەک بڕبڕەی پشتی بەرگری هەرێمی کوردستان، بەدرێژایی دەیان ساڵ خۆڕاگری و ئازایەتی خۆی نیشانداوە»**

سەر گرنگی ڕاهێنانی یەکە سەربازییە بچووکەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بیربکەنەوە تا خۆیان لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکاندا بگونجێنن و ئەرکەکان بە کەمترین ماوە و زۆرترین کاریگەری ئەنجام بدەن. یاخود وڵاتێکی وەکو ئیستۆنیا، لەشکرێکی گەورەی لە یەکەی بچووک بچووک دروست کردووە، کە خاوەنی توانایەکی زۆر باشن لە جوڵە و خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەوا و ژینگە و ناوچەی جوگرافی دژوار و جۆراوجۆردا. ئەم هێزە بچووکە پیشەییانە دەتوانن بەخێرایی لەناو ژینگە جۆراوجۆرەکاندا هاتووچۆ بکەن و زیانی گەورە لە پێشڕەوی سوپای بەرامبەر بدەن، ئەمەش قەرەبووی نەبوونی سوپایەکی زەبەلاحی زەمینی بۆ کردوونەتەوە. هێزەکانی پێشمەرگەش کە لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچە شاری و دەشتەکی و زووڕگەکاندا چالاکی ئەنجامداوە و شەڕی سەرکەوتوویان هەبووە، دەتوانێت بە گرتنەبەری تاکتیکی هاوشێوەی ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو تواناکانی خۆی بەرزتر بکاتەوە.

## بەرگرتن لە هەڕەشە لەناکاوەکان

مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە نوێ و لەپڕەکان، ئەزموون و وزەیەکی گەورەی دەوێت تابتوانین لەماوەیەکی دیاریکراوی زۆر کەمدا بەسەر هەڕەشەیەکی لەناکاو پەیدابوودا زاڵ ببین و نیشتیمانەکەمان بپارێزین. ئەم لایەنە جیاوازە لە ڕیفۆرم و بەمۆدێرنکردنی درێژمەودا و ستراتیژی،

چونکە پێویستە لە کاتێکی زۆر کەمدا بەسەر هەڕەشەیەکی لەپڕەدرکەوتوودا زاڵ ببیت هەروەک نموونەی هاتنی داعش بۆ عێراق و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان. هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەو لایەنەیان پیشاندا کە چۆن هێزێکی ئامادەنەبووی وەک پێشمەرگە بەری لە هێرشی هێزێکی گەورە و ئامادە و پرچەکی وەک داعش گرت، بەڵام لەو پێناوەدا قوربانییەکی زۆرماندا. بۆیە لێرەدا سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە نوێییەکان زۆر گرنگە بۆ ئێمە تا بتوانین لە قۆناغێکی تردا نموونەیەکی سەرکەوتوتر پێشکەش بکەین.

## کاری هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان

نموونەی ئەو وڵاتانە زۆرن کە سوودی گەورەیان لە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان وەرگرتووە بۆ پێشخستنی سوپای وڵاتەکەیان. تەنانەت سوپای چەندین وڵاتی سەربەخۆ هەن کە لە بنەڕەتدا لەلایەن هاوپەیمانەکانیانەوە ڕاهێنانیان پێکراوە و دروست کراون، لەوانە سوپای عێراق کە لەلایەن بەریتانیاوە بەردی بناغەی دانرا. یاخود وڵاتی ئۆکرانیا کە بەپێ هەڵگرتنەوەی ڕێنمایی و ئەزموونەکانی ئەمریکا و بەریتانیای هاوپەیمانی دەستیانکرد بە نوێکردنەوەی سوپاکەیان، تەنانەت تا ئاستی گۆڕینی عەقیدە و ستراتیژی سەربازیشیان لە سیستەمی سۆڤیەتییەوە بۆ سیستەمی ناتۆ. بۆ هێزەکانی پێشمەرگەش زۆر گرنگە کاری پێکەوەیی و هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان زیاتر بکەین و سوود لە ئەزموونی مێژوویی و دەوڵەمەندی ئەوان وەربگرین، هەروەها بیانگونجێنین لەگەڵ شێواز و ژینگەی خۆماندا.

## چۆن ئەزموونی وڵاتان بخەینە خزمەتی پێشمەرگەوە؟

گونجاندنی ئەم ئەزموون و وانانە پێویستی بە وردبینییەکی تایبەت هەیە لە چوارچێوەی ژێرخان و ژینگەی تایبەتی کوردستان. بێگومان ڕاستە تەکنۆلۆژیا و ستراتیژ و ئەزموونی وڵاتانی دەرەوە دەتوانن سوودبەخش بن، بەڵام دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێنەوە کە لەگەڵ پێداویستی و سەرچاوە تایبەتەکانی پێشمەرگەدا بگونجێت. سەرەڕای ئەوەش، جێبەجێکردنی ئەم گۆڕانکاریانە پێویستی بە ئیرادەی سیاسی بەهێز و بودجەی گونجاو و پشتیوانی بەردەوامی هاوپەیمانەکانمان هەیە. لەپاڵ ئەوەشدا ڕاهێنان بەردی بناغەی هەر هێزێکی سەربازی سەرکەوتووە، چونکە بە وەبەرهێنان لە پرۆگرامە پێشکەوتووەکانی مەشق و ڕاهێنانی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان، دڵنیا دەبینەوە لەوەی پێشمەرگە بەو زانیاری و لێهاتووییانەی کە پێویستن بۆ شەڕی هاوچەرخ ئامادەکراون. زۆر گرنگە ئەوەشمان لەبیر نەچێت مۆدێرنکردنی پێشمەرگە هەر تەنها نوێکردنەوەی ئامێرەکان نییە، بەڵکو باشترکردنی ژێرخانی وەک ناوەندەکانی فەرماندەیی و لۆجیستی و تۆڕەکانی پەیوەندی و ڕێکخستن و پێشخستن و زیاترکردنی مەشق و ڕاهێنانەکان، بە قەد چەک و ئامێرە مۆدێرنەکان کاریگەری هەیە بۆ دروستکردنی هێزێکی کاراتر و بەهێزتر.

## دەرەنجام و پێشنیارەکان

دوای ئەوەی لە گرنگی ئەزموونی وڵاتان بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی پێشمەرگە تێگەیشتین، بە پێویستییەکی حەتمی دەزانم ناوەند یاخود دامەزراوەیەکی تایبەت لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا دروست بکرێت بۆ گرنگیدان بەم بابەتە. پێشنیار دەکەم ناوەندێکی نوێ لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و خوێندەوار دروست بکرێت، بودجەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت تا بەردەوام خوێندنەوە و شیکاری بۆ ئەزموونی سەربازی و ئاسایشی نیشتیمانی سەرکەوتووی وڵاتان بکەن. ئەم ئەزموونە سەرکەوتووانە بگوازنەوە بۆ کوردستان و بیگونجێنین لەگەڵ پێویستی و دۆخی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەدا، هەروەها ڕاپۆرتی تایبەت بداتە دەست جەنابی وەزیری پێشمەرگە و ئەمینداری گشتی و سەرۆک ئەرکان بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکان و شێوازەکانی جێبەجێکردنی لەناو پێشمەرگەدا. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ناوەندە نوێیە دەتوانێت سوود لە هەماهەنگی هاوپەیمانان وەربگرێت و وا دەکات ئاسانتر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی هاوپەیمانان بەدەستی وەزارەتی پێشمەرگە بگات، هەروەها دەتوانێت هاوپەیمانانیش لە ئاستەنگەکانی پێشمەرگە لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانیان ئاگادار بکاتەوە و لێتێگەیشتنێکی زیاتر لەنێوان وەزارەت و هاوپەیمانان دروست دەکات.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ململانێ سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکەوتەکانی

ڕاپۆرتی شیکاری: هیوا بەرزنجی

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ململانێ سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو لە پەرەسەندن دەکەن، هێرشەکەی ٧ـی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ـی چەکدارانی «بزووتنەوەی حەماس» بۆ سەر ئیسرائیل، بووە دەستپێکی جەنگێکی نادیار لە ناوچەکەدا و پەلیهاویشت بۆ وڵاتانی دیکەش، بەجۆرێك زیاتر لە ساڵێکە ناوچەکە کەوتۆتە نێو ئاگرێکی گەورە و بێ ئامانەوە، گەرچی چەندین هەوڵی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ئارادان بۆ کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکە و وەستاندنی جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا، بەڵام تائێستا هیچ هیوایەك بەدی ناکرێت، ئەمەش لەکاتێکدایە بە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترامپ، وەکو (٤٧)مین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەگەری پەلکێشانی جەنگەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ئێران و عێراق بەتایبەتی زیاتر بووە، هاوکات تادێت گرژی و پێکدادانی سەربازی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا ڕوو لە هەڵکشان دەکات.

## هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و لێکەوتەکانی

لەکاتێکدا هەموو چاوەکان لەسەر ڕاگرتنی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بوون، بەڵام لەناکاو جەنگێکی نوێ ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، ئەمەش هاوکێشەکەی بە تەواوەتی گۆڕی. ڕۆژی ٧ـی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، دەیان چەکداری «بزووتنەوەی حەماس»ـی فەڵەستینی، هێرشیان کردە سەر ئاهەنگێکی مەدەنی لە قووڵایی خاکی ئیسرائیل، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە هەزار و (٢٠٠) هاوڵاتی مەدەنی و بەدیلگرتنی (٢٥١) کەسی دیکە، ئەمەش بووە دەستپێکی هێرشێکی فراوانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و ڕاگەیاندنی «جەنگ» دژی چەکدارانی حەماس، کە تائێستا بەردەوامی هەیە.

]بەپێی داتا فەرمییەکان، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سەربازانی سوپای ئیسرائیل زیاتر لە (٤٠) هەزار ئامانجیان لە کەرتی غەززە پێکاوە، هەروەها چوار هەزار و (٧٠٠) تونێلیان دۆزیوەتەوە و هەزار پێگەی تەقاندنی مووشەکیان خاپوور کردووە. بەهۆی جەنگەکەوە زیاتر لە (٧٢٦) سەربازی ئیسرائیلی کوژراون و چوار هەزار و (٥٧٦) سەربازیش بریندار بوون، لە بەرانبەردا بە گوتەی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی کەرتی غەززە، تائێستا زیاتر لە (٤٢) هەزار و (٨٤٥) فەڵەستینی کوژراون و (٧٥) هەزار و (٣٩٢) کەسیشیان بریندار بوون، و لە نێویاندا سەدان چەکداری حەماس بوونیان هەیە، لەوانەش ئیسماعیل هەنیيە و یەحیا سنوار، کەسانی یەکەمی بزووتنەوەی حەماس. هاوکات بەگوێرەی نوێترین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی دانیشتوانی غەززە بەر لە جەنگەکە دوو ملیۆن کەس بووە، بەڵام تا نووکە لەو ڕێژەیە ٩٠٪یان ئاوارە و پەنابەر بوون.

]لە ڕووی داراییەوە، سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەدەن بەهۆی جەنگەکەوە زیاتر لە ٨٦٪ـی کەرتی غەززە و ژێرخانەکەی وێران بوون، هەروەها (٣٥) ملیار دۆلار زیان بە ژێرخانی کەرتەکە کەوتووە، لە بەرانبەردا زیانی زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلار بە ژێرخانی ئابووری ئیسرائیل کەوتووە، هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی بلومبێرگ، هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە، ئەمریکا یەك لەسەر سێی کۆی تێچووی جەنگی ئیسرائیلی لە غەززە لە ئەستۆ گرتووە، کە ڕۆژانە (٢٦٠) ملیۆن دۆلارە، بەمەش ئیسرائیل زیانی زیاتر لە (١٠٥) ملیار دۆلاری بەرکەوتووە تەنیا لە بواری تێچووی سەربازییدا.

]جەنگەکە بەردەوامی هەیە، ئەمەش وادەکات لێکەوتە سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ سەر ناوچەکە درێژخایەن بێت، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل و فراوانکردنی سنوورە جوگرافییەکەی بۆتە گەورەترین دەستکەوتی ئەم جەنگە بۆ گەل و حکومەتی ئیسرائیل، لە بەرانبەردا زیانەکانی حەماس و فەڵەستینییەکان تادێت زیاتر دەبێ و لێکەوتەکانی بۆ دەیان ساڵی دیکە لەسەر ناوچەکە بەردەوامی دەبێت.

## جەنگی ئیسرائیل – حزبوڵڵا

دوای نزیکەی ساڵێك لە جەنگی نێوان ئیسرائیل - حەماس، وەکو وەڵامێك بۆ هێرشە بەردەوامەکانی حزبوڵڵا بۆ سەر خاکەکەی، ڕۆژی ١ـی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، سوپای ئیسرائیل بە فەرمی ڕاگەیاندنی هێرشێکی فراوانی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر لوبنان و چەکدارانی حزبوڵڵا لە باشووری ئەو وڵاتە بە ئاگاداری پێشوەختەی ئەمریکا ڕاگەیاند. ئەمەش بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس لە هەردووولا. بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی تەندروستی لوبنان بەهۆی جەنگەکەوە زیاتر لە سێ هەزار و (١٣٦) کەس لەو وڵاتەدا کوژراون، هاوکات (١٣) هەزار و (٨٧٩) کەسی دیکەش بریندار بوون، لە نێویاندا سەدان


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## جەنگەکە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئیسرائیلە، ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی (حەماس، حزبوڵڵا، حووسییەکان و گرووپە وەلائییەکان) بەشدارە

چەکداری حزبوڵڵا بوونیان هەیە، لە بەرانبەردا دەیان سەرباز و هاوڵاتی ئیسرائیلی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەکان و هێرشەکانی حزبوڵڵا کوژراو و بریندار بوون.

ئەمە لە کاتێکدایە ڕۆژی ٢٧ـی ئەیلوولی ٢٠٢٤، ئیسرائیل هێرشێکی گەورەی بۆ سەر چەند بارەگایەکی حزبوڵڵا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ئەنجامدا، تێیدا حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتی حزبوڵڵا و چەند سەرکردەیەکی دیکەی ئەو گرووپە کوژران، هەروەها دوای چەند ڕۆژێك سوپای ئیسرائیل کوژرانی هاشم سەفیەدین، جێگرەوەی حەسەن نەسروڵڵای ڕاگەیاند، ئەمەش وایکرد جەنگی نێوان هەردوولا بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو بنێت و تائێستا بەردەوامی هەیە.

### بەشداری ئێران لە جەنگەکەدا

ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە جێگەی ململانێی زلهێزەکانی جیهان و نەخشەی هاوسەنگی و دروستکردنی سیستەمێکی نوێی جیهان دەکێشن، هێزە هەرێمایەتییە سەرەکییەکان دەیانەوێت پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیان بکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

لەمروانگەوە ئەوەی دەبینرێت، ئەو جەنگەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵای هاوپەیمانی ئێران «بەرەی مقاوەمە» ڕوودەدات، جەنگێکی کراوەی نێوان ئێران و ئیسرائیلە، بەڵام تائێستا ئێران بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداری نەکردووە، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی (حەماس لە فەلەستین و حزبوڵڵا لە لوبنان) بەشێوەی ڕاستەوخۆ، حووسییەکان لە یەمەن و گرووپە وەلائییەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق و سووریا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەشدارە.

گەرچی تا هەنووکە ئێران وەکو وەڵامێك بۆ کوژرانی ئیسماعیل هەنییە لەسەر خاکەکەی (تاران) و کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا لە بەیروت، دوو جار هێرشی مووشەکی و درۆنی سنوورداری کردۆتە سەر ئیسرائیل، هاوکات تەلئەبیب-یش وەڵامی داوەتەوە، بەڵام بەرپرسانی تاران جەختلەوە دەکەنەوە نایانەوێت بچنە نێو جەنگەکە، بەڵکو تەنیا لە کاتی هێرش بۆ سەر خاکی وڵاتەکەیان وەڵامی ئیسرائیل دەدەنەوە، ئەمەش وایکردووە لەم قۆناغەدا جەنگەکە تەنیا لە سنووری وڵاتانی ئیسرائیل - لوبنان - فەلەستین، بمێنێتەوە، هەروەها بەهۆی گەڕانەوەی ترامپ بۆ سەر دەسەڵات چاوەڕوان ناکرێت ئێران هێرشی زیاتر بکاتە سەر ئیسرائیل، چونکە دەزانێت کە ترامپ پشتیوانییەکی بەهێزی ئیسرائیل و هاوڕێیەکی نزیکی نەتانیاهۆیە، لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەوا ئەمریکا گەر خۆشی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبێت لە هێرشکردنە سەر تاران، ئەوا دەستی تەلئەبیب ئاواڵا دەکات.

### گەڕانەوەی ترامپ و لێکەوتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ بەسەر ڕکابەرەکەی کاماڵا هاریس، لە هەڵبژاردنی ٥ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ و هەڵبژاردنی ترامپ وەکو (٤٧)مین سەرۆکی ئەمریکا، چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانکاری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبدات، بەجۆرێك ئەم جەنگە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل بەکۆتا بێت، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ترامپ، بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە غەززە و دەرەوەی غەززە دەستکراوەتر بکات، چونکە پێشتر ترامپ پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەماس لە غەززە دەربڕیوە، بەجۆرێك ترامپ، نەتانیاهۆی ئاگادار کردۆتەوە کە چاوەڕوانی ئەوە لە ئیسرائیل دەکات بە گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵات لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥، بەشێوەیەکی فەرمی، کۆتایی بە جەنگی غەززە بهێنێت، هەروەکو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەڵێنیدا بوو گەر بێتەوە سەرۆك، بەخێرایی کۆتایی بە هەردوو جەنگی ڕووسیا - ئۆکرانیا و ئیسرائیل - حەماس - حزبوڵڵا دەهێنێت.

گەڕانەوەی ترامپ بۆ سەر کورسی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، کاریگەری دەبێت لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینی شێوازی ململانێکان، چونکە ترامپ سەرۆکێکی پراگماتیکە و بە ڕژدی کار بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی دەکات، ئەمەش واتە دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بین ململانێ سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەتایبەت کە ترامپ پشتیوانییەکی گەورەی تورکیا - سعودیە - میسر - ئیسرائیل دەکات لە ناوچەکەدا، ئامانجیەتی «پڕۆژەی ئاشتی ئابراهام» بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سەرکەوێت، کە پێشتر خۆی ڕایگەیاندبوو، بۆ ئەوەی هەژموونی سەربازی، سیاسی و ئابووری وڵاتەکەی و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بکات و

**ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، سوپای ئیسرائیل بە فەرمی هێرشێکی فراوانی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر لوبنان ڕاگەیاند**

ڕۆڵ و هەژموونی چین - ڕووسیا - ئێران لە ناوچەکەدا کەمتر بکاتەوە.

## کاریگەری ململانێ سەربازییەکان لەسەر ناوچەکە

کێشە و ململانێکانی بە وەکالەت یەکێکە لە بەرچاوترین سیمای ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە سایەی بەردەوامبوونی ململانێ بە وەکالەتەکان، ئایندەی نادیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو سەرچاوەی نیگەرانی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە، دوور نییە هەڵکشانی ڕکابەری و ململانێکان ببێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی پەنابەران و گرووپە توندئاژۆکان، ئەمەش دەبێتە هەڕەشەیەکی نوێ بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و ناوچەکە.

سوپای ئەمەریکا بەردەوامە لە بەهێزکردنی پێگەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵی ناردنی کەشتی جەنگی و فڕۆکە و مووشەکی زیاتر دەدات. ڕۆژی ١ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، لوید ئۆستن، وەزیری بەرگری ئەمریکا بڕیاریدا سەکۆی مووشەک و فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو و کەشتی زیاتری سەربازی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، لەوانەش ژمارەیەک فڕۆکەی بی ٥٢ و چەند فڕۆکەیەکی جەنگی دیکە و فڕۆکەی تایبەت بە پیێدانی سووتەمەنی و کەشتی سەربازی. تائێستا نازانرێت ژمارەی ئەو فڕۆکە و کەشتییە جەنگیانە چەندە کە ئەمریکا ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دەکات، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی «ئاژانسی ئەسۆشێیتد پرێس»، ئەمریکا نزیکەی (٤٣) هەزار سەربازی لە سەربازگەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر کردووە، ئەمەش وەکو ئاماژەیەك دادەنرێت بۆ ئەگەری پێکدادان و جەنگێکی نوێ لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی دیکەوە جەنگی بەردەوامی ناوخۆی سووریا، هەڕەشەکانی تورکیا بۆ پەلاماردانی بەشێکی دیکەی خاکی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، هاوکات بەردەوامی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، ئامادەیی زیاتری ڕووسیا و چین لە ناوچەکە هاوشانی ئەمریکا، ئەگەرەکانی بەریەککەوتنی سەربازی و فراوانبوونی ململانێکان زیاتر دەکات و چاوەڕوان دەکرێت دۆخێکی نوێی ململانێی سەربازی بخولقێنێت.

## کاریگەریی ململانێ سەربازییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

تا ئێستا جەنگی بەرەنگاربوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستانیان بەر نەداوە، ئەمەش وای کردووە هاوپەیمانان بەردەوام بن لە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، تاکوو بتوانن کۆنترۆڵی هێرشە بەردەوامەکانی داعش بکەن. بۆیە عێراق و هەرێمی کوردستان خوازیار نین بچنە نێو جەنگێکی دیکە، کە لە بنەڕەتدا ئەوان بەشێک نین لێی. کەچی دوای دەستپێکردنی جەنگەکە، بەشێوەی پچڕپچڕ گرووپە چەکدارەکانی عێراق، کە خۆیان لە ژێر ناوی «بەرەی موقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق» ڕێکخستووە و بەشێکن لە حەشدی شەعبی، هێرشی درۆن و مووشەکی دەکەنە سەر ئیسرائیل.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ناوەندی هەواڵگریی سەربازیی ئیسرائیل «مایتیک»، گرووپە چەکدارەکانی عێراق تا ئێستا بەرپرسیارێتیی (٢٤٨) هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل ڕاگەیاندووە. هێرشەکانیش بۆ سەر (٢٨٥) ئامانج بووە لە ناوخۆی ئیسرائیل، زۆربەی هێرشەکانیش بۆ سەر ناوچەکانی ئیلات و بەرزاییەکانی جۆلان و حەیفا بووە.

لەلایەکی دیکەوە، پەیمانگەی ئەمریکی بۆ توێژینەوەی جەنگ (ISW)، پێی وایە ئەگەر هەیە ئێران فەرمان بداتە گرووپە چەکدارەکانی عێراق، تا ژمارەیەکی زیاتری مووشەک و درۆن ئاڕاستەی ئیسرائیل بکەن. لە بەرانبەردا مەترسی هەیە ئیسرائیل بۆردوومانی گرووپە چەکدارەکانی عێراق بکات و سەرکردەکانیان لە بەغداد بە ئامانج بگرێت. ئەمەش وا دەکات عێراق پەلکێشی ناو جەنگەکە بێت، کە بەشێک لە سەرکردە و بڕیاربەدەستەکانی عێراق بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە «نایانەوێت ببنە بەشێک لەو جەنگە».

ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستان، چەند ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی جەنگەکە، لە ئاستی هەرە باڵا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند «ئەم کێشەیە بە شەڕ چارەسەر نابێت، دەبێت بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و حەقی گەلی فەڵەستینە کە دەوڵەتی خۆیان هەبێت. هیوادارین بە زووترین کات ئەم جەنگە تەواو بێت». لە دیدار و کۆبوونەوەکانیشدا هەریەکە لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، پێداگیری دەکەن لەوەی نابێت هەرێمی کوردستان و عێراق ببنە بەشێک لەو جەنگە، کە جگە لەماڵوێرانی، هیچی دیکە بۆ گەلی کوردستان و عێراق ناهێنێت.

شرۆڤەکاران وای دەبینن، بە ئەگەری زۆر ئەم جەنگە وەرچەرخانێکی دیکە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات، ئەوەش دوای ئەوەی لە قۆناغی پاش جەنگی بەرەیی داعش، هەرێم پەراوێز خرابوو. عێراق و هەرێمی کوردستان لە لایەک لەژێر گوشاری ئەمریکا و لە لایەکی دیکەوە لە ژێر کاریگەرە جۆراوجۆرەکانی ئێرانن. هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی، سەربازی و ئابوورییەوە پێویستی بە ئامادەباشی هەیە لەسەر بەرزترین ئاست، چونکە هاوکێشەکان دژوار دەبن و گرژییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچن. هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە ناو جەرگەی هاوکێشە و گرژییەکانەوە، بۆیە گرنگە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ قۆناغێکی نوێی گۆڕانکاری پڕ لە ئاڵنگاری لە ناوچەکەدا ئامادە بکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەپێی داتا فەرمییەکان، زیاتر لە (٤٢) هەزار و (٨٤٥)
فەڵەستینی کوژراون و ٩٠٪ی دانیشتوانی غەززە ئاوارە بوون

# شارەکان وێران بون و ژیان ئەستەم بووە



# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری نوێدا

## پێگەی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە هاوکێشەکاندا



● نووسینی: ڕائید ئارام ناسیح

**ئەو ناسەقامگیرییەی لەگەڵ داگیرکردنی عێراق و دواتر ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و هێرشەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، هاوسەنگی هێزی بە تەواوی لە بەرژەوەندی تاران لاسەنگ کرد. لە ئێستادا ناوچەکە لەناو سیستمێکی هەرێمایەتی ئاڵۆزدایە کە خاسیەتی سەرەکی بریتییە لە ناهاوسەنگی هێز کە بەپێی ڕێبازی ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، فاکتەری سەرەکی ناسەقامگیرییە. باری بوزان یەکێک لە تیۆرسێنەکانی قوتابخانەی کۆبنهاگن لە بواری ئاسایش پێیوایە سروشتی وڵاتان لەناو پەیوەندی هەرێمایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای دوژمنایەتی و بێ متمانەییە، بەجۆرێک دۆستایەتی دوو دەوڵەت بەواتای دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتی سێیەم دێت. لێرەوە جەنگ و ئاڵنگاری ئاسایشی، دۆخی زاڵی ناو پەیوەندییەکانی ئەو سیستمە هەرێمایەتییەیە.**

بە واتایەکی دیکە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکوو ئێستا کۆنتێکستێکی سیاسی و ئاسایشی دروست نەبووە کە هێزە سەرەکییەکانی وەک (وڵاتانی عەرەبی، تورکیا، ئێران و ئیسرائیل) تێیدا یەکگرتوو بن، بەڵکوو پەیکەربەندییەکی هەرێمی ناجێگیر هەیە و ململانێ بونیادی ئەو پەیوەندییەیە. لەبەرئەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە مەیدانێکی کراوەیە بۆ دەستوەردانی دەرەکی.

دوای هێرشی حەماس لە ٧ ئۆکتۆبەر، جەنگ لە کەرتی غەزە و لوبنان، هەروەها بەشداری بەرەی موقاوەمە لە عێراق، سوریا و یەمەن بە بۆردومانکردنی ئیسرائیل بە موشەک و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، سەرەڕای هێرشە ڕاستەوخۆکانی تاران و ئۆرشەلیم لەدژی یەکتر، دۆخێکی مەترسیداری دروست کردووە کە بەرپابوونی جەنگێکی هەرێمی یەکێک لە ئەگەرەکانە. چونکە ئەو گۆڕانکارییەی هێرشەکانی ٧ ئۆکتۆبەر لە ستراتیجی سەربازیی ئۆرشەلیم هێنایە کایەوە، ئامانجەکەی تەنیا شکستی حەماس و کۆنترۆڵ کردنی غەززە نییە، بەڵکوو دووبارە دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران و دواتر خودی تاران.

### ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی و جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

یەکێک لە ئاڵنگارییە گەورەکانی بەردەم ئیدارەی نوێی ئەمریکا، دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. چونکە بەرپابوونی جەنگێکی هەرێمی مەترسی گەورە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەو خواستی دژە جەنگەش کە دیسکۆرسی دۆناڵد ترەمپ و تیمەکەیەتی دروست دەکات. ساڵی ٢٠٠٦ کە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا لە ترۆپکدا بوو، وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی ئەمریکا کۆندۆلیزا ڕایس هەوڵەکانی ئاگربەستی ڕەد کردەوە و گوتی «توندوتیژی بەشێکە لەو ئازارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی پێ لەدایک دەبێت.» ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەو شێوەیەی ڕایس

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەبارەی جەنگەوە بیر ناکاتەوە، بەڵکوو جەخت لەوە دەکاتەوە نابێت واشنتۆن لە جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێوەبگلێت، بەڵکوو دەبێت زۆر بە ئاگا بێت کە نەچێتە ناو ململانێیەکەوە مەگەر هیچ بیانوویەکی لە هەمبەر زیانی گەورەی ئابووری یان قوربانییەکی زۆر لە ڕیزی هێزەکانی ئەمریکا نەبێت.

دامەزراوەی Heritage Foundation کە لەسەردەمی سەرۆک ڕۆناڵد ڕیگنەوە ستراتیجییەت بۆ ئیدارەی کۆمارییەکان دادەڕێژێت، لە پڕۆژەی ٢٠٢٥ دا بۆ ئیدارەی نوێی ترەمپ پێشنیازی ئەوە دەکات «پێویستە هاوبەشە هەرێمییەکان ڕۆڵی گەورە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێراندا ببینن.» ئەمریکا ناتوانێت دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، چونکە ناوچەکە دووچاری ناسەقامگیری زیاتر دەبێتەوە و وەک قوربانییەک دەکەوێتە ژێر دەستی نەیارانی واشنتۆنەوە. پڕۆژەکە پێشنیازی هاوپەیمانیی چوارقۆڵی نێوان ئیسرائیل، وڵاتانی کەنداو، میسر و ئەمریکا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران.

کریس میللەر دوایین وەزیری بەرگری لە ئیدارەی پێشووی ترەمپ و یەکێک لە نووسەرانی پڕۆژەی ٢٠٢٥ دەڵێت: «پێویستە وڵاتانی کەنداو بەشێوەی گرووپ یان بە تەنیا ڕێبەرایەتی بەرگری لە بواری ئاسمانی، ئاوی و مووشەکی بکەن، چونکە ئەوە هێزی پێویست بۆ ئەمریکا گەرەنتی دەکات، تاکوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چین لە ئاسیا بڵاوەیان پێبکات.»

سنووردارکردنی هەڕەشەکانی ئێران و کۆتاییهێنان بەو ناسەقامگیرییەی لە ناوچەکەدا دروستی کردووە، خواستی ڕاستەقینەی وڵاتانی کەنداو و تورکیاشە. لەبەرئەوە ڕێککەوتننامەی ئەبراهام (Abraham Accords) ئامرازێک دەبێت بۆ هێنانەدی سیستمێکی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆماری ئیسلامی هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نەبێت.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو سیستمێکی هەرێمایەتی ئاڵۆزدایە کە خاسیەتی سەرەکی بریتییە لە ناهاوسەنگی هێز

ترەمپ لەڕێگەی ڕێککەوتن و سزاوە نەک جەنگ، دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت. ئەو لە میانی چوار ساڵی ئیدارەکەی پێشوویدا هیچ جەنگێک ڕوویندا، بەڵام زۆرترین سزای بەسەر نەیارانی ئەمریکادا سەپاند. بەئەگەری زۆرەوە دووبارە سزاکان دەخاتەوە سەر تاران، جگە لەوەی هانی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دەدات تاکوو میکانیزمی (Snapback) لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کارا بکرێتەوە. ئەمەش واتە گەڕانەوەی سزاکانی سەر ئێران کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥ لەسەری هەڵگیرابوو (ئەمریکا لە ٢٠١٨ بەتەنیا لەم ڕێککەوتنە هاتە دەرەوە و سزای بەسەر ئێراندا سەپاند). بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا دژ بە گەڕانەوەی سزاکان بوون، بەڵام پێدەچێت ڕووداوەکانی ٧ ئۆکتۆبەر گۆڕانکاری لە هەڵوێستیاندا دروست کردبێت.

تاران لەنێوان دوو بژاردەدایە: یەکەم، بەردەوامیدان بە جەنگ و ململانێکان کە مەترسی گەورە لەسەر مانەوەی خودی ڕژێمەکە دروست دەکات. دووەم، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا کە مەرجی قورسی هەیە لەوانە: دەستبەرداربوون لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، دەستوەرنەدان لە ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە و دەستبەرداربوون لە میلیشیاکانی، هەروەها وازهێنان لە بەرنامەی پەرەپێدانی مووشەکی. لەهەر بارێکدا ئێران لەناو قەیرانێکی ڕاستەقینەدایە و کۆتایی هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرێکی حەتمییە.

## عێراق لەبەردەم ئاڵنگارییە سەختەکاندا

دیدگایەکی نێگەتیڤ لەناو ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بەغداد هەیە. بە سەرچاوەی نادڵنیایی و وەک دەوڵەتێکی داهێزراو کە بووە بەبار بەسەر ئەوانی دیکەوە و بەتەواوی ملکەچی ئێرانە، تەماشا دەکرێت. وڵاتانی عەرەبی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەو شێوەیە لە عێراقیان دەڕوانی کە دەتوانێت ببێت بە فاکتەری سەقامگیری و سەردەمی شەڕانگێزی سەدام تێپەڕێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بەغداد بوو بە پردێک بۆ هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا.

عێراق لەسەردەمی ئیدارەی نوێی ئەمریکادا چیدیکە ناتوانێت ناوچەیەکی خۆڵەمێشی بێت، واتە لە یەک کاتدا هاوپەیمانی ئێران و دۆستی ئەمریکاش بێت. بەڵکوو دەبێت ئیلتیزامە نێودەوڵەتییەکانی لە هەمبەر سزاکانی سەر ئێران جێبەجێ بکات و ڕێگربێت لە میلیشیاکانی سەر بە تاران کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەئامانج بگرن، سەرەڕای هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە ڕێگەی دڕۆن و مووشەکەوە.

وەک ڕۆبەرت فۆرد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سوریا دەڵێت: «ئیدارەی ترەمپ شێوازێکی توند لەگەڵ عێراق دەگرێتەبەر و ڕەنگە سزای بەسەردا بسەپێنێت، ئەگەر بەردەوام بێت لە پێدانی پارەی ئەو وزەیەی عێراق لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات. ترەمپ پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق نییە، هیچ ئەولەویەتێکیش بە دیداری ئەو نادات. لە دیدی ترەمپەوە عێراق هیچ نییە جگە لە شوێنکەوتەیەکی ئێران.»

بۆ بەغداد سەخت دەبێت چیدیکە بتوانێت هەڵوێستێکی ناڕوونی لە بەرانبەر میلیشیاکان و سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاراندا هەبێت. واشنتن لە چوار ساڵی ڕابردوودا هەوڵەکانی بۆ ڕێگرتن لە بەقاچاغبردنی دۆلار لە عێراقەوە بۆ ئێران زیاتر کرد و چەندان بانکی عێراقی سزادا.

لە ئیدارەی نوێی ترەمپدا ڕێوشوێنەکان

لەمبارەیەوە توندتر دەبن. ڕاگرتنی هاوسەنگی یان درێژەدان بەم دۆخەی ئێستا لە سەردەمی ئیدارەی نوێی ترەمپ ئاڵنگارییەکی گەورە دەبێت بۆ عێراق کە سەختە تیایدا سەرکەوتوو بێت.

## تورکیا لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە تورکیا پێگەیەکی گرنگ و جیۆستراتیجی بووە بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی کۆمۆنیزم لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا. دوای جەنگی ساردیش ئەو گرنگییە هەروەک خۆی مایەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەردۆگان لە ساڵی ٢٠٠٢ دیسکۆرسی سیاسی تورکیا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و دوورکەوتنەوە لە خۆرئاوا بووە.

لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا، نزیکبوونەوەی زۆر لەنێوان مۆسکۆ و ئەنقەرەدا ڕوویداوە کە لە دیدگای ئەمریکییەکانەوە مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان. لەبەرئەوە داڕێژەرانی پرۆژەی ٢٠٢٥ بۆ ئیدارەی نوێی ترەمپ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە «سەرەڕای کێبڕکێی توند لەنێوان ئەمریکا، چین و ڕووسیا پێویستە لەسەر واشنتۆن گەرەنتی مانەوەی تورکیا لەبەرەی ڕۆژئاوادا بکات.» لە ڕوانگەی واشنتۆنەوە تورکیا ئەکتەرێکی گرنگە لە هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

یەکێک لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە، هاوکارییەکانی ئەمریکایە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا و هێزەکانی سوریای دیموکراّت، بەڵام لە پرۆژەی ٢٠٢٥ پێشنیازی ئەوە بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا کراوە «پێویستە هەوڵ بدرێت ڕێککەوتن لەنێوان ئەنقەرە و هێزەکانی سوریای دیموکرات ئەنجام بدرێت.» ئەگەر هەوڵێکی لەم شێوەیە لەژێر فشاری واشنتۆن بەئەنجام بگات، ئەوا بۆ کورد لە ڕۆژئاوا دەستکەوتێکی گرنگ دەبێت.

لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆڵ و هەژموونی تاران، سیناریۆی ڕۆڵبینینی ئەنقەرە وەک ئەکتەرێکی هەرێمیی کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق تارادەیەک چاوەڕوانکراوە. هەرچەند لە ڕابردوودا تورکیا سەرکەوتوو نەبوو لە یەکخستنی سوننەکان، چونکە کاریگەری ئێران ڕێگربوو لەبەردەم هەوڵەکانی ئەنقەرە.

پشتیوانیکردنی گروپەکانی سەر بە پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، ئاڵنگارییەکی ئاسایشییە بۆ تورکیا، لەبەرئەوە کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق ئامانجێکی ستراتیجی ئەنقەرەیە.

سەرباری دژایەتییە سەرسەختەکانی تورکیا بۆ خواستی نەتەوەیی کورد، بەڵام لە ئێستادا تورکیا مامەڵەیەکی پراگماتیانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات. لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە عێراقدا، هەرێمی کوردستان دەروازەی تورکیایە بۆ پراکتیزەکردنی دەسترۆیی خۆی، لێرەوە پێگەی هەرێم بۆ ئەنقەرە کاریگەر و گرنگە.

## هەرێم و پێشمەرگە لە ئاستەنگی جیۆپۆلەتیکەوە بۆ دەرفەتی ستراتیجی

کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە لایەن ئەمریکاوە لە هەمبەر پرسی کورد لە عێراق، هەر لە دروستکردنی پەناگەی ئارام و ناوچەی دژە فڕین، تاکوو کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و گوشارکردنە سەر عێراق، هەتا هەرێم بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

لە میانی جەنگی ساردا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسی کوردی لە عێراق وەک چەکێک دژ بە هەژموون و کاریگەری یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار دەهێنا. وەک هێنری کیسنجەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من دەمەوێت سۆڤیەتییەکان ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەوان لە میسر دەرچوون و عێراقیش دەبێت ببێت بە بیرێکی بێ بن بۆیان. من دەمەوێت بە هەموو کەسێک بڵێم، ئەوەی پێی وا بێت بۆ جموجۆڵ دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێت لەوێ بڕوات و دوور بکەوێتەوە... ئێمە هەر ئەوەمان دەوێت ئەمە لە مێشکی خۆیان دابنێن و ئەوە هەڵبسەنگێنن نرخی جموجۆڵەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرانبەها دەربکەوێت.»

هەروەها کیسنجەر دەڵێت: «ئێمە ئەوەشمان دەوێت عەرەبەکانی ناوچەکە بزانن ناتوانن بە کلکگرێدانیان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەست بە ئازادی بکەن. ئێمە ئەوەشمان لە کورد دەوێت هەر بایی ئەوەندە بەهێزبن کە ببنە برینێکی کراوە لە جەستەی عێراقدا.» لێرەدا برینی کراوە بە واتای بەردەوامیدان بە بوونی گرفت یاخود قەیرانێک لە هەناوی دەوڵەتێکدا کە ئاراستەیەکی دژ بە خواستی ئەمریکای هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو ئەمریکا پشتیوانی لە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕێگاچارەیەک نەدەکرد بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، بەڵکوو بۆ لە قاڵبدانی هەژموونی سۆڤیەت هەوڵی دەدا پرسی کورد وەک ڕۆڵگێڕی کلیلێک لەناو ستراتیجیی جەنگی ساردی هەرێمایەتی خۆی ببینێت.

مایکڵ نایتس (Michael Knights)، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، پێیوایە: «کەیسی کورد لە عێراق بۆ ئەمریکییەکان هەمیشە کەیسێکی بێوێنە بووە، ئەویش لەبەر بوونی کوردێکی زۆر لە تورکیا و ئێران و سوریا. بەپێچەوانەی کەیسی باڵکان، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەوانەیە هەڵوەشاندنەوەی سنووری چەند دەوڵەتێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە.» بەدیوێکی دیکەشدا کورد لە عێراقدا ئەزموونێکی باشی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا هەیە، لێرەوە دەرفەتی بوونی وەک دۆستێکی هەمیشەیی واشنتۆن لە ناوچەکە زۆرترە.

دوای نزیکەی نیوسەدە لە خەباتی پارتیزانی دژ بە حکومەتەکانی عێراق، پێشمەرگە وەک جەنگاوەر ناوبانگێکی گەورەی لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیدا کرد. بە هۆی کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی ئەمریکا، هێزە عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ دووچاری لاوازییەکی زۆر بوونەوە. ژمارەی ئەندامانی هێزە شەڕکەرەکانی عێراق نزیکەی ٤٠٠ هەزار سەرباز بوو کە بە باشترین چەکی ئەمریکی پڕچەک کرابوون، کەچی لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ ژمارەی سەربازانی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی تەنیا ٨٠ هەزار سەرباز دەبوون.

بە هۆی مانەوەی لە میانی شەڕەکانی هاوینی ٢٠١٤ پێشمەرگە بوو بە گەورەترین هێزی سەربازیی لە عێراق کە ئەمریکا لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدا پشتی پێ دەبەست. لێرەوە پێشمەرگە وەک هێزێکی جێگرەوە و شوێنی متمانە، بوو بە بەشێک لە ستراتیجیی سەربازیی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

بە هۆی بوونی هێزی پێشمەرگەوە، پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کورد بەتایبەت هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی گرنگدایە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگە وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراو، ئەو تایبەتمەندییە بە هەرێمی کوردستان دەدات وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی لە هاوکێشەکانی ناو عێراق و تەنانەت ناوچەکەش هەبێت. سەرەڕای ئەوەی لە ستراتیجیی جەنگی دژ بە تیرۆریزمدا پێگەیەکی گرنگ و ستراتیجیی هەیە.

مارکۆ ڕۆبیۆ (Marco A. Rubio) سیناتۆری کۆمارییەکان و کاندیدی ئیدارەی نوێی ترەمپ بۆ وەزیری دەرەوە دەڵێت: «کوردەکان سەلماندیان هاوپەیمانی سەرەکی ئێمەن لە شەڕی دژ بە داعش، زۆرێك لێرە، لەناویاندا (من) جەخت لە پشتگیری ڕاستەوخۆی کورد دەکەینەوە.» لێرەوە ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، دەرفەتی گرنگ و ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە کە بتوانێت وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگ لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکاندا ببینێت.



# چیرۆکی سەرکەوتووەکان

## موقەدەم روکن رێبین محەمەد یونس،

## هەوڵمداوە نوێنەرێکی راستەقینەی کوردستان بم و لە پاڵ خوێندنەکەم دەرفەت بدۆزمەوە کورد بە جیهان بناسێنم

ئامادەکردنی: رائد رەعد گۆران

**لە ماوەی ساڵانی رابردوودا زۆرێک لە ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە بە سود وەرگرتن لە تواناکانی خۆیان و پاڵپشتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان بەشدارییان کردووە لە چەندین خولی جیاوازی سەربازی لە وڵاتانی دەرەوە و نموونەیەکی جوانی هێزەکانی پێشمەرگە بوونە و چیرۆکی سەرکەوتنیان بووەتە مایەی شانازی خۆیان و کوردستان. موقەدەم روکن رێبین محەمەد یونس یەکێکە لەو ئەفسەرانەی وەزارەتی پێشمەرگە کە توانیوویەتی نموونەیەکی جوانی سەرکەوتن بێت لە بوارەکەی خۆی و خولی فەرماندەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆلێژی ئەرکانی لە بەریتانیا تەواوکردووە. لەم چوارچێوەیەدا گۆڤاری پێشمەرگە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ناوبراو ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی ببێتە هاندانێک بۆ ئەفسەرانی تر، هاوکات بۆ نیشاندانی توانا و لێهاتوویی هێزەکانی پێشمەرگە.**

موقەدەم روکن رێبین محەمەد یونس رۆژبەیانی خەڵکی گوندی سۆرخانە لە دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٧ لە دایک بووە و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەی کەلەک و قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. بە هۆی خولیای زۆری بۆ پێشمەرگایەتی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە خولی ١٢ لە کۆلێژی سەربازی زاخۆ وەرگیراوە. دواتر وەکو ئەفسەرێک بە پلەی ملازم لە سوپای عێراق دامەزراوە و ماوەی پێنج ساڵ لە سوپای عێراق ئەرکی بینیوە لە (موسڵ، کەسک، کەرکوک). دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و وەکو ئەفسەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق/ بنکەی مەشقی کەرکوک بەشداربووە لە مەشقپێکردنی لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە. لە کاتی هاتنی داعش گواستراوەتەوە بۆ میحوەری گوێڕ و لەم میحوەرە بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە هێزی بەرپرچدانەوەی خێرا، دواتر لە فەوجی سێی لیوای یەکی پیادە لە بەشی حەرەکات تا ساڵی ٢٠١٩ لە ئەرکدا بووە. دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ چەند ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە، ناوبراو هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی هاوشانی ٣١ ئەفسەری نێودەوڵەتی کە نوێنەرایەتی ٢٣ وڵاتیان کردووە، لەگەڵ ١٦٦ ئەفسەری ئەمریکی بەشداری کردووە لە خولی فەرماندەیی ژمارە ٥-١٩ لە سەربازگەی فۆرت بینینگ - لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بۆ ماوەی





پێنج مانگ زمانی ئینگلیزی و ٧ مانگ خولی فەرماندەیی خوێندووە. بە گوتەی موقەددەم روکن رێبین لەم خولەدا ئەفسەر فێری چۆنیەتی سەرکردایەتیکردنی هێزی شەرکەر دەبێت لە مەیدانەکانی جەنگ لە ڕشتەکانی (پیادە - پیادەی زرێپۆش - زرێپۆش) لە ئاستی سریە و فەوج و لیوادا. هەروەها خولەکە بەگشتی لە سەر پلاندانان و پێشکەشکردنی پلانی ئۆپەراسیۆن بووە کە بە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سەربازی (MDMP) ناسراوە. دوای تەواوکردنی سەرجەم وانەکان بە سەرکەوتوویی خولەکەی تەواو کردووە و بڕوانامەی دبلۆمی لە سەرکردایەتی وەرگرتووە. لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە. دواتر بە هەمان شێوە هاوپەیمانانی بەریتانیا تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی و توانای سەربازییان ئەنجامداوە، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی وەزارەت بەشداری تاقیکردنەوەکان بووە و لە کۆتاییدا هەڵیانبژاردووە بۆ بەشداریکردن لە خولی ژمارە (٢٦)ی سەرکردایەتی و ئەرکانی پێشکەوتوو لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا - شریڤینهام، لە مانگی ٥ ساڵی ٢٠٢٢.

خولەکە ماوەی ساڵێک و سێ مانگ بووە و هاوشانی ١٠٦ ئەفسەری نێودەولەتی کە نوێنەرایەتی ٥٢ وڵاتیان لە جیهان و ١٩٠ ئەفسەری بەریتانی بەشداردەبێت.

موقەددەم روکن رێبین ئاماژەی بەوە کرد خولەکە بە گشتی لە ئاستی ئۆپەراسیۆن و ستراتیژیدا بوو کە تیایدا ئەفسەران ڕادەهێندران چۆن لە دۆخێکی نالەباری جەنگدا وەکو سەرکردەیەکی جەنگی بڕیارێکی لە باربدەن کە خزمەت بە وڵات و یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤ بکات. دواتر توانیوویەتی بە سەرکەوتوویی خولەکە تەواو بکات و دوو بڕوانامە لە بواری سەربازیی بە دەست بهێنێت کە ماستەر لە هونەری جەنگ و بڕوانامەی کۆلێژی ئەرکانە.

ناوبراو هەروەها گوتی: «جێگای خۆیەتی سوپاسی وڵاتانی هاوپەیمانان بکەم کە ئەم دەرفەتانەیان بۆ ئێمە ڕەخساند بۆ ئەوەی ئاشنا بین بە زانستی نوێی سەربازی.» هاوکات ئەوەشی خستە روو کە لە کاتی بەشداربوونی لە خولەکان هەم لە ئەمریکا و هەم بەریتانیا خزمەتێکی زۆریان کردوین و ڕێزی زۆریان گرتوین چ وەکو کوردێک و چ وەک پێشمەرگەیەک، کە ئەمەش مایەی خۆشحالیم بووە و پاڵنەرێکی سەرەکیم بوو بۆ ئەوەی هەمیشە باشتر بم لە وانەکان زیاتر خۆم ماندوو بکەم. هەروەها گوتی: «جێگای خۆیەتی سوپاسی بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە بکەم کە لە تەواوی پڕۆسەکە پشتگیریان کردووم و پاڵپشتی تەواوم بوون لە تەواوکردنی خوێندنەکانم.»

لە درێژەی قسەکانی بۆ گۆڤاری پێشمەرگە ئاماژەی بەوەدا وەک ئەرکێکی نیشتیمانی لە کاتی بەشداربوونم لە خولە دەرەکیەکان هەوڵمداوە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی کوردستان بم و لە پاڵ خوێندنەکەم دەرفەت بدۆزمەوە کورد بە جیهان بناسێنم بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانی کوردستان پێشانی هاوخولەکانم بدەم و ئاڵای کوردستانم بە دیاری پێشکەش بە ئەفسەرە باڵاکان کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بن بە کورد و قوربانی دانی کورد بە درێژایی مێژوو.

لە کۆتایدا موقەددەم روکن رێبین گوتی: «ئامۆژگاریم بۆ تەواوی ئەفسەران ئەوەیە پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن لە بواری سەربازی و زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەوەی ئامادە بن بۆ دەرفەتەکان و خۆیان پڕچەک بکەن بە زانستی سەربازی و پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆیان بکەن و کوردستانیانە بیر بکەنەوە چونکە ئەرکی پێشمەرگە پاراستنی هەموو کوردستانە بە بێ جیاوازیی.



## شەهیدی فەرمانده لیوا کەمال حاجی ئاغا



# هەڵۆیەکی بەرزەفڕ لە چیا سەرکەشەکانی باڵەکایەتییەوە بۆ پێدەشتی گەرمەسێر

**ناسراوە بە کەمالی حاجی ئاغا، لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی ئێنەی سەر بە قەزای چۆمانی ناوچەی باڵەکایەتی، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لە ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە بناری قەندیل و پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشەوە دەکات و بە نهێنی دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان.**

لە ساڵی ١٩٧٨ چەکی پێشمەرگایەتی کردە سەرشان و بە هۆی لێهاتوویی و ئازایەتییەوە لە ساڵی ١٩٨١ بووە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٧٤ی باڵەک. بە هۆی کار و چالاکییەکانییەوە، رژێم داوا لە حاجی ئاغای باوکی دەکات بیگێڕێتەوە و دەست لە چەک هەڵگرێت. لەبەرامبەر ئەوەدا، لە ساڵی ١٩٨١ وەک هەڵوێستێکی کوردانە تەواوی خانەوادەکەیان پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن و دەبن بە پێشمەرگە.

هەر لەو ساڵەدا، لە تۆڵەی راگواستنی ناحیەی گەڵاڵە، بە سەرپەرشتی قادر خەبات و شەهید لیوا کەمال و پۆلێک لە فەرماندەی پێشمەرگەکانی هەرێمی باڵەک، گورزێکی کوشندەیان لە کاروانێکی سەربازی بەعسدا. لە زینی ماویلیان، لە بۆسەیەکدا کاروانەکەیان تێکشکاند و چەکەکانیان لێ گرتن، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بەر هێزی پێشمەرگە بکەوێت.

لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ سەعدیەخان ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و کچێک و سێ کوڕی بە ناوەکانی (سیڤەر، توانا، تۆڵە، دانا) بۆ خزمەتی وڵاتەکەی پەروەردە کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٥ بووە جێگری فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک. لە ساڵی ١٩٨٦ بە هەمان پلە گوازرایەوە تیپی ٩٩ی بیتوێن. هەر لەو ساڵەدا بەشداری شەڕی حەفتاودوو سەعاتەی شەڕی قۆپی دارەبەنی دەڤەری هیران و نازەنینی کردووە، ئازایانە بەرامبەر سوپای داگیرکەری بەعس وەستاوەتەوە و هاوشانی تیپەکانی تر بەشداری شەڕی قەیوان-ماوەتی کردووە. خۆشەویستی بۆ شەهیدی فەرمانده برایمی حاجی کوێخا وایکرد رەتی بکاتەوە ببێتە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک.

لە ساڵی ١٩٨٧ وەک سەرپەرشتیاری تیپی ١٢ی سۆران بەشداری داستانی رزگاری کردووە. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ خانەوادەکەی لە گوندی بلەی دۆڵی مەلەکان بەر هێرشی چەکی کیمیاوی کەوتن و برازایەکی لەوێدا شەهید بوو، خۆشیان بە سەختی بریندار بوون. دوای چارەسەر لە وڵاتی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە و ئەرکی گواستنەوەی چەکی لە ئاڵوەتانەوە بۆ قەڵاتوکان گرتە ئەستۆ. هەر لەو ساڵەدا بەشداری شەڕی مۆتەی کردووە.

شەهیدی فەرمانده کەمالی حاجی ئاغا یەکێک بووە لەو فەرماندانەی بەشداری نەخشەی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کردووە و شان بە شانی پێشمەرگە و جەماوەر هەنگاو بە هەنگاو رۆیشتووە. سەرەڕای ئەوەی لە گرتنی مەنزومەی ئەمنی هەولێر بریندار بووە، تا ئازادکردنی کەرکوکی گڕ و بڵێسە کۆڵی نەداوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ بووە بە جێگری فەرماندەی فەوجی سنوور لە دەڤەری سیدەکان. لە ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕێکی نەخوازراودا لە دۆڵی شاورێ (دارەبەن) بە سەختی بریندار بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ بووە بە فەرماندەی لەشکری باڵەک. لە ساڵی ١٩٩٩ بووە بە فەرماندەی فەرماندەیی پارێزگاری. لە ساڵی ٢٠٠١ وەک فەرمانده گوازراوەتەوە بۆ فەرماندەیی باڵەک. لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشداری کردووە لە رووبەڕووبوونەوە و راوەدوونانی تیرۆریستانی جوند و ئەنساری ئیسلام لە هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان. لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە فەرماندەی لیوای بیتوێن.

شەهیدی فەرمانده دەرچووی خولی یەکەمی فەرماندەیی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالان بوو. هەروەها بەشداری چەندین خولی ئەکادیمی سەربازی کردووە.

زۆر بەداخەوە لیوا کەمالی حاجی ئاغا لە رۆژی هەینی ٢٢ی ئابی ٢٠١٤، لە هێرشێکی قارەمانانەدا لە پێناوی پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان دژی چەتە تیرۆریستەکانی داعش لە بەرزاییەکانی گوڵاڵە، پڵنگ ئاسا هەر بە پێوە گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمران. وانەی شەهیدبوونی ئەو فەرمانده جەربەزە پێمان دەڵێت لە چیا سەرکەشەکانی باڵەکایەتییەوە بۆ پێدەشتەکانی گەرمیان، خۆی لە خۆیدا وانەی سەروەری و ئازایەتی و جەنگاوەرییە، درێغی نەکردنە لە قوربانیدان و تێکۆشان بۆ ئازادی نیشتمان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەهیدی زیندوو

## پێشمەرگە، ناسنامەی نەتەوە و ڕەمزی بەرخودان و پارێزەری خاکی نیشتیمانە

ئامادەکردنی: رائد تاریق فەریق

**لەم نیشتیمانەی ئێمەدا، بە هەر کۆڵانێکدا گوزەر بکەین، دەرگای هەر ماڵێک بکەینەوە، لە پاڵ هەر بەردێک گوێ هەڵخەین، خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەی ئەم خاکە هێشتا وشک نەبووەتەوە. فرمێسکی چاوی دایکانمان تنۆک تنۆک دێنە خوارەوە، دەبێت نهێنی ئەم هەموو ئازارە چی بێت؟، ئاخۆ تاوانی ئەم گەلە ستەملێکراوە چییە جگە لە کوردبوون؟ خودایە، نهێنی زیندوومانەوەی گەلەکەمان هەر تۆی، لەگەڵ ئەم هەموو دەردەسەرییە، دایکانمان هەمیشە ڕۆڵەکانیان بە گیانی نیشتیمانپەروەریی و قوربانیدان بۆ خاک پەروەردە کردووە. هەر بۆیە ئەم گەلە دوای هەزاران ساڵ کوشتن و سەرکوتکردن و جینۆسایدکردن، بە زیندوویی ماوەتەوە.**

ئەم جارە باسی پێشمەرگەیەک دەکەین کە تەژییە لە هەستی نیشتیمانپەروەریی و ئازایەتی. عەریف بورهان ڕەمەزان ساڵح عەلی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ژیان ململانێدا جەربەزە بووە. شەڕی مان و نەمانی بۆ نیشتیمان و سەربەرزیی گەلەکەی کردووە. لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا پەیوەندی بە لەشکری کوردستانەوە کردووە و لەم پێناوەدا نیوەی جەستەی خۆی کردە قوربانی گەل و نیشتیمانەکەی.

عەریف برهان ڕەمەزان ساڵح عەلی لە ساڵی ١٩٨٨ لە کەرکوک – گەڕەکی شوریجە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠١٠ لە فەرماندەیی کەرکوک دەبێتە پێشمەرگە و دواجار لە لیوای دووی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە لە کەرکوک درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدات. تا ساڵی ٢٠١٤، لەگەڵ هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ عێراق و هێرشکردن بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، ناوبراو لە فەوجی یەکی لیوای دووی پیادە دەگوازرێتەوە بۆ سنووری دوبز و میحوەری (٥) گوندی مامە و عەلەغێر.

ناوبراو بەشداری چەندین داستانی کردووە وەکو داستانەکانی مەلا عەبدوڵڵا و گرتنی سایلاوە و خەرابەڕووت و جەبەلی بەتیرە و بەرگریکردن لە هەموو داستانەکانی لیوای دوودا بەشداری کردووە و ڕۆڵی قارەمانانەی هەبووە لە شەڕی دژ بە داعش. بورهان ڕەمەزان بە ئازایەتی خۆی تاکو گەیشتووە بە پلەی ڕەیس عورەفا، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و قارەمان و چاونەترس و بە دیسپیلین بووە لە ناو فەوجەکەیدا.

بە داخەوە برایەکی ناوبراو بە ناوی ئیبراهیم ڕەمەزان ساڵح عەلی لە داستانی ڕزگارکردنی گوندەکانی خەرابەڕووت و سایلاوەی مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ٢٠١٥ شەهید بوو، چووە کاروانی نەمران.

دوای ئەوە عەریف بورهان ڕەمەزان ساڵح خۆشی لە ٧ی ئەیلولی ٢٠١٦ لە گوندی خەرابەڕووت، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئەرکی نزیک سەنگەرەکەی خۆیدا دەکەوێتە سەر بۆمبێکی چێندراوی تیرۆریستانی داعش، لە ئەنجامدا ناوبراو زۆر بە سەختی بریندار دەبێت و بە ئەستەم لە مەرگ ڕزگاری دەبێت، بەڵام بە داخەوە هەردوو قاچی لە دەست داوە.

ئێستا کەمئەندامی سەنگەرە و ڕۆژانە بیر و هۆشی لای هاوڕێ و هاوسەنگەرانیەتی و لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان. سەرباری ئەو قوربانیدانە گەورەیە بە جەستەی خۆی، هێشتا بیر و هۆشی دەچێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە پڵنگئاسا لە بەرخودان و پارێزڤانی لە پاراستنی خاکی کوردستان درێغی نەکردووە. لێرەوە هیوای سەلامەتی و بەردەوامیی تەندروستی باش بۆ گشت هاوڕێیان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەخوازێت. ناوبراو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازێت وەک هەمیشە ئاوڕی جیددی لە کەمئەندامانی سەنگەر و خانەوادەی شەهیدانی شەڕی دژی داعش بدرێتەوە. هیوای سەرکەوتن بۆ کورد و کوردستان دەخوازێت.

# بڵاوکراوەی نوێ

## ژمارەی نوێی گۆڤاری یونیپاس بڵاوکرایەوە

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر




**بەرگی ١٢ی چاپی چوارەمی ئەم گۆڤارە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی گەیشتە کتێبخانەی پێشمەرگە. گۆڤارێکی پیشەیی سەربازی وەها کە زمانی کوردیشی خستۆتە سەر چاپ و بڵاوکردنەوەی، گرنگی خۆی هەیە بۆ فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا و خوێنەرانی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی. شایانی باسە ئەم گۆڤارە وەرزییە بە هەر سێ زمان بە هەمان ناوەڕۆک و نەخشەسازی و کاری هونەری بڵاودەکرێنەوە. خوێنەر ئاشنا دەکات بە بابەتە ستراتیژییە سەربازییەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.**

لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێک بەدواداچوون و بابەت بڵاوکراوەتەوە کە پەیوەندیان بە ناوچەکانی گرنگیپێدانی گۆڤارەکەوە هەیە. دوای پەیامی گۆڤار کە سەرۆکی دەستەی ئەرکان لە کۆماری یەمەن نووسیویەتی و ئاماژە بە گرنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەدات لە ناوچەکەدا، یەکەم بابەت بە ناوی «چاوی چاودێر لەسەر سنوور» بەدواداچوونێکە لەبارەی شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریست و قاچاخچییەکان لەلایەن فەرماندەیی پاسەوانی سنووری عێراق. باس لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنە هاوچەرخەکان دەکات لەم بوارەدا و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی سنوورەکان لەگەڵ سووریا بەتایبەتی و سنووری عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەگشتی. کاری پێویست کراوە و سوود لە دیواری کۆنکرێتی و قوللە و کامێرای پێشکەوتووی سەروو سوور وەرگیراوە.

بابەتێکی دیکە لەبارەی هەماهەنگی جیهانی و هاوکاری ئاسایشی ناوچەیی، دکتۆر ئەنوەر قەرقاش نووسیویەتی. باسی ڕووداوە جیهانییەکان و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات لەگەڵ کاری هاوبەش لە ناوچەکە و هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان.

ئاسایشی وزە یەکسانە بە ئاسایشی جیهانی، بابەتێکی دیکەیە لەسەر ئەو پرسە لەنێوان وڵاتانی ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداوی عەرەبی. بە دوایدا بابەتێکی تر تاوتوێی دیداری جەددەیە کە لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێکخرابوو بۆ پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست.

جگە لەوانەش کۆمەڵێک بابەت و بەدواداچوونی دیکە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیدارن بە مەشقی سەربازی-دەریایی هاوبەش لەنێوان عێراق و کوەیت و ئەمریکا، پرسی گازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کاری هاوبەشی کازاخستان و ئەمریکا بۆ پاککردنەوەی پاشماوەی ئەتۆمی، وڵاتی میسر و مەشقی بەردەوام وەک سەنگەرێک دژی توندڕەوان، ڕێککەوتننامەی قەتەر و فەرماندەیی بۆشایی ئاسمانی ئەمریکا بۆ پاراستنی مانگە دەستکردەکان، مەشقی نوێگەرانە و سەردانی ئەفسەرانی باڵای عێراق بۆ ناوەندی مەشقی نیشتمانی سوپای ئەمریکا و چەند بابەتێکی سەربازی و ستراتیژی دیکە لە ئوردون، یەمەن، قیرغیزستان، فەلەستین و هتد.

# دەروازەی هۆشیاری

## نیشتمانی.. سەربازی .. زانیاری جۆراوجۆر..

# تەوەری ژمـــارە

ئامادەکردنی: عەقید قارەمان مەهدی

جەنگی ئەلیکترۆنی، سەرەتاکانی لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی سارد دەرکەوت، دواتر لەگەڵ دەستپێکی پشتبەستنی وڵاتان بە کۆمپیوتەر لە دامەزراوەکانیان و پەرەپێدانی یەکەی کۆکردنەوەو هەڵگرتن و کۆگاکردنی زانیارییەکان ئەم پرسە ئەلیکترۆنیە سەریهەڵدا. لەم دەیان ساڵەی رابردوودا ئەم جۆرە نوێیەی ململانێ و هێرشی دیجاتاڵیی بەشێوازو قەبارەی جیاجیا لەنێوان وڵاتان و گروپەکان و تەنانەت کۆمپانیاو کەسەکاندا روویداوە. لە ئێستادا بووەتە پرسێکی هەستیارو لەرووی یاساو رێساکانی مرۆیی و نێودەوڵەتیەوە بۆشاییەکی زەق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوە جەنگە نوێیەدا هەیە، بۆیە وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی سیاسی ، سەربازی ، هەواڵگری ، یاسایی و لەبوارەکانی پیشەسازی تەکنەلۆژیاو ئاسایشی زانیاری کەوتونەتەخۆ و هەوڵدەدەن لەگەڵ ئەم کێشە دژوارەی سەردەمدا زەمینەو ئاراستەیەکی نیشتمانی و یاسایی بۆ رێگری، خۆگونجاندن، بەرگری بەرجەستە بکەن.

ئەم پرسە ئەگەرچی تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی جیهانی فەرمی نییە کە ئایا هێرشی ئەلیکترۆنی یان شەڕی سایبەری بە کردەوەی شەڕ دادەنرێت یان نا، بەڵام راستیەکی روونە کە ئەم ئاریشەیە بوونی هەیەو هەموان دان دەنێن بەوەدا، کە شەڕی ئەلیکترۆنی بووەتە دیاریدەیەکی مەترسیدارو نەبوونی یاسایەکی ڕوون لە جیهاندا وایکردووە نازاندرێت ململانێکان بەهۆی ئەنتەرنێت و تۆڕەکانی پەیوەندی و شەپۆلی کارۆمۆگناتیسی بەرەو چ ئایندەیەکی نادیار دەڕوات. ئاماژەکان مەترسییەکی ڕاستەقینە بەرچاودەخەن و دڵەڕاوکێ دروست بووە کە پەلامارو سیخوڕی و هێڕشە دیجتاڵیەکان بە خێرایی لە ژێر کۆنترۆڵ دەربچن و شێوازی ئەم فۆرمە سەردەمیەی جەنگ راستەوخۆ رووبدات. لەبارەی ئەم بابەتە گەرمە جیهانیەوە، کە لە بواری سەربازیدا پەیوەستبوون و پانتاییەکی فراوانی هەیە، بۆیە تەوەری ئەم ژمارەیە بۆ ئەم پرسە تەرخان کرا.

## بابەتەکانی تەوەر:

- شەڕی ئەلیکترۆنی (سایبەر) چییە؟
- جیاوازییەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی و سایبەری
- جۆرەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی
- شەڕە ئەلیکترۆنییەکان و دامەزراوە سەربازییەکان
- شەڕی کوشندە بەڵام بێدەنگ.. جیهان بەم شێوەیە شەڕی سایبەری دەکات
- جەنگی ئەلیکترۆنی و یاسای نێودەوڵەتی
- شەڕەکانی زانیاری و ئاشتی ئەلیکترۆنی
- ئاسایشی ئەلیکترۆنی .. ڕێگاکانی خۆپاراستن و بەرگری

# جەنگی ئەلیکترۆنی (سایبەر)

## گۆڕانکارییە نوێیەکانی جەنگ... پێناسە ، شێواز و ئاراستەکان

**لە ژێر ڕۆشنایی خێراتربوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، شەڕەکان لە مەیدانی شەڕی تەقلیدی تێپەڕیون بۆ فەزای نوێ ، کە پشت بە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و شەپۆلی کارۆموگناتیسی دەبەستن. شەڕی ئەلیکترۆنی و شەڕی سایبری دیارترینی ئەم فەزایانەن کە لەم دەیان ساڵەی دواییدا سەریان هەڵداوە، هەرچەندە ڕەنگە هەندێک ئەو زاراوانە بە شێوەیەکی جیاواز بەکاربهێنن، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیە، چ لە ڕووی ئامرازەکانی بەکارهێنراو یان ئامانجەکانەوە**

شەڕی ئەلیکترۆنی، کە بە شەڕی سایبری-یش ناودەبرێت بریتییە لە ئەنجامدان یان ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەپێی بنەماکانی پەیوەست بە زانیاری. واتە بە تەواوی لەناوبردنی ئەو سیستەمە زانیاری و پەیوەندییانەی کە لایەنی بەئامانجکراو پشتی پێدەبەستێت بۆ «ناسینی» خۆی، واتە کێیە. لەکوێیە؟ کەی دەتوانێت چی بکات؟ بۆچی شەڕدەکات؟ مەترسییە سەرەکییەکان چین؟ و هتد.

لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا هەوڵدەدرێت هەموو شتێک لەبارەی لایەنی بەئامانجکراو بزانرێت و لە هەمانکاتدا ناهێڵن هیچ لەبارەی هێرشبەرەوە بزانرێت، بە واتایەکی دیکە، ئامانجی سەرەکی لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا تێکدانی «هاوسەنگی زانیاری و مەعریفە» یە لە بەرژەوەندیی هێزی لایەنی هێرشبەر.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەرچەندە دیزاین و جێبەجێکردنی تەواوی شەڕی ئەلیکترۆنی پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو هەیە، بەڵام شەڕی ئەلیکترۆنی خۆی مەرج نییە پشت بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ببەستێت، بەڵام لایەنە دەروونی و ڕێکخراوەییەکانی بەقەد لایەنە تەکنیکییەکان گرنگن. لە هەندێک بارودۆخدا، ڕەنگە لە ڕاستیدا بتوانرێت شەڕێکی ئەلیکترۆنی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئاست نزم دەستپێبکرێت. ئەم پرسە چەمک و ئاراستەیەکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام مەترسیدارە کە شەڕی ئەلیکترۆنی دەتوانێت مۆدێلێکی «بێ ئازار» و «بێ خوێن» بێت لە جەنگ و ئەنجامی زۆر خراپی هەبێت.

شەڕی ئەلیکترۆنی دەتوانێت لە نێوان حکومەتەکان یان بە هەندێک شێوە تەنانەت لە نێوان ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان ڕوودات. لەم جەنگەدا زۆر قورسە هێزەکان بە وردی و دروست ئاراستە بکرێن. ئامانجەکە دەتوانێت سەربازی، پیشەسازی، مەدەنی یان تەنانەت فەزای سێرڤەر بێت کە بە دڵنیاییەوە خزمەت بە زۆرێک لە بەکارهێنەرەکان دەکات.

شەڕی ئەلیکترۆنی ڕێگە بە ئەکتەرەکان دەدات بە ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانیان بگەن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ شەڕی چەکداری ببەن.

فەزای ئەلیکترۆنی هێزێکی ناڕاستەقینە دەدات بە ئەکتەرە بچووک و لاوازەکان. بە بەکارهێنانی ناونیشانی ئایتی هەڵە و سێرڤەری دەرەکی و ناوی نادیار، هێرشبەران دەتوانن بۆ ماوەیەکی کورت کاربکەن، لە هەمان کاتدا بێ ناو دەمێننەوە و تاڕادەیەک بەرگرییان دەبێت.

لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، سنووری نێوان سەربازی و مەدەنی، هەروەها فیزیکی و مەجازی، زۆر ڕوون نییە، بۆیە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەسەڵات یان لە ڕێگەی حکومەتەوە، یان ئەکتەرە ناحکومییەکان، یان لە ڕێگەی پرۆکسیەوە بەکاردەهێنرێت.
لەگەڵ سەنگەرە تەقلیدییەکانی دیکەی وەک وشکانی، ئاسمانی، دەریا و بۆشایی ئاسمان، فەزای مەجازی دەبێ وەک «سەنگەری پێنجەم» سەیربکرێت.
توێژەرێک، هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی بە «چەکی ئەتۆمی بێدەنگ» وەسف کردووە و ڕایگەیاندووە، کە ئەو چەکانە بە هەمان شێوە وێرانکەرن.
لێکۆڵەرێکی تر دەڵێت: هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە چەمکی شەڕی زانیاری، وەک چەند کەسێکی نابینا وایە کە بە دەستلێدان لە بەشە جیاوازەکانی فیلێک، هەوڵی ئەوە بدەن بزانن ئەو بوونەوەرە چییە.
توێژەرێکی دیکە ناوی چەند جۆری جیاوازیی شەڕی ئەلیکترۆنی دەهێنێت:
١. شەڕی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، کە مەبەست لێی بڕینی سەری دوژمنە، واتە لەناوبردنی مێشکی دوژمن.
٢. شەڕی بنەمادار، پێکدێت لە دیزاینکردن و پاراستن و ڕەتکردنەوەی دەستراگەیشتن بەو سیستەمەی کە بەسە بۆ زاڵبوون بەسەر فەزای شەڕدا.
٢.شەڕی دەروونی، کە تێیدا زانیاری بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی دۆست و بێلایەن و دوژمن بەکاردەهێنرێت.
٣. شەڕی هاککەر، کە تیایدا هێرش دەکرێتە سەر سیستەمی کۆمپیوتەر.
٤. شەڕی زانیاریی ئابووری، بریتییە لە دروستکردنی بەربەست لەبەردەم زانیاری یان ئاسانکاری بۆ ڕۆیشتنی زانیاری بە ئامانجی بەدەستهێنانی باڵادەستیی ئابووری.
٥. شەڕی ئەلیکترۆنی، تێکەڵەیەکە لە هەر چوار جۆرەکەی سەرەوە.

سەرچاوە:
com.www. mawdoo٣

# جۆرەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی

ئامادەکردنی: سیڤان سۆران






**شەڕی ئەلیکترۆنی بریتییە لە هێرشکردنە سەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، بە هاککردنی تۆڕەکان و زیادکردنی زانیاری ناڕاست، و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس بە ئامانجی تێکدانی تۆڕەکان، یان بەدەستهێنانی داتا و زانیاری.** ئەم جەنگە ئەلیکترۆنیە هۆکارو ئامانجی جیاجیای هەیەو بە شێوەو مەبەستی جۆراوجۆر ئەنجامدەدرێت. تا ئێستا چەندین جۆری سەرەکی هێرشی ئەلیکترۆنی پۆلێن کراون، کە ئەمانە بەشێکیانن:

**هێرشی DoS و DDoS:** ئەم هاکە پشت بە بارکردنی ئامێری قوربانییەکە دەبەستێت لە دەرەوەی توانای خۆی، بۆ ئەوەی بەرنامەی زیانبەخش لەلایەن هاککەرەوە دابمەزرێنێت.

**هێرشی MITM:** ئەم هێرشە لە کاتێکدا کاردەکات کە ئەم کەسە بەستراوەتەوە بە سێرڤەرەکانی ئینتەرنێتەوە، بۆیە هێرشبەر وەک ناوەندێک لە نێوان هێڵی ئینتەرنێت و سێرڤەری ئینتەرنێتدا وەستاوە، ئەمەش ڕێگەی پێدەدات کۆنترۆڵی یەکێکیان بکات.

**هێرشی ئەلیکترۆنی فیشینگ:** ئەم هێرشە ئەلیکترۆنییانە بە ناردنی نامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ ناونیشانی ئیمەیڵی بەکارهێنەر ئەنجام دەدرێن.

**Drive by phishing attacks:** ڕێگەی تەقلیدی باون بڵاوکردنەوەی بەرنامە زیانبەخشەکان، لە ڕێگەی لاوازییە ئەمنییەکانەوە کە لە ماڵپەڕەکاندا دەبینرێن، بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ پرۆتۆکۆڵی HTTP . لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانرێت هەمان شت لە ڕێگەی وێبگەڕی ئینتەرنێتەوە یەکبخرێت کە لە خۆیانەوە دەردەکەون لە لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکاندا.

**هێرشی پاسۆرد:** ئەم هێرشە پێویستی بە زانیاریی تەواو هەیە لەسەر ژیانی ئەو کەسە، کە هێرشبەر هەوڵی هاککردنی ئەکاونتەکەی دەدات لە ڕێگەی پاسۆردەوە، لە بنەڕەتدا پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستێت بە تاقیکردنەوەی چەند وشەی نهێنی. بۆ پاراستنی خۆت باشترە سیستەمێک بەکاربهێنیت کە سیستەمەکە لە کارکردنی بوەستێنێت دوای چەندین هەوڵی هەڵە.

**هێرشی SQL:** ئەم هێرشانە دژی ئەو سیستەمە کاردەکەن کە سیستەمی داتا گەورەکان بەکاردەهێنن. هێرشبەر ئامانجی خوێندنەوە و گۆڕینی ئەم داتایە یان وەستاندنی کارکردنیانە. ئەم هێرشە بە شکاندن یان ڕێگریکردن لە هەر زانیارییەک کە لە تۆڕەکەدا هەڵدەگیرێت، وەک: وشەی نهێنی، کارتی دارایی دیجیتاڵی و زانیارییە هەستیارەکانی تر ڕوودەدات.

www. cyberone.co
com.www.youm٧



## جیاوازییەکانی

# جەنگی ئەلیکترۆنی و سایبەری

● ئامادەکردنی: هیوا عەلی

**هەرچەندە ئەم دوو شەڕە لە ڕووی پشتبەستنیان بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن لەیەک دەچن، بەڵام جیاوازی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیە. لە ڕووی مەیدانی ئۆپەراسیۆنەوە، شەڕی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەی سیستەمی کارۆموگناتیسیدا کاردەکات، وەک شەپۆلی ڕادیۆیی و فرێکوێنسی بێ وایەر، ئامانجی ڕاگرتن یان تێکدانی پەیوەندییە فیزیکییەکانە کە بەسەر ئەم شەپۆلانەدا ڕوودەدەن، لەکاتێکدا شەڕی ئەلیکترۆنی سەرنجی لەسەر فەزای دیجیتاڵییە و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و سیسیتەم و زانیارییەکان دەکاتە ئامانج. ئامرازەکانی لێرەدا بریتین لە ڤایرۆس و بەرنامەی زیانبەخش و هێرشکردنە سەر سیستەمی دیجیتاڵی.**

### شەڕی ئەلیکترۆنی

شەڕی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی سپێکتریمی کارۆموگناتیسی بۆ تێکدانی سیستەمی پەیوەندی و کۆنترۆڵ و ڕێنمایی دوژمن. ئەم جۆرە شەڕە ئامرازێکی گرنگە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە مۆدێرنەکاندا، بەو پێیەی بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی دوژمن و سەرلێشێواندنی سیستەمی ڕادار و تەنانەت پاراستنی هێزە سەربازییەکان لە هێرشەکان بەکاردێت. واتە شەڕی ئەلیکترۆنی ٣ بواری سەرەکی لەخۆدەگرێت:

- ڕاگرتنی ئەلیکترۆنی: ئەم جۆرە پەیوەستە بە ناردنی سیگناڵی کارۆموگناتیسی بە ئامانجی ڕاگرتن یان تێکدانی سیگناڵە بێ وایەرەکانی دوژمن، وەک ڕادار یان پەیوەندییە بێ وایەرەکان.
- فریودانی ئەلیکترۆنی: ئەمەش بریتییە لە ناردنی سیگناڵی درۆ یان چەواشەکارانە، بەجۆرێک دوژمن زانیاری نادروست وەردەگرێت کە ڕەنگە ببێتە هۆی بڕیاردانی نادروست.
- پاراستنی ئەلیکترۆنی: ئەمانە ئەو ڕێوشوێنانەن کە سوپاکان دەیگرنەبەر بۆ پاراستنی سیستەمی خۆیان لە هێرشی ئەلیکترۆنی، بە بەکارهێنانی فرێکوێنسی پارێزراو یان سیستەمی پێشکەوتووی پاراستنی.

### شەڕی سایبری

شەڕی سایبری لە بنەڕەتدا جیاوازە لە شەڕی ئەلیکترۆنی. تیشک دەخاتە سەر ئەو هێرشانەی کە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و سیستەمی دیجیتاڵی دەکەنە ئامانج. ئەم هێرشانە دەتوانن لە دزینی زانیاری هەستیارەوە دەست پێبکەن تا دەگاتە تێکدانی ژێرخانی دیجیتاڵی، وەک وێستگەی کارەبا یان تۆڕەکانی پەیوەندی. ئەم شێوازە چەندین جۆری هێرش لەخۆدەگرێت، لەوانە: هاککردن، ناردنی ڤایرۆس ، سیخوڕی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری یان سیخوڕیکردن بەسەر دامەزراوەکان یان تاکەکاندا.

لێرەدا تێدەگەین ، کە لە ڕووی ئامانجەوە ئامانجی سەرەکی شەڕی ئەلیکترۆنی تێکدانی سیستەمی پەیوەندی و ڕادارەکانی دوژمنە، بەمەش ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان تێکدەچێت. لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی شەڕی سایبری بریتییە لە دزینی زانیاری، ئەنجامدانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی، یان تێکدانی ژێرخانی دیجیتاڵی وەک تۆڕی کارەبا، بانک، یان سیستەمی فڕۆکەوانی. لە ڕووی ئامرازەکانەوە ئامرازەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی پشت بە ئامێرەکانی ڕاگرتن و تێکەڵکردنی کارۆموگناتیسی دەبەستن، وەک ئامێری پەیوەندی ئاراستەکراو کە ڕێگری لە پەیوەندی دوژمن دەکات. لە شەڕی سایبریدا، بەرنامە پێشکەوتووەکانی وەک ڤایرۆس و بەرنامە زیانبەخشەکان بۆ لەناوبردن یان کۆنترۆڵکردنی سیستەمی دیجیتاڵی بەکاردەهێنرێن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# شەڕە ئەلیکترۆنییەکان

## کاریگەرییان لەسەر دامەزراوە سەربازییەکان

● ئامادەکردنی: ئارمان

**تەکنەلۆژیای زانیاری بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورەی چۆنایەتی لە هەموو بوارەکاندا. بێگومان لە بواری سەربازیشدا لە ئاستی پلاندانان و ئۆپەراسیۆنەکاندا، کاریگەری هەبوە و بووەتە بەشێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن،** بەتایبەتی لە شەڕەکاندا، کە وەک یەکێک لە دیارترین تەحەددیاتەکانی بەردەم پلانەکانی گەشەپێدانی سەربازی سوپای پێشکەوتوو دادەنرێت.

ئەم تەکنەلۆژیایە لە چەندین ئاستدا خۆی دەرخستووە، لەوانە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێرشی ئەلیکترۆنی، یان شەڕی ئەلیکترۆنی، کە لەم ساڵانەی دواییدا بوونەتە واقیع، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا سوپای ئەلیکترۆنی دروست بکرێت.

تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی فەرمیی جیهانی نییە، کە ئایا هێرشی ئەلیکترۆنی بە کردەوەی شەڕ دادەنرێت یان نا. شەڕی ئەلیکترۆنی شەڕێکی مەجازییە: چەکەکانی دیجیتاڵین، سەربازەکانیش لەبەردەم کۆمپیوتەرێکدا دانیشتوون و دەچنە ناو تۆڕە بیانییەکان و دەستکاری ژێرخانی گرنگی تۆڕەکانی پەیوەندیی و بوارە جیاجیاکان دەکەن.

**پەرەپێدانی توانا ئەلیکترۆنییە سەربازییەکان**

لە سەردەمێکدا کە هەڕەشەی شەڕە "سایبەرییەکان" هەیە، پەرەپێدانی تواناکانی بەرگریی ئەلیکترۆنی ئیتر شتێکی سادە نییە، بەڵکو بووەتە حەتمیەتێک کە واقیع دەیسەپێنێت، بووەتە توخمێکی جەوهەری لە سوپاکاندا و پێکهاتەیەکی گرنگی مانۆڕەکان. سوپاکان پێشبڕکێی زۆریان هەیە بۆ پەرەپێدانی توانا هێرشبەرییەکان کە ڕەنگە لە هەر ململانێیەکی داهاتوودا باڵادەستییان پێبدات. لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی نیگەرانییەکاندا، ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ڕۆیتەرزەوە لە بەشی ئینگلیزیدا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە کە دامەزراوە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهان بۆ ڕاکێشانی پسپۆڕانی کۆمپیوتەر پێشبڕکێ دەکەن، پێیانوایە لەوانەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا ببنە توخمێکی گرنگ لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان، لە کاتێکدا بودجەیەکی زۆر هەیە بۆ هێزە سەربازییەکان، بەڵام ڕاکێشانی پسپۆڕانی تەکنیکی و هاککەرەکان بۆ ڕیزەکانی سەربازی بابەتێکی گەرمە.

ئەم پرسە وایکردووە سەرباری کەمبوونەوەی بودجەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژێر قورسایی ئەو قەیرانە داراییە یەک لە دوای یەکانەی کە زلهێزە ئابوورییەرەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، کەچی ڕێژەی بودجەی سەربازی بەرزدەبێتەوە.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا، ئەمریکا هێزێکی ئەلیکترۆنی دەروستکردووە، ئەرکی ئەم تیمانەی شەڕی ئەلیکترۆنی تەنها لە پاراستنی سیستەم و تۆڕە سەربازییە گەورەکانی ئەمریکادا سنووردار نییە، بەڵکو کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی توانا هێرشبەرییەکان کە سەرکردەکانی ئەمریکا هیوادارن لە هەر ململانێیەکی ئەلیکترۆنیدا باڵادەستییان



پێبدات. تواناكانی بریتین لە پەرەپێدانی تواناكانی هاككردن و لەناوبردنی سیستەمی پێشەسازی و سەربازی وەک سیستەمی كۆنترۆڵكردنی هاتوچۆ و تۆڕەكانی كارەبا.

دامەزراوە سەربازییەكان لە چەند ساڵێک لەمەوبەر، بڕیان لە ئەینتەرنێت نەدەكردەوە، ئێستا سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی نوێ لەم بوارەدا دروست دەكەن و سەدان یان تەنانەت هەزاران سەربازیشیان لەم بوارەدا مەشق پێكردووە و لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت ئاماژە بەوە بكرێت، كە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و چین گرنگییەكی زیاتر بە شەڕە ئەلیكترۆنییەكان دەدەن كە تێیدا هەوڵدەدەن سەرووەری بەدەستبهێنن، یان لانیكەم خۆیان لەگەڵ ئەمریكا لەم كەرتەدا یەكسان بكەن، بۆ ئەوەی بەرەنگاری باڵادەستی سەربازی ئەمریكا بنەوە، كە لەگەڵ ئەمریكا لە بواری چەک و تەقەمەنی ئاساییدا ناهاوسەنگی هەیە، بەڵام هەندێک ترسیان هەیە لەوەی زۆرێک لەو وەبەرهێنانانە بێهودە بن، چونكە ڕاڵف لانگنەر، پسپۆڕی ئەڵمانی لە بواری ئاسایشی ئەلیكترۆنیدا، پێی وایە دامەزراوەی سەربازیی گەورە هەن كە ئەم ڕێبازە دەگرنەبەر و هێزێكی ئەلیكترۆنی مەجازی نیشان دەدەن، بەڵام ئەو گەشەسەندنەی كە لە تەكنەلۆژیای زانیاریدا ڕوودەدات، ڕەنگە كۆتایی بەم تیروانینانە بهێنێت، بەجۆرێک كە هەمووان سەریان سوڕدەمێنێت كە پرسەكە چەتەی دەریایی ئەلیكترۆنی تەقلیدی و شەڕی ئەلیكترۆنی تێپەڕاندووە، ئێستا لە ڕێگەی ڤایرۆسە پێشكەوتووەكانەوە ئەنجام دەدرێن.

بەڵام كۆمەڵە پسپۆڕێک دەڵێن، چارەسەر لە بەرامبەر پێشكەوتنە چۆنایەتییە یەک لە دوای یەكەكان لەم بوارەدا لە ڕێگەی ستراتیژی چاوەڕوانییەوە بەدی نایەت، بەو پێیەی هیچ دەربازبوونێک نییە لە بەردەوامبوون لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات بەبێ گوێدانە بڕی خەرجكردن و هەوڵ و پلانەكان و بێ ئەوەی زۆر بیر لەوە بكەینەوە كە ئەوەی دێت ڕەنگە ئەوەی هەیە لەناوی ببات.

بەشێكی شارەزایان پێیان وایە، فاكتەری سەرەكی دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنە ئەلیكترۆنییە سەركەوتووەكان، (وەک هێرشی ستۆكستنێت كە بەم دواییە بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی كردە ئامانج)، لە جۆردایە نەک لە ژمارە و بڕی پسپۆڕانی تەكنیكی و مەسەلەكەش وانییە پەیوەندیدار بێت بە خەرجكردنی بڕە پارەیەكی زۆر و بوونی ژمارەیەكی زۆر لە پسپۆڕان، بەڵكو لە ژمارەیەكی كەم، بەڵام بەردەوام لە كەسانی خاوەن بیر و ئیرادە و باڵادەستی تەكنەلۆژیا.

لە لایەكی دیكەوە بەشێک لە شارەزایان جەخت لەسەر پێویستی دامەزراوە سەربازییەكان بە گشتی و سەركردە باڵاكان بە تایبەتی دەكەنەوە لەسەر فێربوون بۆ تێكەڵكردنی ئامراز و هەڕەشە نوێیەكان لە تێگەیشتنی فراوانتریان بۆ ململانێ و مەشقەكانی پەیوەست بەوەوە، لە ئەمریكاشدا كۆلێژی جەنگی دەریایی، بابەتی ئەلیكترۆنی زیاد دەكرێت بۆ ئەو مەشقە سەربازیی و مانۆڕانەی كە ئەفسەرانی پلە مامناوەند ئەنجامی دەدەن.

شارەزایان زیاتر پێیان وایە كە شەڕە ئەلیكترۆنییەكان لە ساڵانی داهاتوودا سەرنجیان لەسەر هەوڵدان دەبێت بۆ پاراستن یان بڵاوكردنەوەی زانیاریی هەستیار، هەروەها پلاندانان بۆ هێرشی ئەلیكترۆنی بۆ سەر ژێرخانی نیشتمانیی گرنگی وڵاتان.

زانراوە كە شەڕی زانیاری و شەڕی دەروونی شتێكی نوێ نییە، بەو پێیەی نەیاران بۆ چەندین سەدە هەر ئامرازێكی بەردەستیان بەكارهێناوە بۆ كۆنترۆڵكردنی زانیاری و بڵاوكردنەوەی زانیاریی چەواشەكارانە، بەڵام سەردەمی زانیاری، زۆر ئەگەری نوێ پێشكەش دەكات و بە نموونە بە شێوەیەكی بەرفراوان پێیان وایە كە بڵاوكراوەی ویكیلیكس سەبارەت بە گەندەڵی و سەركوتكردنی خەڵک لە تونس، هۆكارگەلێک بوون بۆ بەشداربوونی هاووڵاتیان لە خۆپیشاندانەكانی ئەوێ كە دواتر بووە هۆی توندبوونی نارەزایەتییەكان و دەستپێكردنی شەپۆلێكی فراوانی گۆڕینی ڕژێمەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕێژەی سەدی و خەملاندنی بەرنامە ئەتۆمییەكەی ئێران كە بەهۆی هێرشە ئەلیكترۆنییەكانەوە كاریگەری لەسەر بووە، جیاواز بووە، بەڵام بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریكا پێیان وایە كە ئەوان سەركەوتوو بوون لە دواخستنی ئەو بەرنامەیە، بەڵام هەندێک شارەزا هەن كە گومانیان لەم بابەتە هەیە و دەڵێن، بەرنامە ئەتۆمییەكەی ئێران زیانێكی زۆری پێنەگەیشت و ئێرانیش بە هەمان خێرایی بەردەوامە لە پەرەپێدانی.

ڕاپۆرتە میدیاییەكانی ڕۆژئاوا ئاماژە بەوە دەكەن كە ئۆپەراسیۆنی "یاری ئۆلۆمپی" كە ئامانجی هەڵگیرسانی شەڕی ئەلیكترۆنی بوو لە دژی ئێران، لەوانەش ڤایرۆسی ستۆكسنێت، هاوشێوەی ئەو دزەكردنانە نییە كە هەواڵگریی ئەمریكا لەسەر هەندێک لە كۆمپیوتەرەكانی سەركردەكانی ئەلقاعیدە بۆ نموونە ئەنجامی دەدەن، هەروەها جیاوازە لەوەی كە حكومەتی ئەمریكا لە كاتی هێرشەكەدا كردوویەتی.

توێژەری فینلەندی میكۆ هایپۆنیم، دەڵێت "هێرشی زانیاری كاریگەرە، بەڵام دەتوانرێت ڕێگری لە ئەنجامدانی لێبكرێت، هەر بۆیە توێژەرەكە پێی شەڕێكی زانیاری دەستپێكردووە و نازانین بۆ كوێمان دەبات».

جەنگی زانیاری" وەک شەڕێكی "ئەڵتەرناتیڤ" بەبێ دیمەنی ئەشكەنجەدان و كوشتن و لەناوبردن بووەتە پرسێكی گشتی و بوارێكی سەرەكی لە پلان و ئاڕاستەكان.

سەرچاوە:

www.nationshield.ae

الحروب السايبرية... من الخيال العلمي إلى أرض الواقع

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# جەنگی ئەلیکترۆنی

## داڕشتنەوەی ڕێساکانی شەڕ و چارەسەری یاسایی

● ئامادەکردنی: هیوا ئەحمەد

**ئینتەرنێت، ئەو ئامێرە بەهێزەی کە سەرکەوتوو بووە لە چڕکردنەوەی گۆی زەوی و گۆڕانکاری ئەرێنی ژیان، بەڵام شمشێرێکی دوو سەریشە، لەلایەک کۆمەڵگا و جیهان یەکدەخات و بەهێزی دەکات، لەلایەکی تریش ئاسۆی نوێشی کردۆتەوە بۆ ئەو ململانێیانەی کە سنوورە جوگرافییەکان تێدەپەڕێنن. ئەم بابەتە ڕێگە خۆش دەکات بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی یاساکانی بەڕێوەبردنی ڕەفتاری بەرپرسیارانە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا پێویستن؟، چونکە ئێستا بەهۆی ئینتەرنێتەوە ڕێگەیەکی نوێ بۆ شەڕکردن هەیە. لە ئێستادا مرۆڤەکان نەک تەنها لەسەر وشکانی، دەریا یان ئاسمان شەڕ دەکەن، بەڵکو لە فەزای ئەلیکترۆنیشدا شەڕ دەکەن. شەڕی دیجیتاڵی دەتوانێت کاریگەری ئاڵۆزی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، سەقامگیری ئابووری و هاوسەنگی جیۆپۆلەتیکی جیهانی هەبێت. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی بنەماکانی شەڕ و ڕێساکانی بەشداریکردن هەیە.**

### جیاوازی شەڕی تەقلیدی و ئەلیکترۆنی

لەگەڵ زیاتر تێکەڵبوونی دۆمەینی فیزیکی و ئەلیکترۆنی، کاریگەرییەکانی شەڕی دیجیتاڵی لە جیهانی فیزیکیدا زیاتر بەرجەستە دەبن. هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەوانەیە ژێرخانی گرنگ تێکبدەن، کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبێت و زیانێکی بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی بگەیەنێت. ئەم فۆرمە نوێیەی جەنگ کە کەمتر دیارە، بەڵام ئەگەری هەیە وەک شەڕی تەقلیدی وێرانکەر بێت، بۆیە پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕەوشتیی هەیە.

بە پێچەوانەی شەڕی ئاسایی، شەڕی ئەلیکترۆنی زۆرجار هێڵی ڕوونی ناسینی نییە و دەتوانرێت بە ئاستێک لە نادیاربوون بەڕێوەبچێت کە لە شەڕی ئاساییدا نیە. ئەم شاردنەوەیە جێبەجێکردنی بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ئاڵۆزتر دەکات، کە پەیوەستە بە ناسینەوەی ڕوونی هێزەکان و ئامانجەکانەوە.

سروشتی پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا ئەم پرسەی ئاڵۆز کردووە. ئەو یاسایانەی ئەمڕۆ بەرکارن ڕەنگە بەتەواوی لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێدا نەگونجێت. بۆیە ئەم بابەتە نەک

تەنها پێویستی بە گونجاندن لەگەڵ یاساکانی ئێستا نیە، بەڵکو پێویستی بە دروستکردنی یاسای نوێش هەیە کە توانای هاوسەنگکردنی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا هەبێت.

پێناسەکردنی فەزای ئەلیکترۆنی وەک دۆمەینێکی شەڕ پێویستی بە سەرلەنوێ سەیرکردنەوەی چەمکە باوەکانی جەنگ هەیە. بە پێچەوانەی بەرەکانی شەڕی تەقلیدی، فەزای ئەلیکترۆنی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، سنوورە جوگرافییەکان و دەسەڵاتەکان تێدەپەڕێنێت. ئەم بڵاوبوونەوەیە تەحەدای ستراتیژی ناوازە دروست دەکات، چونکە هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن لە هەر گۆشەیەکی جیهانەوە سەرچاوە بگرن.

جۆرەکانی دەستدرێژی ئەلیکترۆنی وەک دزینی داتا یان هەڵمەتی زانیاری ناڕاست، هێڵەکانی نێوان چالاکیی تاوانکاری و کردەوەکانی شەڕ کاڵ دەکەنەوە. ئەم ناڕوونییە ئەرکی داڕشتنی وەڵامی گونجاو بۆ هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان ئاڵۆزتر دەکات.

هەروەها یەکخستنی فەزای ئەلیکترۆنی لەگەڵ کایەی شەڕدا ڕەهەندی ستراتیژی نوێ دەکاتەوە. توانا ئەلیکترۆنییەکان ئامرازێک بۆ دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دەڕەخسێنن بۆ کاریگەریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان بە ئاستێکی وردبینی و دزییەوە کە چەکی ئاسایی ناتوانن هاوتای بکەن.

## یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی شەڕی چەکداری لەسەر بنەمای مرۆیی سنووردار بکات. ئامانجی پاراستنی ئەو تاکانەیە کە بەشداری شەڕ ناکەن یان وازیان لە بەشداریکردن هێناوە و سنووردارکردنی ئامراز و شێوازەکانی شەڕە.

بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامەی جنێڤ لە مێژە بنەمای ڕەفتارو ڕەوشتی شەڕە، جەخت لەسەر پاراستنی خەڵکی مەدەنی و قەدەغەکردنی ئازاری ناپێویست کراوەتەوە. وەرگێڕانی ئەم بنەمایانە بۆ فەزای ئەلیکترۆنی پێویستیەکی نوێیە. ڕێککەوتننامەی جنێڤ کە بەردی بناغەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییە، پێوەرەکان بۆ مامەڵەی مرۆڤانە لە شەڕدا دادەنێت، جەخت لەسەر پاراستنی خەڵکی مەدەنی و کارمەندانی پزیشکی و دیلەکانی جەنگ دەکاتەوە. ئەم بنەمایانە کە لە مۆدێلی شەڕی ئاساییەوە وەرگیراون، ئێستا ڕووبەڕووی تەحەدای مانەوە هاتووە لە بەرامبەر تایبەتمەندییە ناوازەکانی شەڕی ئەلیکترۆنیدا.

یەکێک لە تەحەددای سەرەکی لە جێبەجێکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بۆ فەزای ئەلیکترۆنی، پرسی ناسینەوەی شەڕکەر و غەیرە شەڕکەرەکانە. لە ململانێ ئاساییەکاندا، پێگەی شەڕکەر بە گشتی ڕوونە، بە خزمەتکردنی سەربازی و بەشداری ڕاستەوخۆ لە شەڕەکاندا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، ئەکتەرەکان لە هاکەرەکانی سپۆنسەری دەوڵەتەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە گروپ و کەسانی سەربەخۆ، ئەمەش هێڵەکانی نێوان دۆخی شەڕکەر کاڵ دەکاتەوە. ئەم ناڕوونییە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ئاڵۆزتر دەکات، کە پشت بە جیاوازی نێوان جەنگاوەران و مەدەنییەکان دەبەستن بۆ دیاریکردنی ئامانجە یاساییەکان و شێوازە قبوڵکراوەکانی شەڕ.

تەحەدایەکی دیکەی گەورە بریتییە لە پرەنسیپی ڕێژەیی، کە بنەمایەکی بنەڕەتی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییە و داوا دەکات هەر هێرشێک ڕێژەیی بێت لەگەڵ ئەو قازانجە سەربازییەی بەدەستی هێناوە، و دووركەوتنەوە لە ئازاری ناپێویست.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە فەزای ئەلیکترۆنیدا هەڵسەنگاندنی ڕێژەیی هێرشی ئەلیکترۆنی پڕە لە کێشە و گرفت. هێرشی ئەلیکترۆنی وەک پێشێلکردنی داتا و زانیارییەکان دەتوانێت کاریگەری درێژخایەنی هەبێت کە پێشبینیکردنی قورسە. ئەم ناڕوونییە پێوانەکردنی ئەوەی کە ئایا پرۆسەیەکی ئەلیکترۆنی لەگەڵ بنەمای ڕێژەیی دەگونجێت یان نا، قورس دەکات.

هەروەها هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەوانەیە بەبێ ئاگاداری یان بە مەبەست کاریگەرییان لەسەر ژێرخانی مەدەنی هەبێت، وەک نەخۆشخانەکان، وێستگەکانی کارەبا و سیستەمی دابینکردنی ئاو. سروشتی پەیوەستبوونی تۆڕە دیجیتاڵییەکان بەو مانایەیە کە هێرشکردنە سەر ئامانجێکی سەربازی ڕەنگە کاریگەریی لەسەر سیستەمی مەدەنی هەبێت، ئەمەش پرسیاری ئاڵۆز سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان لە چوارچێوەی شەڕی ئەلیکترۆنیدا دەوروژێنێت.

سەرەڕای ئەم تەحەددیایانە، گونجاندنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لەگەڵ فەزای ئەلیکترۆنیدا زۆر پێویستە، چونکە بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە لە ململانێ ئەلیکترۆنیەکاندا مامەڵە بکەین، پێویستە ڕێز لە یاساکانی مرۆڤبوون و ئەنجامدانی ئەوەی پێویست بێت، ڕێژەیی بوون و جیاوازیکردن بگرین، بەڵام وەرگێڕانی ئەم بنەمایانە بۆ ڕێنماییە کردارییەکان پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد هەیە لە لایەنە تەکنیکییەکانی ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەرییە ئەگەرییەکانی شەڕی دیجیتاڵی.

لە کاتێکدا ئێمە بە ئاڵۆزییەکانی جێبەجێکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تێدەپەڕین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵێکی نێودەوڵەتی هاوبەش پێویستە. ئەم هەوڵە نەک تەنها بۆ لێکدانەوەی یاساکانی ئێستا ، بەڵکو بۆ دارشتنی ڕێنمایی و ستانداردی نوێیش کە بەپێی ئەو تەحەدیا ناوازانەی فەزای ئەلیکترۆنی دروستکراون.

## هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

گروپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتن بە پرسەکانی فەزای ئەلیکترۆنی ئەرکی زۆریان لەسەرە بۆ بەهێزکردنی کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دەوڵەتان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی و ململانێی نێودەوڵەتیدا.

یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی گرنگی ئەم گروپانە پەرەپێدانی ستانداردەکانە بۆ ڕەفتاری دەوڵەت لە فەزای ئەلیکترۆنیدا. ئەم ستانداردانە ئامانجیان دابینکردنی کۆمەڵێک ڕێنمایی ناپابەندکەرە کە تەواوکەری یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستان. ئامانج لێی هاندانی دەوڵەتانە بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە لە فەزای ئەلیکترۆنیدا مامەڵە بکەن، هەروەها خۆیان لەو کارانە بپارێزن کە دەتوانن زیانێکی بەرچاو بە ژێرخانی مەدەنی بگەیەنن یان ململانێکان زیاتر بکەن. نەتەوە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی ئەم جۆرە ستانداردانە هەوڵدەدات سەقامگیری بەرەوپێش ببات و مەترسییەکانی پەرەسەندنی نەخوازراو لە بواری دیجیتاڵیدا کەم بکاتەوە.

ئاسایشی ئەلیکترۆنی پرسێکی جیهانییە و لاوازی وڵاتێک دەتوانێت لێکەوتەی ترسناک بۆ هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت. بە یارمەتیدان بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی بەهێزی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیاسەت لە وڵاتانی کەمتر پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا، بۆیە ئەم گروپانە کاردەکەن بەرەو فەزای ئەلیکترۆنی جیهانیی سەلامەتتر.

هەروەها گروپەکانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەرقاڵی گفتوگۆن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستا، لەوانەش یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، بۆ فەزای ئەلیکترۆنی. ئەم باسانە زۆر گرنگن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن بنەماکانی وەک سەروەری، دەستوەرنەدان و مافی مرۆڤ بۆ کردەوەکانی دەوڵەت لە کایەی دیجیتاڵیدا دەگونجێت. ئەم ئەرکە نەک تەنها لێکدانەوەی چوارچێوە یاساییە بەرکارەکان لەخۆدەگرێت، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە ئامرازە یاساییە نوێیە چاوەڕوانکراوەکان یان گۆڕانکارییەکانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەحەدایە ناوازانەی کە تەکنەلۆژیاکانی ئینتەرنێت دروستی دەکەن، لەخۆدەگرێت.

جگە لەوەش ئەم گروپانە ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ و هاوکاری نێوان وڵاتان دەکەن. لە جیهانی فەزای ئەلیکترۆنیدا کە سنوورەکان داخراونین و هەڕەشەکان زۆرجار کراوەو ڕاستەوخۆن، هاوکاری نێودەوڵەتی زۆر پێویستە. گروپەکان سەکۆیەک بۆ وڵاتان دابین دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، باشترین پراکتیزەکان و ستراتیژییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان، و پێشخستنی ڕێبازێکی هاوبەش بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دارشتنی بنەماکانی ڕەفتاری ئەلیکترۆنیدا پرۆسەیەکی بەردەوامە، لەگەڵ گۆڕانی خێرای تەکنەلۆژیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەرەدەستێنێت. هەوڵەکانی ئەم گروپانە زەمینەیەک پێکدەهێنن بۆ دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر یاساکان بۆ فەزای ئەلیکترۆنی، و دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بوارە گرنگە بە چوارچێوەیەک بەڕێوەدەچێت کە ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری بەرەوپێش دەبات.

## گرنگی گفتوگۆ و هاوکاری جیهانی

لە فەزای ئەلیکترۆنیدا کە هەڕەشەکان سنووره نیشتمانییەکان ناناسن، هاوکاری و گفتوگۆی جیهانی گرنگە. ئەم بەشە ڕۆڵی گرینگی هاوکاری نێودەوڵەتی لە دامەزراندنی نۆرمەکان بۆ هەڵسوکەوتی ئەلیکترۆنی و لە وەڵامدانەوەی کاریگەرانە بۆ هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان دەکۆڵێتەوە. ئەوە نیشان دەدات کە

هەبوونی ڕێبازێکی جیهانی بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەتوانێت هەم کێشە و هەم سوودی هەبێت.

سروشتی بێسنووری فەزای ئەلیکترۆنی بەو مانایەیە، کە ئەو کردارانەی لە بەشێکی جیهان ئەنجام دەدرێن دەتوانن کاریگەری دەستبەجێ و دوور مەودایان هەبێت لە شوێنەکانی تر. ئەم کێشەیە داوای ڕێبازێکی بەکۆمەڵ دەکات بۆ ئاسایشی ئەلیکترۆنی کە لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان تێپەڕێت و سەرنجی لەسەر ئامانجی هاوبەشی پاراستنی ژینگەی دیجیتاڵی سەلامەت و سەقامگیر هەبێت. هاوکاری کاریگەر تەنها پێویستی بە هاوبەشکردنی زانیاری و باشترین پراکتیزەکان نییە، بەڵکو پابەندبوون بە هاوئاهەنگی سیاسەت و چوارچێوە یاساییەکان بۆ دروستکردنی ستراتیژییەکی جیهانی یەکگرتوو لە دژی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان.

یەکێک لە کێشەکانی کارکردنی پێکەوەیی لە دەرەوەی سنوورەکان ئەوەیە کە وڵاتان شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و یاسایان جیاوازە. زۆرجار وڵاتانی پێشکەوتوو ژێرخانی پێشکەوتووی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیستەمی یاسایی گشتگیریان هەیە، لە کاتێکدا ڕەنگە وڵاتانی تازەپێگەیشتو سەرچاوە و شارەزاییان نەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرانەی هەڕەشە ئەلیکترۆنیەکان. ئەم جیاوازییە دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازی و لەلایەن ئەکتەرە زیانبەخشەکانەوە بقۆزرێتەوە، ئەمەش مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەلیکترۆنی جیهانی دروست دەکات. پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی بنیاتنانی توانا و هاوکاری تەکنیکییەوە زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی فەزای ئەلیکترۆنی جیهانی.

یەکێکی تر لە تەحەدیاتەکان جیاوازی بۆچوونی گەلانە سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەرییەکانیان. لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک وڵات تواناکانی ئەلیکترۆنی بە پلەی یەکەم وەک ئامرازێک بۆ بەرگری نیشتمانی و کۆکردنەوەی هەواڵگری سەیر بکەن، هەندێکی تر لەوانەیە جەخت لەسەر گرنگی ئازادی ئەلیکترۆنی و پاراستنی مافە دیجیتاڵییەکان بکەنەوە. ئەمە پێویستی بە گفتوگۆیەکی کراوە و ئامادەیی بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان هەیە، هاوکات هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ.

پابەندبوون بە گرتنەبەری ڕێبازێکی هاوبەش و گشتگیر و دینامیکی بۆ حوکمرانی ئەلیکترۆنی ئامرازێک دەبێت لە داڕشتنی داهاتوویەک کە تێیدا ئاشتی و ئاسایش و داهێنان لە بواری دیجیتاڵیدا گەشە بکات و دیوە مەترسیدارەکەی ئەم بوارە نەهێڵێت یان کەم و لاوازی بکات. چاوەڕوانین کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و وڵاتان و دەسەڵاتداران فەزای ئەلیکترۆنی سەقامگیر و تەندروست بۆ نەوەکانی داهاتوو دروست بکەن.

سەرچاوە:
www.linkedin.com / Securing Cyber Peace: Navigating Digital Warfare and International Law



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# له ڕەنگی کڵاوەکانەوە

## شەڕی کوشندە بەڵام بێدەنگ.. جیهان بەم شێوەیە شەڕی سایبەری دەکات

وەرگێڕان: عقید/غفور فقی محمدامین

**لەو کاتەوەی تەکنۆلۆجیا جەنگی دڕندانەترو کەم تێچووی فەراهەم کردووە، جۆرو شێوەیجەنگەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو جەنگەکان چیدیکە وەک ڕابردوو بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سوپا ئاساییەکان نابەستن کە فڕۆکە و مووشەک و بۆمبیان هەیە. گرنگتر لەوەش ئەوەیە، ئەم جەنگانە وێڕای ئەوەی وێرانکەرن، بەڵام بە بێدەنگی بەڕێوەدەچن. جەنگی سایبەریی فرە گۆڕەپان زاڵبووە بەسەر بیرکردنەوەی سەربازیی زۆرێک لەو وڵاتانەی کە سوپای گەورەیان دامەزراندووە. لە پشت کۆمپیوتەرەکانەوە دادەنیشن و بەدوای کەلێنێکدا دەگەڕێن کە تەنیا بە کلیکێک دەرفەتی شکستی گەورە بە دوژمنێکی پڕچەک بدات.**

بەپێی فیلمی «جەنگەکانی داهاتوو» کە پلاتفۆرمی الجزیرة ٣٦٠ ئامادەی کردووە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە جەنگی سایبەری لە پلانی سیاسی و سەربازییدا نەبوو، تا ئەو کاتەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ڕۆناڵد ڕیگان - پێش ٤٠ ساڵ - فیلمی «یارییەکانی جەنگ» (WAR GAMES) دەبینێت کە باسی چیرۆکی گەنجێک دەکات کە بە مەبەستی گەڕان بەدوای یارییەکی ئەلیکترۆنی، توانی کۆمپیوتەرێکی سەربازیی هەستیار هاک بکات، بەڵام گەنجەکە بەبێ ئەوەی بزانێت، جبەخانەی ناوەکیی ئەمریکای دژ بە سۆڤییەت چالاککرد و هەسارەکەی خستە لێواری جەنگی جیهانی سێیەمەوە. دوای بینینی فیلمەکە، ڕاستەوخۆ ڕیگان لە ڕاوێژکارەکانی پرسی: ئایا کەسێک دەتوانێت ئامێرە هەستیارەکانی ئەمریکا هاک بکات؟ وەڵامە شۆککەرەکە ئەوە بوو، دۆخەکە «خراپترە لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە».

### خەیاڵ دەبێتە واقیع

تەنیا ٥ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، ڕیگان وەڵامێکی کردەیی بۆ پرسیارەکەی وەرگرت کاتێک خوێندکارێکی زانکۆ بە ناوی ڕۆبەرت مۆریس بەبێ مەبەست کرمێکی زیانبەخشی پەرەپێدا کە خۆی لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر کۆپی دەکردەوە، کە بووە هۆی وەستانی ٦ هەزار ئامێر لە یەک ڕۆژدا. کرمی مۆریس ئەو ساتە بوو کە بەرەیەکی نوێی جەنگی نائاسایی لە جەنگە کلاسیکییەکاندا سەری هەڵدا. ئەم گۆڕەپانە ناوەکەی لە لایەن جۆن ئارکویلا و دەیڤید ڕۆنفێلت، دوو توێژەر لە دامەزراوەی «ڕاند»ی نزیک لە پێنتاگۆن وەرگرت، لە ساڵی ١٩٩٣ هۆشداریان دا کە «جەنگی سایبەری» لە ڕێگایە.

ئارکویلا - کە ئێستا وەک پرۆفیسۆری شانازی شیکردنەوەی بەرگری لە کۆلێژی خوێندنی باڵای دەریایی ئەمریکا کار دەکات، دەڵێت ئەوان بە ڕاستی نیگەران بوون لەوەی کە پێویستە سوپاکان چی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە لە تەکنەلۆجیای زانیاری بگونجێنن. هەروەها ئەو و هاوڕێکەی دەیانزانی کە سوپاکان دەتوانن بە پێکدادانی کەمتر زیانی گەورەتر بە دوژمن بگەیەنن.

## سەرکەوتن بە بێ شەڕ

سان تزوو لە کتێبی هونەری جەنگدا دەڵێت « گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە کە پێویستی بە جەنگ نییە.» ئەمەش بەتەواویی لە جەنگی ئەلیکترۆنیدا ڕوودەدات، کە گەورەترین مەترسییەکانی ئەوەیە جەنگێکی پڕ دەنگ و هەرا نییە کە لەسەر زەوی ڕووبدات، بەڵکو جەنگێکی بێدەنگە و لە فەزای سایبەریدا بەبێدەنگ و هەرا هەڵدەگیرسێت و لەوانەیە بۆ چەندان ساڵ بەردەوام بێت کە لە ماوەیەکیدا بە شێوەیەکی دیکەملیۆنان قوربانی لێدەکەوێتەوە بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات. لەم جۆرە جەنگانەدا، هەموو کەسێک لەژێر هەڕەشەی جۆرەها هێرشی کوشندەدان.

هەرچەند هۆلییوود یارمەتی ڕیگانی دا کە بە پێشوەختە پێشبینی ئەوە بکات کە جەنگی داهاتوو چۆن دەبێت و هانی دا دۆسیەی ئاسایشی زانیارییەکان بدات بە وەزارەتی بەرگری و یاسا دابنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڕەشە چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەو وێنەیەی کە تا ئێستاش پیشانی دەدات، لە وێنە ڕاستەقینەکەی زۆر دوورە.

سینەمای جیهانی هەوڵدەدات، هاککەر تەنیا لە کەسێکی دژەحکوومەتەدا کورت بکاتەوە کە ماسک و جلوبەرگی ڕەش دەپۆشێت و کردەوەی نیازپاکانە ئەنجام دەدات، بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی ئاکامی خراپ. لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نییە، چونکە ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن، بە زیرەکییەکی نائاسایی دەناسرێنەوە و جلوبەرگی فەرمی لەبەر دەکەن و مووچە، ئیمتیازات و پاراستن لە حکومەتی ئەو وڵاتە وەردەگرن کە کاریان پێ دەکات.

لە ڕاستیدا ئەم سەربازانە ناچنە مەیدانی جەنگەوە و لە پشت کۆمپیوتەرەکانیانەوە دادەنیشن و کڵاوی سێ ڕەنگی جیاواز لەسەر دەکەن: ڕەش بۆ هێرش، سپی بۆ بەرگری و خۆڵەمێشی کە مانای بێلایەنی دەگەیەنێت. زۆر جار بەرگریکار کڵاوە سپییەکەی دادەکەنێت و ڕەشەکە لەجێی دادەنێت، تاکوو وەک ئەوانی دیکە لە قوڕی جەنگەکەدا نوقم ببێت.

## چۆن جەنگی سایبەری بەڕێوەدەبرێت؟

چین: سیخوڕی و بەدەستهێنانی زانیاری.
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئەنجامدانی هێرشی ڕاستەقینە لەسەر زەوی بەبێ دەستێوەردانی سەربازی.
ڕووسیا: پەکخستنی ژێرخان و کۆنترۆڵکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە. ئێران: بە ئامانجگرتنی کۆمپانیا گەورەکان و بازرگانەکان. کۆریای باکوور: دزینی دارایی.

هەرچەندە ستراتیژ و تاکتیکەکان فرەن، بەڵام نموونەیەک هەیە بۆ ئەم جەنگە کە هەموو لایەک پەیڕەوی دەکەن: زنجیرەی کوشتنی سایبەری کە پێکهاتووە لە ٦ ئەڵقەی پەیوەست: چاودێری، چەکدارکردن، گەیاندن، بەکارهێنان، چەسپاندنی ئەلیکترۆنی، پاشان فەرماندەیی و کۆنترۆڵ.

هەر ڕەنگێکی کڵاوت لەسەر بێت، دەبێت لەم نموونەیەوە بیربکەیتەوە: یان هەوڵی تەواوکردنی زنجیرەکە دەدەیت ئەگەر کڵاوی ڕەشت لەسەرە، یان دەیشکێنیت ئەگەر لە کڵاو سپییەکانیت، یان چاودێری هەردوو تیمەکە دەکەیت بۆ هەڵبژاردنی پێگەی کۆتاییت ئەگەر لەوانەیت کە کڵاوی خۆڵەمێشی لەسەر دەکەن.

وتەیەکی بەناوبانگی پاڵەوانی بۆکسینی جیهانی مایک تایسن هەیە کە دەڵێت: «هەموو کەس پلانێکی هەیە هەتا زللەیەک لە لووتی دەدرێت». ئەمەش هەمان شتە کە لە شەڕی سایبەریدا ڕوودەدات، بەڵام لێدانەکە لە شەڕی سایبەردا بە کەوتنی یاریزانێکی خوێناوی لە گۆشەی ڕینگەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو لە تاریکیدا دەمێنێتەوە و ئەوەی لێی دەدرێت لەوانەیە بۆ ساڵانی داهاتوو بەبێ هەستپێکردن خوێنی لێ بڕوات.

ئەم لێکچوواندنە ڕێک ئەوەیە کە بەسەر کۆمپانیای زەبەلاحی ئینتەرنێتی ئەمریکی، مایکرۆسۆفتدا هات کاتێک بۆ ٥ ساڵ لە کەلێنێکی سیستەمی هاوبەشکردنی فایلەکان، لە ویندۆزدا بێئاگا بوو، پێش ئەوەی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بیدۆزێتەوە و بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی تر بەکاری بهێنێت.

دواتر، ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا خۆی هاککرا و کەلێنەکە دزرا و بە ڕووسەکان فرۆشرا کە لە ڕێگەیەوە هێرشی توندی «نۆت پێتیا»یان لە ساڵی ٢٠١٦ لە دژی ئۆکراینا ئەنجام دا.

ئارکویلا دەڵێت: زۆربەی خەڵک بەردەوام لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەر ئەم شەڕە دەکەون، لەوێ وەک بەشێک لە شەڕە سیاسییەکان دژی حکومەتەکانیان هان دەدرێن، سەرەڕای ئەوەی زانیارییە سەرەکییەکانیان لەژێر چاودێریدان بە شێوەیەک کە تایبەتمەندێتییان پێشێل دەکات و دەبێتە کاڵایەک بە ئاسانترین شێوە.

لە کۆتاییدا، مرۆڤ خاڵە لاوازەکەی ئەم شەڕەیە کە بەبێ هەستپێکردن تێوەی دەگلێت، کاتێک مۆبایلەکەی بەدەستەوەیە یان لەپشت شاشەی کۆمپیوتەرەکەیەوە دانیشتووە وەک ژمارەیەک لەناو ملیۆنان ژمارەی پەرتەوازە لە گۆڕەپانی شەڕدا تەنانەت ئەگەر نەیەوێت بچێتە ئەم گۆڕەپانەوە لەوانەیە خۆی لە ناوەڕاستیدا ببینێتەوە بەهۆی حەزی بۆ زانینی درێژەی چیرۆکێک یان گەڕان بەدوای وێنە یان دیمەنێکدا، یان ڕەنگە بەهۆی چاوچنۆکی مرۆیی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی گەورە بە کلیکێک و پێش هەموو ئەمانەش بەهۆی گرنگینەدان بە هەڵبژاردنی وشەی نهێنی کە تارادەیەک لە بەرانبەر ئەم چەکە نادیارانەدا پارێزراوی بکات.

سەرچاوە: www.aljazeera.net

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# شەڕەکانی زانیاری و ئاشتیی ئەلیکترۆنی

وەرگێڕان: ژوان

**نزیکەی چارەک سەدەیەک لەمەوبەر، چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و بابەتەکانی نیگەرانی هاووڵاتیانی ئاسایی، ڕۆشنبیران، سیاسەتمەداران و بڕیاردەرەکان هەمەچەشن بوون، ئەمەش لەئەنجامی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی گەورە و خێرا لە تەکنەلۆژیای گواستنەوە و بەرهەمهێنان و هەڵگرتنی پیشەسازی زانیاریدا کە لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە کلتوورەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەدوای خۆیدا هێنا.** هەموو جیهان بوو بە گوندێکی بچووک و کراوە و بەیەکەوە گرێدراو، بە جۆرێک، هەمووان دەستیان بە زانیاری ڕادەگات. گۆڕەپانەکانی شەڕ و ناکۆکی و نادادپەروەری و چەوساندنەوە و زەلیلکردنی مرۆڤایەتی بە هەموو چین و ڕەگەز و تەمەنەکانییەوە، گواستراوەتەوە بۆ ژووری میوانی هەموو ماڵێک و لە هەموو بەشێکی جیهان بە وێنەی ڕاستەوخۆ پێوەی سەرقاڵە کە بەهۆی ئەو کرانەوە گەورەیەی تەکنەلۆژیای زانیاری هاتۆتەئاراوە، کە بووەتە زەمینەی دەستڕاگەیشتن بۆ هەموو جۆرە زانیاری و وێنەیەک.

گەشەسەندنی تەکنیکی ئاسانکاری کردووە بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی و نامەنووسی نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە پشتبەستن بەو شتانەی کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن دابینی دەکات و ئاسانکاری بۆ دەکات.

هەندێکی تریش ڕێکخراوی خراپ و تیرۆریستین کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەیەک یان ئایدئۆلۆژییەک دەکەن بەبێ گوێدانە شەرعیەتی میتۆدەکانی، بێگومان وەرچەرخانێکی نامرۆڤانە و تاوانکاری بەخۆیەوە دەبینێت.

هۆکار و پێناسە و بیروباوەڕ هەرچییەک بێت؛ ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ژێرخانی پەیوەندی و زانیاریی جیهانی مەترسی لەسەرە و دزەکردن و دەستکاریکردنی زانیارییەکانی هەڵگیراو یان سووڕاوە لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندییەوە بەردەوام لە زیادبووندایە، ئەمەش بە ئامانج و هۆکاری جۆراوجۆر.

دەرکەوتنی ئینتەرنێت وەک کاراکتەرێکی جەنگاوەر، بووەتە هۆی ئەوەی هەوڵبدرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن دەتوانرێت فەزای ئەلیکترۆنی بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، لیژنەی مافە مەدەنییەکانی ئەڵمانیا (FIfF) کەمپەینی ئاشتی ئەلیکترۆنی بەڕێوەدەبات بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای چاودێری و دژ بە سەربازیکردنی فەزای ئەلیکترۆنی و پەرەپێدان و نەهێشتنی بەرنامە زیانبەخشە هێرشبەرەکان.

هەروەها بابەتی ئاشتیسازی ئەلیکترۆنی لەلایەن توێژەرانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، وەک ڕێگەیەک بۆ گەڕاندنەوە و پێشخستنی ئاشتی لە دوای هەردوو شەڕی ئەلیکترۆنی و ئاسایی.

ar.wikipedia.org





# ئاسایشی ئەلیکترۆنی
# ڕێگاکانی خۆپاراستن و بەرگری

● ئامادەکردنی: هۆزان قارەمان

**ئاسایشی ئەلیکترۆنی، ئاسایشی زانیارییە کە پەیوەندی بە پاراستنی فەزای ئەلیکترۆنییەوە هەیە لەهەر مەترسی و هەڕەشەیەک. بە واتایەکی تر، ئاسایشی تۆڕ و ئاسایشی ئەلیکترۆنی واتە پاراستنی کۆمپیوتەر بە هەموو پێکهاتەکانی و بەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی و داتاکانەوە لە هەر زیان و لەناوچوون و مەترسییەکی ئەلیکترۆنی یان هاککردن.**

پسپۆڕی ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی ئاسایشی تۆڕ یان ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لە زانستی کۆمپیوتەر بەگشتی، بە یەکێک لە پسپۆڕییەکان دادەنرێت، تەنانەت یەکێک لە پسپۆڕییە بنەڕەتییەکانی سەر بە زانستی کۆمپیوتەرە و بەشەکانی ئەم پسپۆڕییەش بریتیە لە: زانستی داتا، ئاسایشی تۆڕ، زیرەکی دەستکرد، ئەندازیاری کۆمپیوتەر و سیستەمەکان.

## پسپۆڕی ئاسایشی تۆڕ

پسپۆڕی ئاسایشی تۆڕ یان ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە یەکێک لەو پسپۆڕییانە دادەنرێت کە لە ساڵانی ڕابردوودا، زۆرترین داواکاری لە بازاڕی کاردا لەسەربووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی تاوانە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بەهۆی کەمیی پسپۆڕانی ئەم بوارە، وایکردووە، جگە لە خواست لەسەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئامێرە زیرەکەکان، داواکاریی لەسەر کەسانی پسپۆڕ لەو بوارە بەردەوام لە زیادبووندایە، بۆیە کۆمپانیاکان زۆرجار ئەو داواکارانە هەڵدەبژێرن کە زانستی کۆمپیوتەریان خوێندبێت و بڕوانامەی ماستەریان لە بواری ئاسایشی تۆڕدا هەبێ.

سەبارەت بە خوێندن لەم پسپۆڕییەدا، دەتوانرێت بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی کۆمپیوتەر، ئەندازیاری کۆمپیوتەر، سیستەمی زانیاری، یان ئایتی بەدەستبهێنێت و دواتر بڕوانامەی ماستەرەکەی لە بواری ئاسایشی تۆڕ تەواو بکات.

دەکرێت فێرخواز بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئاسایشی تۆڕ بەدەستبهێنێت و دواتر بڕوانامەی ماستەر لە یەکێک لە لقەکانی بوارەکە تەواوبکات.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گەشەسەندنە گەورە و زەبەلاحە تەکنەلۆژییە و شۆڕشی زانیاری کە جیهان ئەزموونی دەکات و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خواستە گەورە و زەبەلاحە بۆ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، پێویستی بە پەلە سەریهەڵداوە بۆ بوونی پسپۆڕییەکی گرنگ وەک پسپۆڕی ئاسایشی تۆڕ بۆ پاراستنی بەکارهێنەران لە هاک و تاوانەکان کە لەوانەیە لەم جیهانە مەجازییەدا ڕووبەڕووی هەر کەس و لایەن و وڵاتێک ببێتەوە.

## ڕێگاکانی خۆپاراستن و بەرگری

لە ژێر فشاری شەڕی ئەلیکترۆنیدا، حکومەتەکانی زۆرێک لە وڵاتان سیاسەتی پراکتیکی ئاسایشی نیشتمانییان دەرکردووە بۆ پاراستنی ژێرخانی زانیارییەکانیان. دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن چەمکی ڕێگریکردن لە چەک و پەلاماری ئەلیکترۆنی پەرەپێدەدەن بۆ بەرگری لە ڕووداوی هێرشی دیجیتاڵی. بژاردەی دیکەیان ئەوەیە کە هەوڵ بدەن سەپاندنی سزا، لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، یان تەنانەت هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە هێرشبەرەکان پەیڕەو بکەن. لە کاتێکدا هاکەرەکانی هەموو وڵاتان بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ هاککردنی سیستەمی کۆمپیوتەریی ڕکابەرەکانیان، لە بەرانبەریشدا پێشکەوتن لە ڕێگریکردن و بەرگرییەکان لە جەنگی ئەلیکترۆنی بەردەوامە.

لەم پرسە ئەلیکترۆنیەدا وڵاتان بە شێوەیەکی گشتی ڕێبازێکی بەرگری جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، کە بریتین لە:

-پاراستنی ئیکۆسیستەمی ئەلیکترۆنی.

- هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی.
- پێشخستنی ستاندارده کراوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمپانیاکان بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا.
- گۆڕینی وشەی نهێنی ناوەناوە و دانانی وشەی نهێنی قورس و ئاڵۆز، واتا کۆدکردنی بەهێز.
- بەکارنەهێنانی هەمان وشەی نهێنی بۆ سیستەمی جیاواز.
- دڵنیابوون لە نوێبوون و چالاکبوونی هەموو سیستەمەکان ، بەتایبەتی بەرنامەکانی دژەڤایرۆس.
- دڵنیابوون لەوەی کە سیستەمەکان تەنها لە کاتی پێویستدا کاردەکەن.
- دڵنیابوون لە هەبوونی پاشەکەوتی نمونەیەک لە داتا و زانیارییەکان.

www.beiruttime.com
www: scs.org.sy
www. cyberone.co

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# پێشهاتەکانی ڕەگەزە نوێیەکانی جەنگ

## شۆڕشی پیشەسازی و جەنگە مۆدێرنەکان

وەرگێرانی: رائد سۆران

**شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شەڕەکانی ئێستا هەیەو لە داهاتوو ئەو کاریگەرییانە زیاتر دەبن و تەنانەت ڕەنگدانەوەیان بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانیش دەبێت لەم بابەتەدا کاریگەرییەکان و پێشهاتەکانی پەیوەست بەم پرسە دەخەینەڕوو.**

یەکەم: هەڵگیرسانی شەڕ ئاسانتر دەبێت، بەوپێیەی پشتبەستن بە ئامێرەکانی کارپێکراو لە دوورەوە لە پرۆسەی کوشتندا زیاد دەکات. ئەوانەی سیستەمی کوشندە بەکاردەهێنن دوور دەبن لە مەیدانی جەنگ و دوورن لە مەترسی جەستەیی و ئەمەش لە ئەنجامدانی شەڕ ئاسانکاری دەکات.

دووهەم: کوشتن خێرا دەبێت، چونکە ئەو خێراییەی کە ئامێرەکان دەتوانن لە داهاتوودا بڕیاری پێبدەن، ئەگەری زۆرە توانای گونجاندن و کاردانەوەی خێرامان بخاتەبەر تەحەدا و بەم شێوەیە ئەمە پێویستی بە پەیوەندییەکی نوێی مرۆڤ و ئامێر دەبێت. ئەمەش لەلایەن مەیجر جەنەراڵ ویلیام هیکسەوە لە کۆنفرانسی داهاتووی سوپای ئەمریکا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ پشتڕاستکرایەوە، کە تێیدا گوتی: ململانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا کوشندە و زۆر خێرا دەبن.

سێیەم: ترس و نادڵنیایی مەترسی زیاد دەکات، چونکە هەستکردن بە نادڵنیایی سەبارەت بە توانا ستراتیژییەکانی لایەنی بەرامبەر وەک توانا ستراتیژییە نوێیەکان لە بوارەکانی وەک زیرەکی دەستکرد، بۆشایی ئاسمان، قووڵایی دەریاکان و ئینتەرنێت دەتوانێت ببێتە هۆی مەترسی گرتن و ڕەفتاری شەڕانگێزانە. تەنانەت ئەگەر دڵنیا بیت لەوەی کە تۆ پێشەنگیت هەیە لە بوارێکی ستراتیژی گرنگی تەکنەلۆژیادا، دڵنیا نابیت لەوەی کە پێشەنگیەکە دەمێنێتەوە و ئەوەش وا دەکات حکومەتەکان زیاتر مەیلیان بۆ بەکارهێنانی هەبێت پێش ئەوەی ڕکابەرێک پێشت بکەوێت. لەم بارودۆخانەدا شەڕ بە هەڵە، یان لە ڕێگەی متمانەی زۆر بە توانای بردنەوەت، یان بەهۆی تێڕوانینێکی زیادەڕۆیی بۆ هەڕەشەکە، ئەگەری زیاتر دەبێت.

چوارەم: توانا نوێیەکان دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە هاوسەنگی نێوان سوودی هێرشبەری و بەرگری. بۆ نموونە یەکێک لە پایەکانی ڕێگریی ئەتۆمی توانای «لێدانی دووەم»ە، کە ئەم بیرۆکەیەی خوارەوە دەخاتە بەرچاو بۆ ئەو حکومەتانەی کە دەیانەوێت دەستبدەنە هێرشی ئەتۆمی «تەنانەت ئەگەر وڵاتێکی نەیار بە تەواوی لەناوببەین، ژێردەرياییەکانیان هەر لەوێ دەبن بۆ تۆڵەستێن». بەڵام ئێستا کۆمەڵێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە توانای شوێنپێهەڵگرتن و دابڕاندنی ژێردەرياییە موشەکییە ئەتۆمییەکانیان هەیە دەتوانن لە ژێر ڕاداردا بفڕن بۆ قووڵایی خاکی دوژمن. بەم شێوەیە ئەم توانایانە وا دەکات کە بتوانین لە تۆڵەی لێدانی دووەم نەترسین. هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر بانکەکان و وێستگەکانی کارەبا و دامەزراوە حکومییەکان دەریخستووە، کە چیتر پێویست ناکات فڕۆکەی بۆمبڕێژکراو بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوە بگاتە ژێرخانی گرینگی دوژمنێکی دوور.

پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی پێشبڕکێی نوێی چەك ئەستەمە، یەکێك لە میکانیزمەکانی سەقامگیری، ستراتیژیی ڕێککەوتنەکانی کۆنترۆڵکردنی چەك بووە، کە کاریان کردووە بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆجی و کیمیایی، بەڵام کاتێک باس لە چەندین پێکهاتەی تەکنەلۆژیا دەکرێت کە وەک تایبەتمەندییەکی شۆڕشی پیشەسازی چوارەم دەیبینین، یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی، لە نادڵنیاییەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی سوودە ستراتیژییەکان سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە، لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مشتومڕ لەسەر مۆراڵ و هەوڵەکانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی سیستەمی چەکی ئۆتۆنۆمی کوشندە دەکات. یەکێک لە هۆکارەکان کە

ڕێگری لەم مشتومڕە دەکات، نەبوونی کۆدەنگییە لە نێوان پسپۆڕان لەسەر ئەوەی، کە ئایا ئەم سیستمانە سوود بە بەرگریکار دەبەخشن یان هێرشبەر.

شەشەم: لەگەڵ هەرزانبوونی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوودا، یاریزانی زۆر دەبن، چ ئەکتەری دەوڵەتی و چ ئەکتەری نادەوڵەتی. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لەگەڵ پەرەسەندنی بۆمبی ئەتۆمیدا ڕوویدا. تەنانەت دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ، یانەی دەوڵەتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی هێشتا بچووکە. لەبەرامبەردا زیاتر لە ٧٠ وڵات ئەمڕۆ مانگە دەستکردەکان بەدەوری زەویدا بەڕێوەدەبەن، هەموو ئەمانە ڕکابەری زیاتر بۆ وڵاتان دروست دەکات.

حەوتەم: تەکنەلۆژیا ناوچەیەکی خۆڵەمێشی دروست دەکات، چونکە تەکنەلۆژیای چەکدار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان وێرانکاری بە قەبارەیەکی گەورە ئەنجام بدەن. هەروەها هەڕەشە لە سەقامگیری دەکات بە پێشکەشکردنی بژاردەی زیاتر بە دەوڵەتەکان لە شێوەی شەڕی «هیبرید» و بەکارهێنانی پرۆکسی بۆ دروستکردنی دۆخێکی خۆڵەمێشی لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا.

هەشتەم: لەدەستدانی کۆنترۆڵی یاسایی، وەک لە ڕابردوودا ئەو دامەزراوانەی کە سنووردارکردنی یاسایی و ئەخلاقییان لەسەر بەڕێوەبردن یان کۆنترۆڵکردنی جەنگ بەڕێوەدەبرد، گرووپێکی بچووک بوون کە زۆربەیان دەوڵەت یان کەسانێک بوون کە لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو کۆنترۆڵە بەرەو پاشەکشە کردنە، چونکە زۆربەی سوپای وڵاتان چیتر لە پێشەنگی دروستکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا نین. زۆربەی ئەو بەهرەمەندانەی کە پێشەنگی توێژینەوە و پەرەپێدانن لە تەکنەلۆژیای بەکارهێنان و گۆڕانکاریدا، لەئەمڕۆدا لە کەرتی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن.

نۆیەم: ناوچەکانی ململانێی ئەگەری، وەک بۆشایی ئاسمان، قووڵایی زەریا و جەمسەری باکوور- کە هەموویان وەک دەروازەیەک بۆ سوودە ئابووری و ستراتیژییەکان سەیر دەکرێن- بە تەکنەلۆژیا و کەرەستەی نوێ فراوان دەبن کە دەتوانن بەسەر بارودۆخە نالەبارەکاندا زاڵ بن. بۆ نموونە، دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای پێویست بۆ زاڵبوون و ئیستغلالکردنی بۆشایی ئاسمان ڕێگە بە شەڕکەرەکان دەدات کە بۆ ڕێوشوێنە بەرگرییەکان، پەیوەندییەکان، گەشتیاری، فەرماندەیی و تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکردن، پشت بە مانگە دەستکردەکان ببەستن و لەو پێناوەشدا بۆ یەکتر سازش بکەن.

دەیەم: بەکارهێنانی مرۆڤ وەک بەرازی گینیایی بەبێ ئاگاداری ئەوان. تیۆریستی سیاسی کارل شمیت ڕوونی کردووەتەوە، کە ململانێی سیاسی «جیهانێکی ئیستسنایە» بە هەموو جۆرە شێوازێک، کە ئەگەری مەحاڵ لەڕووی ئەخلاقییەوە زیاتر دەکات. پرۆفیسۆر ئۆلێ ویڤەر و قوتابخانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆپنهاگن چەمکێکی نوێیان پەرەپێداوە بۆ وەسفکردنی ئەوەی کە ئەکتەری ئەمنی چۆن بانگەشە بۆ بنەمای پێویستی وەک ڕێگەیەک بۆ تێپەڕاندنی سنووردارکردنی یاسایی یان ئەخلاقی دەکات. ئێستا ئەمە لەو گێڕانەوەیانەی کە لە توێژینەوەکانی جەنگی ساردا ئاشکرا بوون دەردەکەوێت، کە سەربازەکان وەک مشکی تاقیکاری بەکارهێنراون بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی چەکی نوێ. ڕەنگە ئەمڕۆش تاقیکردنەوە سەربازییەکان لە بوارەکانی وەک بەرزکردنەوە و زیادکردنی تواناکانی مرۆڤدا بەردەوام بن.

سەرچاوە: defensearabia.com /
نوسینی: د. غەدە محەمەد عامر/ وانەبێژ لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی - ئەکادیمیای باڵای سەربازیی میسر.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# زیرەکی دەستکرد لە کردە سەربازییەکاندا

## تواناکان و مەترسییەکان

وەرگێرانی: ئارام شوانی

**گومانی تێدا نییە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل دوای شکستی کارەساتباری ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ لە بەرانبەر هێرشی حەماسدا، بەسەر کەموکوڕییەکاندا زاڵبوون. باشبوونی بەرچاو لە توانا هەواڵگرییەکاندا یارمەتی ئیسرائیلی دا بۆ بەدواداچوون و کوشتنی سەرکردە دیارەکانی حەماس و حزبوڵڵا، لەگەڵ چەندان سەرکردە و بەرپرسی دیکەی ئەم دوو گروپە چەکدارە.**

ئەو شێوازەی کە ئیسرائیل توانی لە ماوەیەکی کورتدا توانا هەواڵگرییەکانی باشتربکات، بۆ چەندان ساڵی داهاتوو، دەبێت بە بابەتی گفتوگۆ لەنێوان پسپۆڕاندا. یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکان کە پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زیرەکی دەستکرد و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایەیە لەلایەن ئیسرائیلەوە لە بازنەی هەواڵگریدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەربازییەکانی لە غەزە و ناوچەکانی تر.

### ئامانجەکانی حەماس

دوای ماوەیەکی کورت لە ٧ی ئۆکتۆبەر، ئیسرائیل بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی حەماس، دەستی بە پشتبەستن بە زیرەکی دەستکرد کرد و خێرایی ئەم پرۆسەیەش لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگ و زیادبوونی فشاری سیاسی بۆ کەمکردنەوەی توانا سەربازییەکانی بزووتنەوەکە زیادی کرد. زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە هەموو قۆناغەکانی گەشەپێدانی ئامانجە سەربازییەکانی ئیسرائیلدا لەڕێگەی بەرنامەیەکەوە کە بە لاڤەندەر Lavendeناسراوە. یەکەی ٨٢٠٠ی سوپای ئیسرائیلی توانی بنکەیەکی زانیاریی گەورە دروست بکات کە ئەو کەسانەی تێدایە پێدەچێت ئەندامی حەماس و میلیشیاکانی دیکە بن سەرەڕای ئەوەی وردیی ئەم بەرنامەیە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەپێی بەکارهێنەرانی «لاڤەندەر»، ڕێژەی وردی ٩٠٪ی بەدەستهێناوە. لەگەڵ «لاڤەندەر»دا ئیسرائیلییەکان سیستەمێکی تری پشتیوانی بڕیاردانیان بەکارهێنا کە پشت بە زیرەکی دەستکرد دەبەستێت و پێی دەوترێت گۆسپڵ Gospel، ئەم سیستەمە سەبارەت بە ژێرخانی فیزیکی لەجیاتی تاکەکان ڕاسپاردە پێشکەش دەکات، هەروەها ئیسرائیل بۆ دڵنیابوون لە کوژرانی کەسانی دیاریکراوی، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆڕەوی لەناو شوێنە داخراوەکاندا بەکارهێنا. لە نموونە نوێیەکانی پێکدادانە پشتیوانکراوەکان بە زیرەکی دەستکرد، بەکارهێنانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بوو لەلایەن ئبسرائیلەوە کە ئاڕاستەی بینایەك کرا لە ڕەفەح، کە پێدەچێت سەرکردەی حەماس (یەحیا سینوار) لەسەر کورسییەك دانیشتبێت و پاشان دوای ماوەیەکی کورت کوژرا.

توانای زیرەکی دەستکرد بۆ



بەرهەمهێنانی هەزاران ئامانج بۆ سوپای ئیسرائیلی گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە بواری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازەی کە ئەفسەرانی هەواڵگری و فەرماندە ئیسرائیلییەکان ئەم زانیارییانەیان تێدا بەکارهێناوە نیگەرانییەکی قووڵ دروستدەکات و لەوانەیە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ناکۆک بێت. لەبەرئەوەی خاوەنداریەتی بڕێکی زۆر زانیاری بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە شتێکە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و بەگوێرەی پێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکان شتێکی دیکەی تەواو جیاوازە، بەتایبەت کە پابەندبوونی ئیسرائیل بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە غەزە و لوبنان لە بنەڕەتدا جێی گومانێکی گەورەیە.

## بڕیاری مرۆیی

تۆمەتبارکردنی زیرەکی دەستکرد لە کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانی مەدەنی لە غەزە و لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە گەمژەییە، چونکە بڕیاری مرۆیی لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لە قۆناغەکانی سەرەتای ململانێی غەزەدا، ئیسرائیل بڕیاری دا پێوەرەکانی ئامانجگرتن کەمبکاتەوە، واتە کەمتر ڕەچاوکردنی ئەو یاسایانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی هێرشی ورد و کەمکردنەوەی زیانی مەدەنی مسۆگەردەکەن، بەڵام هێرشە پشتیوانکراوەکان بە زیرەکی دەستکرد پێویستیان بە بەکارهێنانی کەمتری سەرچاوە مرۆییەکان هەیە، لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییە ڕێکخراوەکان پێویستیان بە هێزی کاری زیاتر و سەرچاوەی دارایی و ڕاوێژکاری یاسایی هەیە. بۆردومانی هەرەمەکی ئیسرائیل، ژیانی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی مەدەنی خستە مەترسییەوە، بەڵام ئەمە بە ڕەزامەندیی دەسەڵاتی ئیسرائیل ڕوویدا، هەرچەندە ئەم ڕەزامەندییە لەماوەی جەنگەکەدا بەهۆی سەرکۆنەی نێودەوڵەتی و فشاری ئەمریکییەوە گۆڕانی بەسەرداهات.

لە دەرەوەی ململانێی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵا، بە ئۆتۆماتیککردنی لایەنەکانی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زانیارییەکان بووە بە ڕاستییەکی بەردەوام. هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا لە فەرماندەیی ناوەندی وەك نموونەیەکی بەرچاو دەردەکەون کە زیرەکی دەستکردیان بۆ پاراستنی ئەو ئاوە هەرێمییانەی دەکەونە بەرپرسیارێتیانەوە بەکارهێناوە. تیمی کاری ٥٩ بەتایبەت لە پێشەوەی ئەم هەوڵەدا بووە، بەهێزکراو بە سیستەمی بێ بوونی مرۆڤ، پشتیوانکراو بە زیرەکی دەستکرد بۆ بەهێزکردنی هۆشیاریی بارودۆخەکە لەڕێی دروستکردن و نوێکردنەوەی وێنەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، کە لە چەندان ئامێری ئاگادارکەرەوە لە کاتی ڕاستەقینەدا وەرگیراوە.

چاوەڕوان دەکرێت سوپاکان لە سەرتاسەری جیهاندا بەشێوەیەکی زیاتر، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ئۆپەراسیۆنە بەرگری یان هێرشییەکانیاندا، پشت بە زیرەکی دەستکرد ببەستن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندان ئاستەنگ لە ئاسۆدا دەردەکەون، هەندێکیان تەکنیکین و هەندێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە لایەنە یاسایی و ئەخلاقییەکانەوە هەیە.

سەرەڕای ئەوەی تواناکانی زیرەکی دەستکرد سەرسوڕهێنەرن، بەڵام بێ کەموکوڕی نین. ئەمانەش شتگەلێکن کە لە چارەسەرکردنیان وەك هەر تەکنەلۆژیایەکی دیکە بەردەوام دەبن، بۆ نموونە، زیرەکی دەستکرد ئەوەندە زیرەك نییە وەك ئەوەی دیارە، ئەگەر بە ئەرکی چارەسەرکردنی وێنەیەکی دیاریکراو ڕاسپێردرا و ئەو ئەرکە کەمێك لە کۆمەڵەی ڕاهێنان (کۆمەڵە داتاکان) کە لەسەری بنیاتنراوە و پەرەی پێدراوە لابدات، لەوانەیە ڕووبەڕووی گرفت ببێتەوە یان لە دیاریکردنی ناوەڕۆکەکە بە وردی شکست بهێنێت. تەنیا بوونی ڕووناکییەکی خراپ، گۆشەیەکی نائاسایی یان بەشێکی شاردراوەی وێنەکە بەسە بۆ شێواندنی سیستەمەکە. دەکرێت ئەم کەموکوڕییانە لەڕێی ڕاهێنانی فراوانتر و تایبەتتر بۆ بەرنامەکان



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چارەسەربکرێن، بەڵام خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە زیرەکی دەستکرد لەوە زیاتر ناڕوات کە داوای لێکراوە ئەنجامی بدات، لەبەرئەوە نووسینی مرۆیی و ڕێنماییەکان بە بابەتگەلێکی زۆر گرنگ دەمێننەوە.

## ئەرکە سنووردارەکان

سەرەڕای ئەوەی زیرەکی دەستکرد بە شێوەیەکی چڕوپڕ کاردەکات، بەڵام توانای سنووردارە لە بەڕێوەبردنی چەند ئەرکێک لە هەمان کاتدا. لە چوارچێوەی کاری هەواڵگرییدا، مرۆڤ دەتوانێت ئامانج دیاری بکات، گونجاوترین چەک هەڵبژێرێت، پێشبینی ڕێڕەوی ئامانجەکە بکات و لە کۆتاییدا لێی بدات، ئەمانە هەموو ئەرکی جیاوازن کە بە هەماهەنگی ئەنجام دەدرێن، بەڵام یەک سیستەمی زیرەکی دەستکرد ناتوانێت هەموو ئەم ئەرکانە لە یەك کاتدا جێبەجێ بکات.

کۆمەڵێک سیستەمی زیرەکی دەستکرد دەتوانن ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکەن، بە جۆرێک کە مۆدێلە جیاوازەکان ئەرکی جیاواز وەردەگرن، بەڵام بەدیهێنانی ئەم هەماهەنگییە ئاڵنگارییەکی تەکنۆلۆجیی گەورەیە و تێچووی زۆری دەوێت. تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەم ئاستە لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی، هەروەها زیرەکی دەستکرد ناتوانێت شتەکان لە چوارچێوەی خۆیاندا دابنێت یان جیاوازی لە نێوان پەیوەندی و هۆکارێتی بکات، ئەم تواناییانە تەنیا تایبەتن بە مرۆڤ. بۆ نموونە ئەو وێنەیەی کە زیرەکی دەستکرد هەوڵدەدات بیناسێتەوە بۆ تەکنۆلۆجیا هەر مەتەڵێکە، چونکە ڕۆڵی تەنیا شیکردنەوەی پێکهاتە و پلەکانی «لەرینەوەی وێنەکە»یە بەبێ تێگەیشتن لە چییەتی و واتاکەی.

ئەگەر هەمان پلەکان لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا پێشکەش بکرێن، لەوانەیە زیرەکی دەستکرد لە ناسینەوەی بەشەکانی وێنەکە بە وردی هەڵە بکات. هەرچەندە زیرەکی دەستکرد کارامەیی بەرزی لە دۆزینەوەی نەخشەکاندا هەیە، بەڵام توانای ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕووداونیان یان ئەنجامەکانیانی نییە. ئەوەی بۆ مۆدێلی زیرەکی دەستکرد ژیرانە دەردەکەوێت لەوانەیە بۆ مرۆڤ ناژیرانە یان بێ بایەخ بێت. چۆنیەتی بڕیاردانی زیرەکی دەستکرد، کە پەیوەندی بە ئاڵنگارییە باسکراوەکانی سەرەوە هەیە، خاڵێکی لاوازی گەورە و کێشەیەکی پۆتێنشیاڵە.

زۆربەی ئەوەی لە ناو سیستەمی زیرەکی دەستکردا ڕوودەدات سندوقێکی ڕەشە، کە زۆر کەم شت هەیە مرۆڤ بتوانێت بیکات. بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڕیاردانی سیستەمەکە. ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە بۆ سیستەمە پڕمەترسییەکان وەک ئەوانەی بڕیاری پێکدادان دەدەن، یان ئەوانەی بەرەنجامەکانیان لە پرۆسەی بڕیاردانی چارەنووسسازدا بەکاردێن. توانای پێداچوونەوە و پشکنینی سیستەمەکە و زانینی هۆکاری هەڵەیەک لەڕووی یاسایی و ئەخلاقییەوە گرنگە. سەرەڕای ئەم کەموکورتی و ئاڵنگاری و گومانانە، سوپاکانی جیهان ڕووبەڕووی فشاری کێبڕکێ دەبنەوە بۆ زیادکردنی پشتبەستنیان بە زیرەکی دەستکرد. ویستی بەدەستهێنانی باشترین بڕیاردان لە کاتی ئاشتی، قەیران و جەنگدا هەمیشە بوونی دەبێت. کەس نایەوێت لە کاروانەکە دوابکەوێت، بەتایبەتی لەم ژینگە پڕ کێبڕکێیەی نێوان هێزە گەورەکان.

لە کۆتاییدا، باشترکردنی پەروەردە و ڕاهێنان دەتوانێت یارمەتی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی هەندێک لە خاڵە لاوازەکان و مەترسییەکانی پەیوەست بە زیرەکی دەستکرد لە بواری سەربازیدا بدات. دەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، چاودێری و دەستێوەردانی مرۆیی زیاتربێت. پێویستە مرۆڤ پێوەر و پێداویستییەکان بۆ سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد دیاری بکات.

سەرچاوە: www.majalla.com



44

# ئاڵا...

## ناسنامە و سیمبولی گەلان
## ئاڵای کوردستان.. پێناسە و زانیاریی نوێ

ئامادەکردنی: هێژا



**ئاڵا یەکێکە لەو هێما و سیمبولانەی کە سەدان ساڵە بووەتە بەشێک لە پێناسەی هەر گروپ و نەتەوە و وڵاتێک. لە دێرزەمانەوە ئاڵا، وەک بنەمایەکی سەرەکی و بەرچاو، بووەتە پێویستیەک بۆ هەر نەتەوە یان دەوڵەت و قەوارەیەک و دەبێت خاوەنی ئاڵای خۆیان بن.**

ئاڵا، لە مێژووی پەیدابوونییەوە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و بە تێپەڕبوونی کات، بایەخی زیاتری پێدراوە، بەتایبەتی دوای دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەت، هەروەها پاش هەڵکشانی بیرو هەستی نەتەوەپەروەری و پێویستی سەروەریی نیشتیمانی و پێشکەوتنە شارستانییەکان لە ناو گەل و وڵاتانی جیهاندا، نەتەوە و قەوارەکان زیاتر جەختیان لەسەر بەهاو تایبەتمەندیی ئاڵا کردووەتەوە، چونکە ئاڵا، سرووشبەخشی خۆشەویستی خاک و هاندەری نیشتمانپەروەرییە، بەشێکە لە شوناسی هەر گەلێک و سیمبولێکی بەهادارە و هەموو نەتەوە و قەوارەیەک وەک بەهایەکی پیرۆز لە ئاڵاکەیان دەڕوانن و شکۆمەندی پێ دەبەخشن، هەر بۆیە ئاڵا، لەلایەن خەڵکی وڵاتان وەکوو هێمای دیاری نەتەوە و کیانەکەیان شانازیی پێوەدەکەن و لە خۆشی و ناخۆشی و بۆنەکاندا بە خۆشحاڵییەوە بەرزی دەکەنەوە.

### سەرەتای دروستبوونی ئاڵا

وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باسکراوە ، لە هەزاران ساڵ پێش ئێستا سەرەتای پەیدابوونی ئاڵا دەرکەوتووە، مێژوونووسان تەمەنی دروستبوون و هەڵکردنی ئاڵا دەگەڕێننەوە بۆ (چوار هەزارساڵ) لەمەوبەر، کە بۆ یەکەمجار ئاڵا لەلایەن ئیمپراتۆریەتەکانی سەر خاکی ئێران و میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) هەڵدراوە. سەرەتا سۆمەرییەکان و ئاشورییەکان و میدیاکان، هەروەها هاخەمەنیشییەکان لە ساڵانی (٥٥٠ تا ٣٣٠ پ.ز.) و ساسانییەکان لە (٢٢٤-٦٥١ پ.ز.) و لەگەڵ میسرییە کۆنەکان. لەشکری ڕۆمانەکانیش وێنەی (هەڵۆ) یان وەکو ئاڵا بەکارهێناوە، دواتریش شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین ئاڵایان هەڵداوە. هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە کۆنترین ئاڵای نیشتمانی ئاڵای دانیمارکە کە لە سەدەی سیانزەهەمەوە دروستکراوە و تا ئێستا بەکاردەهێنرێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەگوترێت؛ وشەی ئاڵا لە وشەیەکی لاتینی (فیکسیلوم vexilum ) وەرگیراوە.

## ڕۆڵی هێزە سەربازییەکان لە پەرەپێدانی ئاڵا

لە کۆندا هێز و لەشکرە سەربازییەکانی هۆزەکان و ئیمپراتۆرییەکان، ڕۆڵێکی مێژوویيان لە بایەخپێدان و پێشخستنی ئاڵادا هەبووە، تەنانەت هەندێک لە مێژوونووسان بەکارهێنانی ئاڵا بۆ یەکەمجار دەگەڕێننەوە بۆ سوپای وڵاتان کە بە مەبەستی یەکبوون و یەکڕیزیی نێو سوپاکان و یەکتر ناسینەوە لە کاتی شەڕەکاندا بەکاریان هێناوە و بووەتە ئامرازێکی گشتی سەرەتایی بۆ ئاماژەدان و ناسینەوە، بەتایبەتی لە ژینگە دابڕاوەکاندا کە پەیوەندییکردن تیایدا قورس بووە. لەشکرەکانی ڕۆمانی لە کاتی شەڕدا هێمای هەڵۆیان بەکارهێناوە. ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکانی جیهان لە کاتی شەڕ و سەرکەوتنەکانیاندا، بەر لە هەموو شتێك ئاڵای دوژمنەکانیان داگرتووە و ئاڵاکانی خۆیانیان لە جێگەیدا بۆ نیشاندانی سەرکەوتن هەڵداوە. ئاڵا بۆ ناسینەوەی تاکەکەسی یەکە سەربازییەکان بەکارهاتووە و لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە بەرەکانی شەڕ بایەخ بە ئاڵا دراوە وەک نیشانەیەک بۆ یەکتر ناسینەوە و پەیوەندی و هەماهەنگی سەربازی لە بەرەکانی شەڕدا.

## پێناسەی ڕەنگەکانی ناو ئاڵاکان

شارەزایانی بواری ڕەنگ و ئاڵاناسی، شیکردنەوەیان بۆ پێکهاتەی ئاڵاکانی وڵاتان کردووە، ئەوان دەڵێن بەگشتی ئاڵاکان لە ڕەنگ و بەکارهێنانی چەند هێمایەکی وەک مانگ، خۆر، گیاندار و هەروەها نووسین پێکدێن، بەڵام ڕەنگەکان بەشی سەرەکی هەر ئاڵایەکن، کە هەر ڕەنگێکیش مانایەکی جێگیری هەیە، بەمشێوەیە:

ڕەنگی سوور: شۆڕش، قوربانیدان لە جەنگدا، ئازایەتی، هێز، یەکسانی.

ڕەنگی زەرد: ڕووناکی، درەوشانەوە، وریایی، ئاگر.

ڕەنگی سپی: ئاشتی، ئارامی، ئاگربەست.

ڕەنگی سەوز: سەوزایی، وڵات، پاراستن، لاوێتی.

ڕەنگی شین: ئاو، ئاوەدانی، دەریا، ئاسمان، ئازادی.

ڕەنگی نارنجی: ئازایەتی، خۆبەختکردن، قوربانیدان.

ڕەنگی ڕەش: پرسە، مەرگ، نەمری.

## کورد و ئاڵا

کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە دێرزەمانەوە ئاڵای هەبووە. لە سەردەمی میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) و لە سەردەمی دەوڵەتی کوردی میتانییەکان، کە یەکەمین کیانی کوردی بوون و سنووری دەوڵەتەکەیان لە ڕۆژئاوای کوردستان و کوردستانی گەورەبووە، لە ١٥٠٠ ساڵ پێش زاییندا ئاڵایان بەکارهێناوە، هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتی ماد، کە بە باپیرەگەورەی کورد دادەنرێت، لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زایین دامەزراوەو ئاڵای سێ ڕەنگی زەرد لە سەرەوە، ڕەنگی سوور لە ناوەڕاست و ڕەنگی سەوز لە خوارەوەیدا هەبووە.

کەریم خانی زەند (١٧٠٥-١٧٧٩) دامەزرێنەری دەوڵەتی زەند کە خۆی و بنەماڵەکایەن لە ماوەی (١٧٥٠- ١٧٩٤) فەرمانڕەوایی ئێرانیان کردووە، خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە شێوەیەکی سێگۆشەیی و ڕەنگی سپی و هەتاو لە پشت شێرێکەوە پێکهاتووەو لەسەر هەرسێ لای ئاڵاکەشدا هێڵێکی باریکی سەوز هەبووە.

دواتریش میرنشینە کوردییەکان هەریەکەیان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە چەند تایبەتمەندییەکی خۆیان هەبووە، وەک؛ بەرزکردنەوەی ئاڵا، لێدانی سکەی پارە، دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت، دروستکردنی کەلوپەلی سەربازی وەك تۆپ و چەك و هتد......

میرنشینی سۆران کە پایتەختەکەی ڕەواندوز بوو، لەسەردەمی پاشای گەورە خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە لە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی پێکهاتبوو.

لە ساڵی (١٩١٨) ئاڵایەك بەناوی ئاڵای کوردستانەوە لەسەردەستی کەسێك بەناوی (خەلیل بەگ) کە سەرۆکی ڕێکخستنی ئازاد بووە، بە دیاری داویەتی بە (ئیحسان نووری پاشا)ی دەسەڵاتداری میرەکانی ئارارات، هەر لەو کاتەدا لەلایەن (حیزبی خۆیبوون) لە باکووری کوردستان ئاڵەکە هەڵدراوە.



ئاڵای شانشینی کوردستان (١٩٢٢-١٩٢٤)



شێوازێکی تری ئاڵای کۆماری ئارارات (١٩٢٧-١٩٣٠)

شێخ مەحموودی حەفید، لە ساڵی ١٩١٩ بۆ شۆڕشەکەی ئاڵایەکی داناوە، کە لە ڕەنگی سەوز پێکهاتبوو و لە نێوەڕاستیدا بازنەیەکی سوور و مانگێکی سپی هەبووە.

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ ئاڵایەکی هەبوو بە ڕەنگی سەوز و ڕۆژێکی لە ناوەڕاست بوو.

کۆمەڵەی خۆیبوون لەساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٠) لەشاخی ئارارات لە ئاگریداغ، بە سەرۆکایەتی (ئیحسان نووری پاشا) دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنیان دامەزراندووە و ئاڵای کوردستانیان بەرزکردووەتەوە کە بریتی بووە لە ڕەنگی سەوز لەسەرەوە و ڕەنگی سوور لە خوارەوەو ڕەنگی سپی لە ناوەڕاستدا و هەبوونی خۆرێکی زەرد. حزبی ئازادیی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٣٨ دەمەزرا، ئاڵایەکەیان بریتی بوو لە دوو خەنجەر


VAKIT

و سێ ئەستێرە. لە کۆبوونەوەی سێ سنووری چیای دالانپەڕ لە ساڵی ١٩٤٢ دا، لە نێوان کۆمەڵەی ژێکاف و کۆمەڵەی خۆیبوون و پارتی هیوادا لە سەر بوونی ئاڵای سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز بۆ کوردستان ڕێککەوتوون.
ئەم ئاڵایەی ئەمڕۆی کوردستان بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ و لەلایەن چەندین خەباتگێڕو کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، کە داوای سەربەخۆییان بۆ کوردستان کردووە، دروستکراوە لەسەرووی هەموویانەوە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و خانەوادەی جەمیل پاشا، دواتر هەر ئەو ئاڵایە بووەتە تاکە ئاڵای نەتەوەیی هەموو کورد.

## ئاڵای کوردستان

ئەو ئاڵایەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە فەرمی ناسێنراوەو دەشەکێتەوە، ئاڵای گشت نەتەوەی کوردە و لە هەموو پارچەکان تەنها ئەم ئاڵایە بە ئاڵای نەتەوەیی راستەقینە و فەرمی دەناسرێ.
ئەم ئاڵایە بۆ یەکەمجار و بە فەرمی لە ڕۆژی ١٩٤٦\١\٢٢ و لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵدراوە و بووە بە ڕەمزی ئەو دەوڵەتە کوردییە.
لە ساڵی ١٩٩٩ پەرلەمانی باشووری کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٦) یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی دەرکرد، کە تیادا بە فەرمی کردنی ئاڵا، شێوە، پێکهاتە، پێناسەکەی و چۆنێتی هەڵکردن و دانانی دیاریکردووە.



## پێناسەی ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگی (سوور و سپی و سەوز) و خۆرێک بە (٢١) تیشکەوە لە ناوەڕاستیدایە.
ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتووە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپییە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە. بەرینیی ئاڵا، دوو لەسەر سێ درێژییەکەیەتی.
دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە (٢١) ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە گوزارشتە بۆ (٢١ی ئازار) کە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەرەتای ساڵی کوردییە.

## شێوەکانی بەکارهێنانی ئاڵا

هەڵواسین بە دار (ستوون)؛ پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیاربێت.
بەرزکردنەوەی لە باری پانی؛ ڕەنگی سوور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
بەرزکردنەوەی لە باری درێژی؛ ڕەنگی سوور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
دانانی لە یەخە و لەسەر سینگ؛ لە لای چەپ لەسەر دڵ دەدرێت.
دانان لەسەر مێز؛ پێویستە بە لای چەپ بشەکێتەوە.

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە سۆنگەی بەرز ڕاگرتن و چاندنی تۆوی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ ئاڵا، بە بڕیاری ژمارە (٤٨) لە ٢٠٠٤/٦/١٩ ڕۆژی ١٢/١٧ی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی ئاڵا دیاری کرد، هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد هەڵگیران و پارێزگاریان لێکرا، پەرلەمانی کوردستانیش وەک ڕێزێک بۆ ئەو ڕۆژە ١٧ی کانوونی یەکەمی بە ڕۆژی ئاڵا دیاریکرد.
ئاڵای کوردستان موڵکی گشت کوردو کوردستانیان و ڕەمزی فەرمی قەوارەی هەرێمی کوردستانە و لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دانی پێدانراوە. ئەم هەرێمە بەرهەمی مێژوویەکی درێژ لە شۆڕش و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە و هەمووان و لە پێشییانەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان وەک هەمیشە فیداکارانە پارێزەری خاک و ئاڵا و ئازادی و ئایندەی هەرێمی کوردستانن.

**سەرچاوەکان:**

-ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان.
-مێژووی ئاڵا و ئاڵاکانی کورد / ئومێد ناسح جیهانی.
-بەرنامەیەکی کەناڵی ڕووداو لەسەر مێژووی ئاڵای کوردستان.
-ئاڵای کوردستان و مێژووی دروستبوونی / کاوان ئەحمەد حمەساڵح هەڵەبجەیی.

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA
December 2024
44

# دیسیپلینی سەربازی

## بنەمای سیستەم .. روحی ورە .. شکۆی دامەزراوەی سەربازی

● موقەدەم: میرزا داود رەسول

**ئاشکرایە کە هەر دەوڵەت یان قەوارەیەك سوپا و هێزی سەربازی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەرکی پاراستنی دەوڵەتەکەیە لە هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکان و پاراستنی سنوورەکانی و دابینکردنی پاراستن و سەقامگیری و شکۆمەندی بۆ رۆڵەکانی گەلەکەی، کاتێکیش مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی رۆژانەیەوە دەچێتە ناو قۆناغێکی تر کە ژیانی سەربازییە، ئەوا خۆی لەناو کۆمەڵێك رێسا و دابونەریتی جیاوازدا دەبینێتەوە، ئەویش دابونەریتی سەربازییە،** کە بریتییە لە هەموو ئەو رەفتارانەی رێزگرتنی یەکتر لە نێوان سەربازەکاندا نیشان دەدەن و ئاماژەیە بە رادەی رژدبوون و پابەندبوونیان بە دیسیپلینەوە لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتردا، کە بە کۆمەڵێك بنەمای گشتیی پەیڕەوکراوی سەربازی لە هەموو جیهاندا دادەنرێت و کەسی سەرباز لە ناوەند و ئەکادیمیا سەربازییەکان فێردەکرێت و دەبێتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی و بەهۆیەوە پەیوەندیی نێوانی لەگەڵ فەرماندەکانی و هاوکارەکانیدا لە چوارچێوەیەکی رێکخراودا دیاری دەکرێن.

دیسیپلین و پەیوەستبوونە سەربازییەکان لە لووتکەی کارە هەرە لەپێشینەکانی نەریتە سەربازییە نێودەوڵەتییەکاندا دێن و دەبنە هۆی دروستبوونی رۆحی مەعنەوی و کاری بەکۆمەڵ و یەك تیم. بەزۆریی، هۆکاری یەکەمی سەرکەوتن یان شکستی هەر دامەزراوەیەکی سەربازییە و رۆڵێکی دیار و گرنگ و بەرچاوی هەیە.

دیسیپلین لایەنێکی جەوهەری ژیانی سەربازییە و نیشانەیەکی بەرچاوی جددییە لە مامەڵەکردندا، بە شێوەیەک کە رادەی رێزگرتن و رەفتاری باش و دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی یاسایی و رێزگرتن لە سەرووتر و جێبەجێکردنی فەرمان و رێنماییە سەربازییەکان نیشان دەدات، ئەمەش لە رێگەی راهێنانی بەردەوامەوە، قەناعەت لە رۆح و دەروونی سەربازدا دەچەسپێنێت، نەك لەسەر بنەمای ترس لە سزادان.

دیسیپلین بە مانا فراوانەکەی تەنیا لە دامەزراوەی سەربازیدا سنووردار نییە، بەڵکو شێوازێکی پەیڕەوکراوی کارکردنی زۆرێک لە دامەزراوە گشتییە مەدەنییەکانیشە، سیستەمێکە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی رێسا و بڕیارەکان و لەبەرچاوگرتنی بەها و دابونەریتە گشتییەکانەوە.

### بنەماکانی دیسیپلینی سەربازی

مەبەست لە بنەماکانی دیسیپلینی سەربازی، کۆمەڵێک فاکتەرن کە ئامانجیان دروستکردنی قەناعەتە لەلای



44

ئەندامانی هێزە سەربازییەکان بۆ ئەوەی ببێت بەهۆی دابینکردنی هێزی پابەندبوون لە رۆح و لەدەروونیاندا، ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

١.تێگەیشتنێکی دروست لە چەمکی عەقیدەی سەربازی.

٢.خۆشەویستی نیشتمان و خۆبەخشی بۆ بەرگریکردن لێی.

٣.توندوتۆڵکردنی متمانە لە نێوان فەرماندە و ژێردەستەکاندا و چاندن و پەرەپێدانی رێز و پێزانین لە نێوانیاندا.

٤.راهێنانی بەردەوام لەسەر دیسیپلین و پەیوەستبوونە سەربازییەکان و پابەندبوون بە فەرمان و رێنماییەکان بە رەزامەندییەکی تەواوەوە.

٥.بوونی زانست و زانین و توانای داهێنان.

٦.سەپاندنی سزای دەستبەجێ بەسەر هەڵەکاردا و رێگریکردن لە بەردەوام بوونی لەسەر کارە هەڵەکانی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەییەك بۆ کاری نەرێنی و لادان لەناو دامەزراوەی سەربازیدا.

## رەگەزە بەهێزەکانی دیسیپلینی سەربازی

١.گوێڕایەڵی: بە گرنگترین پایەی دیسیپلین و پەیوەستبوونی سەربازی دادەنرێت، بە واتای گوێڕایەڵی تەواو لەسەر بنەمای قەناعەتی تاکەکان بە دابونەریتە سەربازییەکان و پراکتیزەکردنیان و وەرگرتنیان بەبێ هیچ دواخستن و نارەزایەتییەک.

٢.نمونەی پێشەنگی باش: سەرکردەکان لە هەموو ئاستەکاندا دەبێت پڕدیسپلین و پابەندیی بن، چونکە ئەگەر سەرکردەکان ببنە پێشەنگی نموونەیی ، ئەو کاتە دەبنە روانگەیەکی باش بۆ ژێردەستەکانیان.

٣.ستایشکردن و پێزانینی تاک: نیشاندانی ستایشکردن و پێزانین لە ئاستێکی بەرزەوە، جا بە تاک بێت یان بە کۆمەڵ و رێزلێنان لە کارە باشەکان کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بەهێزکردنی دیسیپلین، کاتێکیش تاکەکەس هەستدەکات کە بەهای بۆ دادەنرێت و رێز لەکارەکەی دەنرێت، ئەوا هەموو ئەو فەرمانەی پێیکراوە قبوڵی دەکات و متمانە بەخۆی و سەرکردەکانی دەکات.

٤.پاداشت و سزادان: پێویستە دیسیپلین ببێتە هۆی بەجێهێنانی هەموو ئەرکەکان بە باشترین شێوە و دەکرێت پێویستییەکانی پابەندبوون لە تاکەکاندا بچێنرێت، بەهۆی پەنابردن بۆ هەست و تێگەیشتن و سەرنجڕاکێشانی و ئەگەر لەو حاڵەتانەدا سەرکەوتوو نەبوو، دەبێت پەنا بۆ سزادان ببرێت کە وا لە تاک دەکات رێزی دیسیپلین و پابەندبوونەکان بگرێت و بەپێویستی بزانێت.

٥.دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان: یەکێک لە گرنگترین رەگەزەکانی دیسیپلین و پابەندبوون، لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی توانای تاکەکانە لەکاتی پۆلێنکردنی تاکەکان و دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان بەجۆرێك کە لەگەڵ وزە و تواناکانی تاکەکاندا بگونجێت.

## گرنگترین لایەنە دیارەکانی دیسیپلینی سەربازی

١.باشی و دروستی هەڵسوکەوتی تاکەکان لە ناوەوە و دەرەوەی سەربازگە و بارەگاکاندا.

٢.روخساری باشی تاکەکان، پابەندبوون بە فەرمان و رێنماییەکانی تایبەت بە جلوبەرگی سەربازی و رێزگرتن لە دامەزراوە سەربازییەکە.

٣.گوێڕایەڵی راستەوخۆ بۆ فەرمانەکان و دووركەوتنەوە لە دوودڵی لە جێبەجێکردنیان.

٤.کارامەیی سەربازەکان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان و هەوڵدان بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانیان بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی رۆحیەتی حەماسی و شانازییکردن.

٥.رێزگرتنی تاکەکان لە سەرکردەکان و هاوکارەکانیان و بڵاوکردنەوەی رۆحی دۆستایەتی لە مامەڵەکردن لە نێوان خۆیاندا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

44

٦.پاراستنی چەک و ئامێرەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدا و هەستکردن بەوەی کە بەشێکی دانەبڕاوین لە شەرەف و کەرامەتی سەربازی.
٧.سەربازەکان نەریتی سەربازی قبوڵ دەکەن و لە دابونەریتە مەدەنییەکانی پێشوو دووردەکەونەوە و هەمیشە بە ڕۆحی یەك تیم کاردەکەن.

## هۆکارە کاریگەرەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی دیسیپلینی سەربازی

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دیسیپلین لەناو دامەزراوە سەربازییەکاندا هەیە، ئەمانەی خوارەوەن:
١.ئامانجی ڕوون: کاتێك کە جەنگاوەر بەتەواوی و بەڕوونی ئەو ئامانجەی لێ دیارە کە لە پێناویدا دەجەنگێت، ئیتر دەبێتە هۆی زیاتربوونی حەماسەت و دەستپێوەگرتنی دڵسۆزانە بۆی، ئەرکی ڕوونکردنەوەی ئامانجەکەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردە و فەرماندەکان.
٢.باوەڕ: باوەڕی ڕەها بە خودا و سەرکردایەتی و نەتەوە و حەتمیەتی سەرکەوتن، هێزێکی ناوەکی پێکدەهێنێت کە توانا و وزە شاراوەکانی سەرباز دەگۆڕێت بۆ هێز و توانای ڕاستەقینەی گەیشتن بە ئامانجەکان.
٣.ڕاهێنان: ڕاهێنان وا لە سەرباز دەکات کە بەرگەی سەختی و ئازارە جەستەیی و دەروونییەکان بگرێت، هەروەها ڕای دەهێنێت لە سەر دەستبەجێ وەڵامدانەوی فەرمانەکانی سەرکردایەتییەکەی، تا مەرجەکانی مەشقکردنیش قورستر بن، بەرگەگرتنی تاکەکان زیاتردەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر مەترسییەکاندا.
٤.سەرکردایەتی سەرکەوتوو: سەرکردایەتی لێهاتوو ڕۆڵێکی مەزنی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دیسیپلینی سەربازیدا هەیە، دیسیپلینێکی باش بەبێ سەرکردایەتییەکی باش دروست نابێت، کاتێك سەرباز زیاتر هەست بە لێهاتوویی و دادپەروەری فەرماندەکەی بکات، زیاتر بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان بەگوڕوتین دەبێت.
٥.ڕۆحی مەعنەوی: حاڵەتێکی دەروونی و سۆزدارییە کە وا لە تاک دەکات هەستی شاراوەی خۆی دەربخات، پەیوەندیی نێوان وره و دیسیپلینی سەربازی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، دیسیپلینی بەرز یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ورەی بەرز.
٦.شانازی بە یەکەکەوە: شانازییکردن بەیەکەکەوە و پارێزگاری لێکردن و پاراستنی ناوبانگەکەی بە بنەمایەکی گرنگی دیسیپلینی سەربازی دادەنرێت.

## ئامانجەکانی دیسیپلینی سەربازی

١.پاراستنی شکۆی دامەزراوەی سەربازی و لەڕێگەی ئەویشەوە شکۆی دەوڵەت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دامەزراوەی سەربازی هێمای دەسەڵات و شانازیی دەوڵەتە.
٢.بەرزکردنەوەی ورە و ڕۆحی مەعنەوی تاکەکانی دامەزراوە سەربازییەکان.
٣.پاراستنی سیستەمی سەربازی و پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییە سەربازییەکانەوە و دڵنیابوون لەوەی لێیان لانەدرێت و هیچ پێشێلکارییەکی دیسپلینیی پێچەوانەی ڕێساکانی دیسپلین و پابەندبوونی سەربازی ئەنجام نەدرێت.
٤.پەرەپێدانی ڕۆحی کارکردنی بەتیم لە نێوان تاکەکانی دامەزراوەی سەربازییدا.
٥.وەڵامدانەوەی خێرا بۆ فەرمانەکان و جێبەجێکردنیان بەوپەڕی وردبینییەوە، بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە.

**سەرچاوەکان:**
-www.almusallh. أدبيات التقاليد العسكرية
- www .defense-arab.com الانضباط العسكرى
- www .armeedz. ahlamontada. net الانضباط العسكري





# تێگەیشتن لە زانستی سەربازی بنەمایەك بۆ سەركەوتنی پێشمەرگە

● عەمیدی مافپەروەر/ محەمەد سدیق

**لە جیهانی ئاڵۆزی جەنگی مۆدێرنی ئێستادا، بەتەنها ئازایەتی و بوێری بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەنجامی گۆڕەپانی شەڕ نادەن. لە ئێستادا درک کردن بە پرەنسیپ و بنەما زانستییەکانی جەنگ و ئاگاداربوون و هۆشیاربوون بەدوایین پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، بەهەمانشێوە دەتوانن ببنە ڕەگی سەرکەوتنەکان و خۆڕاگری سوپا و سەربازەکانی.** کاتێک دەزانین زانستی سەربازی بریتییە لە یەکخستن و بەکارهێنانی تیۆری و کردارەکی بنەما و پرەنسیپەکانی جەنگ بۆ پێشخستن و زیادکردنی کارامەیی و کاریگەری و خۆڕاگری سوپا لەکاتی جەنگدا، ئەوا دەبینین هێزێکی وەک پێشمەرگە کە بەردەوام بەرامبەر ئاڵەنگارییە سەخت و جیاوازەکان نمایشێکی گەورەی خۆڕاگری و نەپساوەیی لە گۆڕەپانی شەڕدا پێشکەشکردووە، زۆر پێویستە ئەم هێزە بەرەنگارییەی کوردستان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە لەسەر بنەماکانی زانستی جەنگ و سەربازی ڕابهێندرێن،

ئەم وتارە پێشەکییەکی کورتە بۆ هونەری جەنگ و زانستی سەربازی، نیشاندانی بنەما بنەڕەتییەکان و پێناسەی لقە جیاوازەکانییەتی. کە تێگەیشتن لێیان هەنگاوێکی تر هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشدەخات و هاوکارێکی جددی پێشمەرگە و فەرماندەکان دەبێت بۆ بڕیاردانی درووست و خێرا لەکاتە پێویست و هەستیارەکاندا.

## پێناسەی زانستی جەنگ و سەربازی

زانستی سەربازی بریتییە لەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی کە لە بنەما و ستراتیژەکانی پەیوەندیدار بە جەنگەوە دەکۆڵێتەوە، یاخود وەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا هاتووە زانستی سەربازی لە جۆرەکانی جەنگ و بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکان دەکۆڵێتەوە. زۆرجار زانستی سەربازی بە زانستی جەنگ ناودەهێندرێت کە ئەویش وەک رۆبێرت کێرڵی دەڵێت «جەنگ بریتییە لە ململانێی نێوان دوو هێزی سەربازی لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی، وەکو داگیرکردن یاخود سەربەخۆیی، یان بەدەستهێنانی پارچە زەوییەک»١.

لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی سەربازیدا دەکەویتە بەردەم چەندین بواری جیاوازی پەیوەندیدار بە جەنگەوە، لەناویاندا بوارەکانی ستراتیژ و تاکتیەکە سەربازییەکان، هەروەها تێگەیشتن لە لۆجیست و ڕێکخستنەکانی هێز و تەنانەت تێگەیشتن لە ڕەفتارەکانی مرۆڤیش پرسی گرنگی ناو زانستەکەن. برەودان بە تەکنۆلۆژیا و بەکارهێنانی دوایین پێشکەوتنە زانستییەکان بۆ خزمەتی سوپا بە بەشێکی تری زانستەکە دادەنرێن، چونکە تواناکانی سوپا لە گۆڕەپانی جەنگدا بەرزدەکەنەوە. ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە زانستی سەربازی جێگیرنییە، بەڵکو داینامیکییە»ە بەقۆناغبەندی لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و جوڵە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان گەشەدەکات. زۆر گرنگە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوایین پێشکەوتنەکانی سەرجەم بوارەکانی ئەم زانستە دانەبڕێت، لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە پەروەردە و ڕاهێنان و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوودا دەتوانێت داهاتوویەک مسۆگەر بکات

که وەک هێزێکی خاوەن هەژموون و بمێنێتەوە. ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان و پاراستنی سەقامگیری، چ لە چوارچێوەی کوردستان و چ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دراوسێ و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان.

## توخمە بنەڕەتییەکانی زانستی سەربازی

زانستی سەربازی دیسیپلینێکی فراوانە کە بوارە جیاوازەکانی وەک ستراتیژی، تاکتیک، لۆجستی، دەروونناسی و تەکنەلۆژیا لەخۆدەگرێت. لێرەدا چەند توخمێکی سەرەکی دەخەینەڕوو کە بەپێی ئەزموونەکان گرنگتر و لەپێشترن بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە:

١.ستراتیژ و تاکتیک: ستراتیژ بریتییە لە پلان و بڕیاردانی درووستی درێژخایەن کە سەرجەم بوار و ڕەهەندەکانی جەنگ لەبەرچاوبگیرێن، هەروەها دانانی ئامانجە درێژخایەنەکانی جەنگ و باسکردنی ڕێگا و شێوازی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ دەستهێنانی ئەم ئامانجە درێژخایەنە، کە بە بەدەستهێنانی دەتوانیت سەرکەوتن لە جەنگەکە ڕابگەیەنیت. بە تێگەیشتن لە ستراتیژی جەنگ پێشمەرگە دەتوانێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆی و دوژمنەکەی بناسێت. لە بەرامبەردا تاکتیک بریتین لەو کردە دەستبەجێیانەی لەکاتی شەڕدا ئەنجامدەدرێن، گرنگی بەو مانۆڕ و جوڵە و ڕێکخستنانە دەدات کە لەناو شەڕدا ڕووبەڕووت دەبنەوە، بەپێکانی ئامانجەکە دەتوانیت سەرکەوتن لە شەڕەکە ڕابگەینیت نەک کۆی جەنگەکە. بەتێگەیشتن لە تاکتیکە جیاوازەکان پێشمەرگە دەتوانێت بەخێرایی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی شەڕدا بگونجێنێت و تووشی دۆخی لەناکاو و ئیفلیجی نەبێت.

٢.تەکنۆلۆژیاکانی جەنگ: لە ئێستادا تەکنۆلۆژیا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر گۆڕەپانی شەڕ و جەنگەکانی جیهانەوە هەیە، زانستی سەربازی دەتوانێت بەشێوەیەکی درووست ئەم ڕۆڵە شیبکاتەوە و لە گرنگییەکانی بکۆڵێتەوە. پێشمەرگە بە ئاشنابوون و لێکۆڵینەوە لە دوایین دەستکەوت و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و دەستڕاگەیشتن پێیان، دەتوانێت جوڵەیەکی بەهێزتر لەبەرامبەرەکەی ئەنجامبدات. بەتایبەت لە بوارەکانی هەڕەشە و ئاسایشی ئەلیکترۆنی (سایبەر سیکوریتی) و هەواڵگری و دژە-هەواڵگری و سیستەمە بەرگرییە مۆدێرنەکان، کە بەهێزبوون و خۆدەوڵەمەندکردنی پێشمەرگە لەم چەند لایەندا دەتوانیت تارادەیەکی زۆر بەر بە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتیمانی کوردستان بگرن.

٣.لۆجیست و ڕێکخستنی سەرچاوەکان: وەک میشێل ئۆهانلۆن دەڵێت: لۆجیست توانای بنەڕەتی سوپایە بۆ بڵاوبوونەوە و دامەزران و بەردەوامبوونیان لە ناوچەکانی جەنگدا٢. دانانی تۆڕێکی فراوانە بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکانی سوپا لە چەک و تەقەمەنی، خواردن و خواردنەوەی خاوێن، و پێداویستییە پزیشکییەکان. ئەم توخمە فێری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانمان دەکات لەکاتی جەنگدا، پێشمەرگە بەشارەزایی لە بواری لۆجیستیدا دەتوانێت ڕێگاکانی دابینکردنی هەر پێداویستییەک بۆ هێزەکانی بدۆزێتەوە تا بتوانن ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کاریگەر ئەنجامبدەن.

٤.سایکۆلۆژیای سەربازی: ئەو لایەنەی زۆرجار پشتگوێ دەخرێت دەروونناسی سەربازییە، زانستی سەربازی ئەو تەکنیکە دەروونیانە ڕووندەکاتەوە کە گرنگن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دەروونی و ورە و فشارەکانی جەنگ لەسەر تاکی سەرباز. تێگەیشتن لە دوایین تەکنیکە دەروونییەکان و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ دۆخی تایبەتی کورد، زۆر گرنگە بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەروونی هێزەکانی پێشمەرگە کە بەهۆی پێگەی جوگرافیمانەوە لە ناوچەکە بەردەوام ڕووبەڕووی باردۆخی سەخت و دژواری جۆراوجۆر دەبنەوە.

## گرنگی زانستی سەربازی لە بەمۆدێرنکردنی هێزەکانی پێشمەرگە

لەگەڵ گەشەکردنی هەرێمی کوردستان و گۆڕانی دیمەنی سیاسیی، پێویستە هێزی پێشمەرگە مۆدێرن ببێت. بەمۆدرێنکردنی سەربازیش بریتییە لە بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکان لەژێر ڕۆشنایی دوایین پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەم. زانستی سەربازی ڕۆڵێکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا دەگێڕێت، چوارچێوەیەک بۆ یەکخستنی ستراتیژی و تەکنەلۆژیا و شێوازی ڕاهێنانی نوێ دابین دەکات٣. لێرەدا بەچەند خاڵێک دەتوانین ڕوونی بکەینەوە زانستی سەربازی چۆن بەشدارە لە مۆدێرنکردنی سوپادا:

١.پرۆگرامی مەشق و ڕاهێنانی ڕێکخراو: زانستی سەربازی پشتگیری لە پەرەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنانی سیستماتیکی و توند دەکات. پێشمەرگە بە گرنگیدان بە پەرەپێدانی لێهاتوویی و تەقەکردن و تەکنیکەکانی مانەوە و ئۆپەراسیۆنە تایبەتمەندەکان، دەتوانێت ئاستێکی بەرزی ئامادەیی ئۆپەراسیۆن بپارێزێت. مەشق و ڕاهێنان کە پرەنسیپەکانی زانستی سەربازی لە خۆدەگرێت، پێشمەرگە بۆ سیناریۆی جۆراوجۆر ئامادە دەکات، هەر لە شەڕی تەقلیدییەوە تا بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

٢.خۆگونجاندن: لە ناوچەیەکی پێشبینینەکراودا توانای گونجاندن لەگەڵ هەڕەشە نوێیەکان زۆر گرنگە. زانستی سەربازی هانی نەرمی نواندن دەدات بە دابینکردنی زانیاری لەسەر سیناریۆ جیاوازەکانی شەڕ و فێرکردنی هێزەکان کە چۆن تاکتیکەکان دەستکاری بکەن و بەپێی پێویست ڕێکیان بخەن. لە ڕێگەی خوێندنی زانستی سەربازییەوە پێشمەرگە گورجوگۆڵتر بێت، ئەمەش وادەکات نەیاران زەحمەتتر بتوانن خاڵە لاوازەکان بقۆزنەوە.

٣.پەرەپێدانی سەرکردایەتی: لە زانستی سەربازیدا جەخت لەسەر پەرەپێدانی

سەرکردایەتی دەکرێتەوە. سەرکردە کاریگەرەکان لە ژێر فشاردا هەڵبژاردە و بڕیاری ستراتیژی دەردەکەن و شێوازی جەنگ دادەڕێژن، لە هەمان کاتدا ئیلهامبەخش و پاڵنەرن بۆ میحوەر و لیواکانیان٤. لەناو پێشمەرگەدا، سەرکردایەتی سەربازی لەسەر بنەمای زانست، هاودەنگی و مۆراڵ بەرەوپێش دەبات، ئەمەش وا دەکات سەربازەکان بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونەوە ئەرکی تەحەدایی لە ئەستۆ بگرن.

٤.دروووستکردن و پەرەپێدانی هاوپەیمانێتی؛ لە جیهانگیری ئەمڕۆدا هیچ ئۆپراسیۆنێکی سەربازی بە گۆشەگیری سەرکەوتنی گەورە مسۆگەر ناکات، پەیوەستبوون بە هاوپەیمانێتییەکان بڕیاری کۆتایی لەسەر زۆرێک لە جەنگە گەورەکانی مێژوو دراوە. زانستی سەربازی یارمەتی پێشمەرگە دەدات بەشێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ هاوپەیمانان کار بکات، لەوانە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هێزە ئەمنییەکانی دراوسێ. پێشمەرگە دەتوانێت هاوکارییەکان بەرز بکاتەوە، زانیاری هەواڵگری ئاڵوگۆڕ بکات و سەرکەوتووتر بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا بکات ئەگەر بەهای کارکردنی هاوبەش و دروستکردنی هاوپەیمانی پەیڕەوبکات.

## وەبەرهەمهێنان لە پەروەردە و پەرەپێدان

بۆ بەردەوام بوون و فراوانکردنی سەرکەوتنی زانستی سەربازی لەناو پێشمەرگەدا، پێویستی بە وەبەرهێنانی بەردەوام هەیە لە بواری پەروەردە و گەشەپێدانی پیشەیی. ئەکادیمیای سەربازی فەرمی، بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەتمەند و بڕوانامەی پێشکەوتوو لە زانستی سەربازیدا دەتوانن سەرکردەکان و سەربازەکان بەو لێهاتووییانەی کە پێویستن بۆ تەحەددیاتی بەرگری مۆدێرن تەیار بکەن. هاندان و ڕەخساندنی دەرفەتی تایبەت و دادپەروەرانە بۆ گەنجانی پێشمەرگە بۆ خوێندن لە بوارەکانی وەک ئەندازیاری، لۆجستی، بەرگری ئەلیکترۆنی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هێز و توانای پێشمەرگە زیاتر دەکات.

ئەم ڕێگایە هەروا ئاسان و بێ تەحەددا نییە. سنووورداری بودجە و دارایی،ناکۆکی سیاسی ناوخۆیی و پێویستی هاوسەنگکردنی شێوازە نەریتییەکان لەگەڵ پێشکەوتنە مۆدێرنەکان تارادەیەک دەتوانن ڕێگری لە پێشکەوتن بکەن، بەڵام پابەندبوونێکی بەهێز بە زانستی سەربازی یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاڵەنگارییانە، بە متمانە و وردبینییەوە پێشمەرگە ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داهاتوو.

لە کاتێکدا کوردستان هەوڵی زیاتر دەدا لە قایمکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا، سەرکەوتنی پێشمەرگە تەنها هەر بەندنییە بە بوێری و خۆبەخشییان، بەڵکو هەروەک بەندە بە شارەزایی لە زانستی سەربازیدا. پێشمەرگە بە وەبەرهێنان لە ڕاهێنانی پێشکەوتوو و پەروەردەکردنی داهێنەرانە و بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکان، دەتوانێت بەردەوام بێت لە خزمەتکردن وەک هێمای هێز و خۆڕاگری بۆ خەڵکی کوردستان.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

بۆ بەهێزکردنی تواناکانی بەرگریی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە زانستی سەربازی، خوێندنی بەرگری، و ئاسایشی نیشتمانی سودمەند دەبێت. کۆلێژێکی زانستی سەربازی و بەرگری کوردی، پەروەردەیەکی ئاست بەرزی جیهانی پێشکەش دەکات کە بەپێی پێداویستی و نیگەرانییەکانی کورد لە ناوچەکەدا هێزی پێشمەرگە لە بوارەکانی وەک ستراتیژ، دژە تیرۆر، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، و بەڕێوەبردنی لۆجستی دەگەیەنێتە ئاستێکی جیهانی بەرزتر وەک لەوەی ئێستا هەیە.

ئەم کۆلێژە دەتوانێت ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو بگوازێتەوە، بۆنموونە بەمۆدێلی دامەزراوە ڕێزدارەکانی وەک کۆلێژی سەربازی شاهانەی کەنەدا، دەتوانرێت وانە ئەکادیمییەکان لەگەڵ ڕاهێنانی سەربازی پراکتیکیدا تێکەڵ بکرێن، پەروەردەی ئەفسەر و سەربازی لێهاتووتر دەکات کە زانیاری پێویستیان بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییە نوێیەکان پێدەبێت. سەرەڕای ئەوەش، دامەزراوەکە دەتوانێت وەک ناوەندێک بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی خزمەت بکات، میوانداری بەرنامەی ڕاهێنانی هاوبەش و دەستپێشخەری توێژینەوە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بکات. ئەمەش نەک تەنها توانای هێزی پێشمەرگە بەرز دەکاتەوە بەڵکو هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانە جیهانییەکانیش بەهێزتر دەکات و وەکو ناوەندێکی دیبلۆماسیش ڕۆڵ دەبینێت.

ئەم دامەزراوەیە بە یەکخستنی چەندین بوار و خوێندنی جۆراوجۆری وەک زانستە سەربازییەکان و توێژینەوەکانی جەنگ و ئاسایشی نیشتیمانی و ستراتیژییەت و لێکۆڵینەوە نوێیەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی، سەرچاوەیەکی گەورەی مرۆیی و پیشەگەری و سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان دابیندەکات، کە توانایەکی گەورە و کاریگەرییەکی درێژخایەنی دەبێت.

**پەراوێز:**

١-Curley, Robert, ed. The Science of War: Strategies, Tactics, and Logistics. Rosen Educational Services, ٢٠١٢, p.

٢- O›Hanlon, Michael E., The Science of War: Defense Budgeting, Military Technology, Logistics, and Combat Outcomes (Princeton: Princeton University Press, ٢٠٠٩), p. ١٤١.

٣- Loo, Bernard F.W., «The ٢١st Century Military Challenges Facing Modernization,» PRISM ٨, no. ٣ (٢٠١٩): ١٤٧-١٥٦.

٤- Department of the Army, Field Manual No. ٢٢-١٠٠: Military Leadership (Washington, DC: Headquarters, Department of the Army, ١٩٩٠).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# گرنگی دووانەی مەشق و تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازی

● ڕەوا موسا

**لە جیهانی ئێستای پەرەسەندنی خێرای جەنگی مۆدێرندا، یەکخستنی تەکنەلۆژیای نوێ و سیستەمی چەک بۆ هێزە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بە بڕبڕەی پشتی سەرکەوتن لە هەر شەڕێک دادەندرێت. بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش، خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەدا بنچینەیەکی پتەو دەبێت بۆ پاراستنی کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکان و زامنکردنی سەرکەوتن تیایاندا و ڕاگرتنی ئاسایشی ناوچەکە.** لە زانستی سەربازی هاوچەرخدا هەر تەنها بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ بەس نییە، بەڵکو مەشق و ڕاهێنانی سەربازەکان لەسەریان بەقەد بەدەستخستنی چەکە نوێیەکان گرنگن. بەهۆی ئاڵۆزی و وردی ئەو سیستەم و تەکنۆلۆژیا هاوچەرخانەی لە چەکەکانی ئەمڕۆدا بەکاردەهێندرێن، سەربازەکان پێویستیان بە کات و ڕاهێنانی زیاترە بۆ شارەزابوون لە شێوازی درووست بەکارهێنانیان. بۆیەشە لە ئەدەبیاتی سەربازی هاوچەرخدا تەکنۆلۆژیای نوێ لەگەڵ مەشق و ڕاهێنان بە دووانە و دوو ڕووی یەکتر ناویان دەهێندرێت.

## ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای نوێ لە جەنگی هاوچەرخدا

هاتنی تەکنەلۆژیای سەربازی پێشکەوتوو سروشتی شەڕی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە. ئەم تەکنەلۆژیایانە هۆشیاری و ئاگاداربوون لە بارودۆخە هەستیارەکانی شەڕ بەرزتر دەکەنەوە، توانای ئەوە بە هێزەکان دەدەن کە لە کاتێکی خێراتردا بڕیاری درووست و وردتر بدەن، ئەمەش لە سیناریۆی شەڕی ناهاوسەنگ و نابەرامبەردا کە زۆرجار پێشمەرگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە گرینگە.
بۆ نموونە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سیخوڕی و دیاریکردنی ئامانجەکان ڕێڕەوی شەڕی لە ململانێ سەربازییە مۆدێرنەکاندا گۆڕیووە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان زانیاری هەواڵگری وردتر دابین دەکەن کە دەتوانێت مەترسییەکان بۆ سەربازە زەمینیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە لە هەمان کاتدا کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکان لە دژی گروپە یاخیبووەکان زیاد بکات. پێشتر بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر جوڵە و شوێنی هێزی بەرامبەر کات و وزەیەکی زۆری دەویست، ئەو زانیارییەی کە پێشتر دەیان و سەدان سەربازی تایبەت و ڕاهێندراو هەوڵی کۆکردنەوە و بەدەستختسنیان دەدا، ئێستا تەنها یەک درۆن و چەند کاتژمێرێکی بەسە! پێشمەرگە دەتوانێت سوود لەم جۆرە تەکنەلۆژیایانە وەربگرێت بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ئۆپەراسیۆنی خۆی، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕەنگە ژێرخانی سەربازی تێیاندا تەقلید و سنووردار بێت وەک ئێستای داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی تر.
جگە لەوەش هەرچەند باسی گرنگی شەڕی ئەلیکترۆنی بکەین ئەوا زیادەڕەوی نییە. توانا ئەلیکترۆنییەکان تادێت گرنگتردەبن لە سیستەمی بەرگری

44

نیشتمانی وڵاتاندا بودجەی تایبەتیان بۆ دادەندرێت. بۆنموونە بەبەکارهێنانی هێرشی ئەلیکترۆنی هێزەکان دەتوانن پەیوەندییەکانی دوژمن بپچڕێنن و پێکهاتەکانی زنجیرەیی فەرماندەیی تێکبدەن. هەر بۆیە بۆ پێشمەرگە پەرەپێدانی توانا ئەلیکترۆنی(سایبەری) یەکان زۆر پێویست و بەجێیە لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی هەردوو ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکان.

## ڕۆڵی مەشق و ڕاهێنان لەسەر تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازی

لە کاتێکدا کە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ زۆر گرنگە، بەڵام کاریگەری ئەم سیستەمانە بەتوندی بەندە بە کوالێتی ئەو ڕاهێنانانەی کە پێشکەش بە سەربازەکان دەکرێن لەسەریان. هەروەک میشێل ئۆهانلۆنی پسپۆڕی سەربازی لە کتێبەکەیدا بەناوی (زانستی سەربازی) جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان جێگەی سەربازی لێهاتوو ناگرنەوە، بەڵکو لەگەڵ هەر تەکنۆلۆژیایەکی نوێ سوپا پێویستی بە ئاستێکی بەرزتری شارەزایی و لێهاتوویی سەربازەکان هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ چەک و سیستەمە نوێیەکان. هەر بۆیە پێویستە پێشمەرگە سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لە بەرنامەی مەشقی گشتگیردا بکات، کە نەک هەر تەنها سەرباز ئاشنا بکات بە کەرەستەی نوێ، بەڵکو تووی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لێهاتوویی بڕیاردانیشی لە ژینگە ئاڵۆزەکانی ئۆپەراسیۆندا لەمێشکی سەربازەکاندا چاندبێت، چونکە ئەم سیستەمە نوێیانە دەکرێت لە گەرمەی شەڕدا تووشی چەندین ئاستەنگی لەناکاو و دژە ئەلیکترۆنییەکەی بێتەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا، لەو حاڵەتەدا دەبێت سەربازەکان بایی ئەوەندە شارەزای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ بین کە بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا بەبێ گەڕانەوە بۆ بارەگا و هێڵەکانی پشتەوەی شەڕ ئەم کێشانە چارەسەر بکەن و لانی کەم بۆ ماوەیەکی کاتی دەربەستی هەڕەشە تەکنۆلۆژییەکانی دوژمن بێن و نەهێڵن ڕووبەڕووبوونەوەی لەناکاوی چەکێکی نوێی تەکنۆلۆژی وابکات دوژمن زاڵ بێت بەسەر تەواوی میحوەرەکەدا.

خراپترین نموونە لێرەدا دەکرێت درووستکردنی تانک بێت لەلایەن بەریتانییەکانەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانی، هاتنی لەناکاوی تانک بۆ بەرەکانی شەڕ سەربازە ئەڵمانییەکانی ئیفلیج کرد و ئەوەندە سەرسام بوون پێی کە جاری وا هەبوو سێسەد سەربازی ئەڵمانی خۆیان تەسلیمی تەنها یەک تانکی بەریتانی دەکرد! لەبەرامبەریشدا دەکرێت نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم لایەنە سەربازە ڕووسییەکان بن لە جەنگی ئۆکرانیا، کاتێک بەشێوەیەکی خێرا دەستکاری تەکنۆلۆژیای سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییەکانیان کرد کە تایبەت بوون بۆ پەرپەچدانەوەی فڕۆکە و موشەک،بەڵام توانیان بەخێرایی بەشێکی سیستەمەکان بۆ دژە درۆن بگۆڕن و بەسەر هەڕەشەی درۆنی بایکراقداردا سەربکەون و نەهێڵن ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە هاوسەنگی جەنگەکە تێکبدات.

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە گرنگی هۆشیاری تەکنۆلۆژی و ڕاهێنان دەردەخات لەسەر تاکی سەرباز. پێویستە ڕاهێنانەکان لایەنی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت، لەوانە بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو، ئۆپەراسیۆنی ئەلیکترۆنی و تاکتیکی هاوبەش کە لقە جیاوازەکانی وەک وشکانی و ئاسمانی و دەریایی سەربازی یەکبخات. ئۆپەراسیۆنە سەربازییە سەرکەوتووەکان زۆرجار پەیوەستن بە توانای گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی ڕووداوەکان و کارکردنی هاوبەش لە سەرانسەری یەکە جیاوازەکاندا. پێشمەرگە دەتوانێت سوودمەند بێت لە گرتنەبەری ڕێبازێکی مەشقی گشتگیر کە جەخت لەسەر کارکردنی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هاوکاری هاوپەیمانیدا.

لە ئێستادا پێشمەرگە بەهاوکاری هاوپەیمانان لە قۆناغێکی گرینگدایە لە پەرەسەندنی خۆیدا وەک هێزێکی سەربازی. دەتوانێت بە ئامێزگرتنی تەکنۆلۆژیای نوێ و گرنگیدان بە مەشق و ڕاهێنان کاریگەریی ئۆپەراسیۆنی خۆی بەرز بکاتەوە و باشتر وەڵامی تەحەددیاتی شەڕی مۆدێرن بداتەوە. هەروەها ئەولەویەت بدات بە دابینکردنی تەکنەلۆژیای سەربازی پێشکەوتوو، لەوانە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، سیستەمی چاودێری و ئامرازەکانی بەرگری ئەلیکترۆنی، بۆ ئەمەش دامەزراندنی پەیوەندییەکی هاوبەشی ستراتیژی لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ئامێر و ڕاهێنانە پێشکەوتووانە پێویستییەکی حەتمی دەبن. لەبیریشمان نەچێت لە ئەدەبیاتی سەربازی هاوچەرخدا یەکخستنی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان و بەرهەمێنانی کارمەندانی لێهاتوو بژاردەیەک نین بیری لێبکەینەوە، بەڵکو پێویستییەکی بنەڕەتین بۆ سەرکەوتن لە ژینگەیەکی ئەمنی ئاڵۆزدا و ئەرکێکە دەبێت بەجێیبهێنین.

### سەرچاوەکان:


- Morillo, S. (٢٠٠٥). War in World History: Society, Technology, and War from Ancient Times. New York: Oxford University Press.
- O'Hanlon, M. E. (٢٠٠٩). The Science of War: Defense Budgeting, Military Technology, Logistics, and Combat Outcomes. Princeton: Princeton University Press.
- Sloan, E. C. (٢٠١٣). Modern Military Strategy: The Challenge of the Post-Cold War Era. New York: Routledge.

44



# بارودۆخی کەشوهەوا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان

شاخەوان عومەر

**لە کۆنەوە تا ئێستا، بارودۆخی کەشوهەوای چاوەڕوانکراو، کاریگەرییەکی مەترسیداری لەسەر ئۆپەراسیۆنەکان هەبووە. فەرماندەکان هەوڵیان داوە تا دەتوانن، بە قازانجی هێزەکانیان، سوود لە بارودۆخی کەشوهەوا وەربگرن. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەن کە ماوەکانی باشتربوونی بارودۆخی کەشوهەوا بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بەدەن گورزێکی توند لە دوژمن بدرێت.** وەک ئەنجامدانی نیشتنەوەی هاوپەیمانان لە کەنارەکانی نۆرماندی فەرەنسا لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە بە نموونەیەکی واقیعی دادەنرێت، چونکە نیشتنەوەکە لە کاتێکدا سەرکەوتوو بوو کە فەرماندەیی ئەڵمانیا، بەهۆی خراپی کەشوهەوای ئەو کاتە چاوەڕێی نەدەکرد. فەرماندەکان لە سوپا جۆراوجۆرەکانی جیهان کاردەکەن بۆ پێدانی زانیاریی زانستی نوێکراوە لەسەر کەشوهەوا و دانانی لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکان و پاراستنی بۆ ڕێنماییکردنیان لەکاتی دارشتنی پلاندا. هێزە چەکدارەکان هەوڵدەدەن سوود لە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و جلوبەرگی سەربازی و کەرەستە و ئامێرەکان وەربگرن بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی کەشوهەوادا سەرکەوتووبن. ئەمەش بەندە و پەیوەستە بە توانا ماددی و زانستییەکانی هەر وڵاتێکەوە. گرنگترین هۆکارەکانی کەشوهەوا لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١- بینین: مەودای بینین بریتییە لەو مەودا ئاسۆییەی کە دەتوانرێت تەنێکی گەورە و ڕەنگی تۆخ لە ڕۆژێکی فراواندا لە ئاسۆ ببینرێت. پلەی شەفافیەتی هەوا بۆ بینینی مرۆڤ دیاردە و توخمەکانی بەرگەهەوا کە کاریگەرییان لەسەر مەودای بینین هەیە بریتین لە تەم، تەمێکی ورد، باران و تۆز. کە بە ئامێری تایبەت دیاری دەکرێن. زیانەکانی کەمبینین بریتین لە ڕێگریکردن لە فەرمان و کۆنترۆڵ. هەروەها کەمی بینین کاریگەری سیخوڕی، چاودێری و ناوچەی ئامانج کەمدەکاتەوە.

٢- با: بە شێوەیەکی بەرفراوان پێناسە دەکرێت، بریتییە لە جوڵەی ئاسۆیی هەوا لە سەرووی ڕووی زەوی یان لە بەرگەهەواکەیدا. بای بەهێز دەتوانێت کاریگەری ئەو هێزانە کەم بکاتەوە کە بەرامبەر با دەجوڵێن، بە بەرزکردنەوەی تۆز، دووکەڵ، خۆڵ، باران یان بەفر لەسەر ئەم هێزانە، لە کاتێکدا ئەو هێزانەی کە بە ئاراستەی بای بەهێز دەجووڵێن، مەودای بینینی باشتریان هەیە، هەر بۆیەش دەتوانن خێراتر بجوڵێن . هەروەها بای بەهێز ئۆپەراسیۆنی فڕۆکەوانی و ئاسمانی (بە شێوەیەکی سەرەکی هێلیکۆپتەر) سنووردار دەکات. لە گرنگترین کاریگەرییەکان دەبێتە هۆی برینداربوونی جەستەیی، لەناوچوون و زیانگەیاندن بە کەرەستەکان.

٣- باران و بەفرباران: بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری و کارامەیی تاکەکان کەمدەکاتەوە بە کەمکردنەوەی مەودای بینین و نارەحەتی بۆ تاکەکان و زیادکردنی ماندوێتی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی جەستەیی و دەروونی بۆیان. هەروەها توانای جوڵەی ئامێرەکان سنووردار دەکات.

٤- هەورەکان: بریتییە لە بڕی هەورەکان لە ئاسمانی ناوچەیەکی دیاریکراودا، جۆری هەورەکان و بڕی هەور و بەرزی بنکە و سەری هەورەکان و سەقفی هەور بریتییە لە مەودای نێوان بنی هەورەکە و ڕووی زەوی ڕاستەوخۆ لە خوارەوەی، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ئۆپەراسیۆنی فڕۆکەوانی هەیە، هەروەها داپۆشینی هەور کاریگەری لەسەر ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکان هەیە (ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە سوپا بە شێوەیەکی سەرەکی بەشدارییان تێدا دەکات)، چونکە ئاستی ڕووناکیی سرووشتی و بینین کەمدەکاتەوە، یان کاریگەریی ڕووناکی دەستکرد بە ڕەنگدانەوەی تیشکەکان بەرزدەکاتەوە.

٥- پلەی گەرمی : گەرمی بریتییە لە پلەی گەرمی تەنێک، و بە گەرمییپێوەر دەپێورێت. پلەی گەرمی ناوچەیەک بەندە بە پانی شوێنەکە و بەرزییەکەی لە ئاستی دەریاوە و دوورییەکەی لێیەوە و چەند هۆکارێکی دیکە. پلەی گەرمی و شێ کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەدای تاک و میکانیزمەکان هەیە. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی برینداربوونی سەربازەکان، وەکو لێدانی خۆر و شکبوونەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ژەنگ و خۆرلێدان بۆ بزوێنەری ئامێرەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی وەستانی کارکردنی ئامێرەکان. پلەی گەرمی زۆر نزم دەبێتە هۆی تێکچوون، وەک بەستن و بەستەڵەک، هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی ساردکەرەوە و بزوێنەرەکان، لەوانەش بەستنی ئاو یان شلەی ساردکەرەوە لە ڕادیاتۆرەکاندا.

# مێژووی سەرهەڵدانی پلەی سەربازی



● ئامادەکردنی: هاوکار محەممەد

**پلە سەربازییەکان هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی هێزە چەکدارەکاندا بوون کە ڕەنگدانەوەی دەسەڵات، بەرپرسیارێتی، ئەرك و دەستکەوتی لە ناو هێزە چەکدارەکاندا هەیە. بەوەش، هەر پلەیەک ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەش پێویستی پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی سەرەوە و دەرکردنی فەرمان بۆ ژێردەستەکان کە پێویستە لە کاتی ئاشتی و جەنگدا جێبەجێبکرێن.**

هەر لە سەرەتای ڕێکخستنی سەربازییەوە، بەکارهێنانی پلە و پایە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و هەماهەنگی لەناو سوپادا زۆر گرنگ بووە. هەر هێزێکی سەربازی بۆ دامەزراندنی پلەبەندییەکی ڕوون، سیستەمی پلە و نیشانەی تایبەتی خۆی پەرەپێداوە. بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ پەرەسەندنی هێزە چەکدارەکان، پێکهاتە و پۆلێنکردنی پلەکانیش بە هەمان شێوە پەرەی سەندووە، ئەمەش بووتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی سەربازیی ڕێکخراوتر و کاریگەرتر.

لەگەڵ فراوانبوونی سوپاکان، پاراستنی کۆنترۆڵ و جێبەجێکردنی دیسیپلینی سەربازی ئاڵۆزتربووە، زۆربەی وڵاتانی جیهان سیستەمی ڕێکخراویان لە پلە سەربازییەکان پەرەپێداوە، جگە لەچەند وڵاتێك کە خۆیان لەم جۆرە سیستەمە بەدوورگرت. وەک:

- سوریای سۆڤییەت (١٩١٨-١٩٣٥)
- سوپای ڕزگاریخوازی گەلی چین (١٩٦٥-١٩٨٨)
- سوپای ئەڵبانیا (١٩٦٦-١٩٩١)

بەڵام ئەوانیش دوای ڕوودانی چەندین کێشەو ئاڵۆزبوون لە ناو سوپاکەیاندا، سیستەمی پلەبەندییان گرتووەتەبەر. زۆرجار جلوبەرگی سەربازی لە وڵاتە جیاوازەکاندا نیشانە و هێما و دروشمی جیاوازییان لەسەرە، کە ئاماژەن بۆ پلەی سەربازی. ئەم هێمایانە، وەک هەڵۆ، شمشێر، یان گەڵاکانی درەخت بە وردی هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی مانا تایبەتەکان بکەن و بۆ چەسپاندنی پلەی ئەو ئەفسەرەی لەبەری دەکات.

## قۆناغەکانی پێکهاتەی پلە سەربازییەکان

پلەسەربازییەکان لەسەردەمەکان: لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا، سیستەمی پلەبەندی سەربازی لەناو هەر هێزێکی چەکداردا زیاترپێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر خزمەت بە پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکان بکات.

سەردەمی دێرین: چەمکی پلە سەربازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکان کە پێکهاتەی پلەبەندی بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و دیسیپلین لە هێزە چەکدارەکاندا پێویست بوو. پلە سەرەتاییەکان زۆرجار نافەرمی بوون، لەسەر بنەمای تەمەن، ئەزموون، یان پێگەی بەرزبووە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی وەک میسر، یۆنان و ڕۆمدا، زۆرجار پلە سەربازییەکان لەسەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتی بوون، ئاغاکان و سەرکردەکان بە پشتبەستن بە پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا یان دەستکەوتەکانیان لە شەڕدا، دەستنیشان دەکران.

سەردەمی سەدەی ناوەڕاست: لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سیستەمی فیۆداڵی کاریگەریی زۆری لەسەر پلەبەندییە سەربازییەکان هەبوو. زۆرجار فەرماندەیی سەربازەکان بە ئاغاکان دەدرا، شوڕشگێڕ و ئاغاکان سەرکردایەتی یەکە بچووکەکانیان دەکرد. پێکهاتەی پلەدارەکان لە نزیکەوە بەسترابووەوە بە سیستەمی فیۆداڵییەوە، کە وەسیلەکان لە ژێر دەستی ئاغاکاندا خزمەتیان دەکرد لە بەرامبەر زەوی و پاراستنیان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕێنێسانس تا سەرەتای سەردەمی مۆدێرن: لەگەڵ دەستپێکردنی پێکهێنانی سوپای پیشەیی، بەتایبەتی لە ئەورووپا، پێکهاتەی پلەبەندی فەرمیتر پەرەی سەند و پلە فەرمییەکانی بەخۆیەوە بینی، نازناوەکانی وەک کاپتن، عەقید، لیوا و .. سەریان هەڵدا، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی تایبەتە لەناو پێکهاتەی سەربازیدا. لە سەدەی ١٨ و ١٩ بەشێکی سەرەکی بوون لە چەسپاندنی پلە سەربازییە مۆدێرنەکان، چونکە دەوڵەتە نەتەوەییەکان سەریان هەڵدا و هاوکات لەگەڵ بە پیشەییکردنی سوپاکان، پلە سەربازییەکانی ڕێکخران. شۆڕشی فەرەنسا و شەڕەکانی ناپلیۆن پلەبەرزکردنەوەیان لەسەر بنەمای شایستەیی ناساند، کە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە پێکهاتە پلەسەربازییە مۆدێرنەکان هەبوو. ئەکادیمیا سەربازییەکان و بەرنامەکانی ڕاهێنانی فەرمی زیاتر باوبوون، ئەمەش پلەکانی زیاتر ستاندارد کرد.

سەدەی بیستەم تا ئێستا: لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست، پلە سەربازییەکان زیاتر فەرمی بوون. بەو پێیەی سەرکردە و فەرماندەکان لەلایەن پاشاوە دادەنران، بە پێی شایستەیی پاداشت دەدرانەوە. زۆرجار فەرماندەکان لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگە هەڵدەبژێردران. دەسەڵاتدارانی ناوچەیەک و کۆمەڵە سەربازێک دەکەوتنە ژێر فەرمانی کاپتنێک، کە لەلایەن ملازمێکەوە هاوکاری دەکرا بەزمانی فەرەنسی پێ دەڵێن (lieutenant)، لە کاتی ئامادە نەبوونی فەرماندە، جێگەی گرتووەتەوە، هاوکاری ئەم ملازمەش (بلاتون) هەبوو لەکاروباری ئیداری و ئەرکە لاوەکییەکانی ناو سرییەکەی، هاوکاری ملازمەکەی دەکرد.

سەدەی بیستدا دوو جەنگی جیهانی بەخۆیەوە بینی کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پلەبەندی سەربازی هەبووە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و هێنانەکایەی ستراتیژیی نوێی جەنگ، پێویستی بە ڕۆڵی تایبەتمەند بووە، کە پلە سەربازییەکان لەناو وڵاتاندا ستاندارد کراون و زۆرجار لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، نەخشەی هاوشێوە لە پلە پەیرەو دەکەن. سەرەڕای گۆڕانکارییەکان، زۆرێک لە وڵاتان پێکهاتەیەکی هاوشێوە دەگرنەبەر، زۆرجار لەژێر کاریگەریی نەریتە سەربازییەکانی ڕۆژئاوادان، بۆ نموونە، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، بۆ ئاسانکاری و هەماهەنگی و کارکردنی هاوبەش، پلەی ستانداردیان هەیە.

## پلەی سەربازییەکان

لە سەربازییدا پلەکان لە سیستەمێکی پلەبەندیدا داڕێژراون، هاوشێوەی ڕێکخراوەکانی دیکە، لە نزمترین ئاستەوە تا بەرزترین ئاست. ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە زنجیرەی فەرماندەیی و بەرپرسیارێتی لەناو هێزە چەکدارەکاندا دادەمەزرێنێت.

- سەرباز: بریتییە لە تاکێک کە بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی و جێبەجێکردنی ئەرکە تایبەتەکان پەیوەندی بە سەربازییەوە دەکات. سەربازەکان بنەمای هێزە چەکدارەکان پێکدەهێنن و پێکەوە کاردەکەن، لە یەکە سەربازییەکان ڕێکخراون پێی دەگوترێت: دەستە (حضیرە). لەناو پێکهاتەی پلەدا، «سەرباز یەک» (پ.پ١) لە پلەی پۆلیسی پیادە بچووکترە.
- عەریف: لە سەرووی پلەی (پ.پ١) بچووکترە لە پلەی (رئیس عورەفا)، بەرپرسیارە لە سەردەستەی کۆمەڵێک سەرباز.
- پ.پ٤ لە پلەی جێگری عارف بەرزترە، بەڵام لە پلەی مفەوەز بچووکترە. بە پلەی ئەفسەری پۆل دەبێتە سەردەستەی چەند سەربازێك.
- ملازم: پلەیەکی سەربازییە، دوای تەواوکردنی کۆلێژ بەپێدانی یەك ئەستێرە بۆ هەرکەسێك یانی کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، دوای دەرچوونی فەسیلێکی پێ دەدرێت کە پێکدێت لە (٣٥-٣٧) سەرباز. ملازم بەمشێوەیە دەمێنێتەوە و سێ ساڵ تەواو دەکات، دواتر دەبێت بە ملازم أول.
- نەقیب: ئەم پلەیە لەسەردەمی سەرەتاییەکانی سوپای ئیسلامدا دەرکەوتووە و بەکارهێنراوە، لەسەر ئاستی ئەفسەری پلەی سێیەمە، کە پێیان دەگوترێت: (یاریدەدەر، ئەفسەر،



ئەفسەری یەك، نەقیب).

• رائد: پلەی رائید لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، لە دەوروبەری سەدەی ١٢، لە سەردەمی فیۆدالیزم لە ئەورووپا. سەرەتا پۆلیسەکان سەربازی پیشەگەر نەبوون، بەڵکو پیاوی چەکدار بوون کە پێگەیەکیان لە نێوان شورشگێڕ و سەربازی پیادەی باودا هەبوو. ئەوان بەرپرسیار بوون لە پاراستنی دیسیپلین و سەرپەرشتیکردنی ڕاهێنانی سەربازە پلە نزمەکان. بە تێپەڕبوونی کات ڕۆڵی پۆلیس پەرەی سەندووە و بووەتە پلەی ئەفسەری ناراسپێردراو (NCO) لە ڕێکخراوە سەربازییە مۆدێرنەکاندا، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرکردایەتیکردنی یەکە بچووکەکان و جێبەجێکردنی ستانداردە سەربازییەکان دەگێڕن.

• موقەدەم: ئەم پلەیەش لەسەردەمی عەباسییەکانەوە بەکارهاتووە، لەسەردەمی مەمالیکەکان، ئەم پلەیە بەو کەسانە دراوە، کە فەرماندەیی (١٠٠٠) جەنگاوەری کردووە.

• عەقید: پلەی عەقید لە سەدەی ١٦ لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن لە ئەورووپا سەرچاوەی گرتووە. لە وشەی ئیتاڵی (colonnello) وەرگیراوە، بە واتای ئەفسەری بەرپرسی ستوونی سەرباز. پلەی عەقید فەرماندەیی فەوجەکان یان لیواکان دەکەن، کە یەکە سەربازییە گەورەکانن و بەرپرسیارن لە سەرکردایەتی گشتی و پلاندانانی ستراتیژی و جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەناو فەرماندەییەکەیاندا. سەرکردایەتی فەوجەکان یان کەتیبەکان دەکەن و کلیلی فەرماندەیی تاکتیکی و پلاندانانن.

• عەمید: لە سەدەی ١٧ لە کاتی چاکسازییە سەربازییەکانی ئەورووپادا سەریهەڵدا. سەرەتا زاراوەی «عەمید» ئاماژەیە بۆ ئەفسەری بەرپرسی لیوایەک، پێکهاتەیەک کە بە شێوەیەکی گشتی لە چەند فەوجێک پێکدێت. پلەکە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر فەرمی بوو، لەسەردەمی عوسمانییەکان سوپای ئینکشارییەکان پێی گوتراوە (سکبان باشا)، نوێنەرایەتی پلەی یەکەمی ئەفسەری گشتی دەکرد. بە شێوەیەکی گشتی، تەنها لە سەرووی عەقیدەوە و لە خوار پلەی لیوایە، بەرپرسیارە لە فەرماندەیی لیواکان یان خزمەتکردن لە پۆستە باڵاکانی ستاف، سەرپەرشتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکان.

• لیوا: ئەم زاراوەیە لە وشەی فەرەنسی *lieu (بە واتای شوێن) و (بە واتای گرتن) هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ کەسێک کە پۆستێکی هەیە یان لە شوێنی ئەفسەرێکی باڵا مامەڵە دەکات. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، لەسەردەمی سەرەتاییەکانی ئیسلامدا پێی گوتراوە فەرماندەی سوپا، بەهۆی ئەوەی کە فەرماندەیی (١٠،٠٠٠) سەربازی کردووە.

• فەریق: ئەفسەری باڵا کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی گەورە و چەندین لیوا دەکات، هەروەك ئەحمەد تەیموو لە کتێبی (الرتبة والالقاب) دەڵێت:» فەرماندەیە، فەرمانڕەوایی بەسەر چەندین لیوا دەکات».

• مشیر: (موهب) باڵاترین پلەی سەربازیی لە ناو سوپادایە و نابێت لە یەك مشیر زیاتر لە ناو سوپادا هەبێت.

لە ئێستادا وڵاتان بەپێی گونجان و شێوەو قەبارەی سوپاکانیان پلەو پایەکانیان ڕێکخستووەو سوپاکانیان پابەندی دیسپلینی سەربازی تایبەت کردووە.

**سەرچاوەکان:**

• ڕۆشنبیری سەربازی، کۆلێژی سەربازی دووی زاخۆ.
• احمد تیمو باشا: رسالة لغوية عن الرتبة والالقاب، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٢.
• Cowper, th•mas, the myth of the military model of leadership in law enforcement, ٢٠٠٠






# پێگەی کۆنترین کتێبی جەنگی لە زانستی سەربازییدا

## هەڵسەنگاندنێك بۆ کتێبی (هونەری جەنگی) لە نووسینی سون تزو

● ئامادەکردنی: هاوکار محەممەد

**هونەری جەنگی سون تزو یەکێکە لە کاریگەرترین کتێبەکان لەسەر ستراتیژی و تاکتیکی سەربازی. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین. هەرچەندە بە تایبەتی دەستنووسێکی هونەری جەنگی نییە، بەڵام کارەکانی سون تزو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پەرەپێدانی فەلسەفەی هونەری جەنگی و زانستی سەربازی هەبووە. بنەماکانی جەنگی- لەسەر بنەمای زیرەکی، ستراتیژی، گونجاندن و تێڕوانینی دەروونی- لە تاکتیکەکانی سەنگەرەکانی شەڕو لایەنەکانی دیکە هەیە. لەوانە ستراتیژیی بازرگانی، دیپلۆماسی و سیستەمی بەرگریکردن، کە لە هونەرە جەنگییەکاندا دەبینرێت.**

سون تزو ستراتیژیستێکی سەربازیی چینییە، لە سەردەمی پشێویی دەوڵەتانی جەنگاوەر لە چینی کۆن، هونەری جەنگی نووسیوە. کارەکەی لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و میتۆدییە بۆ بنەماکانی شەڕ، لە (١٣) ماددە پێکهاتووە و هەریەکەیان تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی جیاوازی ستراتیژیی سەربازی. هەرچەندە ڕۆڵی مێژوویی تایبەتی سون تزو هێشتا بابەتی مشتومڕی مێژوونووسان دەمێنێتەوە، بەڵام کارەکانی بەهۆی بەکارهێنانی چەمکە فەلسەفییەکان بۆ ستراتیژییە سەربازییە پراکتیکییەکان ڕێزێکی زۆری لێگیراوە.

هونەری جەنگ لە سەرەتادا بۆ فەرماندە سەربازییەکان نووسراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بوارە جۆراوجۆرەکان گرتووەتەوە، لەوانە سەرکردایەتی سیاسی، ئابووری و گەشەپێدانی کەسی، لە هونەرە جەنگییەکاندا. جەختکردنەوەی سون تزو لەسەر گونجاندن و فریودان و خۆڕاگری دەروونی هاوتەرییە لەگەڵ زۆرێک لە سیستەمی جەنگی نەریتی ڕۆژهەڵات.

هەرچەندە بە ڕوونی کتێبەکە ڕێنمایی هونەری جەنگی نییە، بەڵام بنەما ستراتیژییەکانی هونەری جەنگ خاڵی هاوبەشن لەگەڵ فەلسەفەکانی هونەری جەنگیدا، بەتایبەتی ئەوانەی لە سیستەمی چینی و ژاپۆنیدان. دیسیپلینەکانی هونەری جەنگی وەک کۆنگ فو، جودۆ، ئایکیدۆ و کاراتێ جەخت لەسەر دیسپلینی دەروونی، جووڵەی ستراتیژی و هۆشیاری خود و بەرامبەر دەکەنەوە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سون تزو، گرنگی گونجاندنە «لە شەڕدا ڕێگاکە ئەوەیە کە خۆت لە شتێک بەدوور بگریت کە بەهێزە و لێدان لە شتێک کە لاوازە» (تزو، ٢٠٠٢). ئەم چەمکە بەپێی پێویست لە نێوان هێرشبردن و بەرگریدا دەگۆڕدرێن. دیسیپلینەکانی هونەری جەنگی وەک جودۆ و ئایکیدۆ بە ڕوونی ئەم فەلسەفەیە یەکدەخەن، کە فڕێدان و قوفڵکردن پشت بە ئاڕاستەکردنەوەی هێزی بەرامبەر دەبەستێت نەک بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا.

«هەموو شەڕێک لەسەر بنەمای فێڵکردنە» (تزو، ٢٠٠٢، ل٣٦)، کە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ لە هونەرە جەنگییەکاندا دەبینێتەوە، تێیدا فێڵکردن، چەواشەکاری و کۆنترۆڵکردنی دەروونی پێکهاتەی سەرەکی شەڕن. لە ستایلەکانی وەک کۆنگ فو و تایکواندۆدا، زۆرجار پراکتیزەکاران کردنەوەی درۆ یان جوڵەی چەواشەکارانە بەکاردەهێنن بۆ سەرلێشێواندنی بەرامبەرەکەیان پێش ئەوەی لێدانێکی یەکلاکەرەوە ئەنجام بدەن. بە هەمان شێوە لە زانستی سەربازیی فراوانتردا، فریودان وەک تاکتیکێکی سەرەکی دەمێنێتەوە لە هەردوو شەڕی ئاسایی و ناهاوسەنگدا.

## خۆڕاگری دەروونی و شەڕی دەروونی

گرنگیدانی سون تزو لەسەر لایەنە دەروونییەکانی شەڕ، توخمێکی دیکەیە کە بە توندی دەنگدانەوەی لەگەڵ هونەرە جەنگییەکان هەیە. لە زۆرێک لە سیستەمە جەنگییە تەقلیدییەکاندا، زاڵبوون بەسەر دەروونەدا، وەک شارەزابوون لە تەکنیکە فیزیاییەکان بە گرنگ دادەنرێت. تێڕوانینەکانی سون تزو بۆ پاراستنی ئارامی لە ژێر فشار و بەکارهێنانی دەستکاریکردنی دەروونی بۆ بێزارکردنی بەرامبەر، لە فێرکارییەکانی هونەری جەنگیدا جێگیرکراون، ئەمەش ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکات کە دیسیپلینی دەروونی هەم لە شەڕی کەسی و هەم لە شەڕی سەربازیی گەورەتردا زۆر گرنگە.

## پێگەی سون تزو لە زانستی سەربازی مۆدێرن

لە چوارچێوەی زانستی سەربازیی مۆدێرندا، هونەری جەنگی سون تزو، هێشتا پەیوەندییەکی زۆری هەیە. ئەویش جەختکردنەوەی لەسەر هەواڵگری، خێرایی و نەرمی کە بە باشی لەگەڵ زانستی سەربازیی هاوچەرخدا هاوتەریبە، بە شەڕی زانیاری و بڵاوکردنەوەی خێرا و مانۆڕی ستراتیژی لە پێشینەدا دەزانن. دامەزراوە سەربازییە مۆدێرنەکان، لەوانەش سوپای ئەمریکا و هێزە جیاوازەکانی ناتۆ، لە دەقی سون تزو دەکۆڵنەوە بۆ حیکمەتە بەردەوامەکانی لە پلاندانانی ستراتیژی و بەڕێوەبردنی.

## ململانێکانی (Luttwak، ١٩٨٧). پلاندانانی ستراتیژی و بڕیاردان

ڕێنماییەکانی سون تزو سەبارەت بە پلاندانانی ستراتیژی و بڕیاردان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پەرەپێدانی تیۆری سەربازی هەبووە. ئەو باوەڕەی کە باشترین ژەنەراڵەکان بەبێ شەڕ سەردەکەون (بە بەکارهێنانی ستراتیژی بۆ بیرکردنەوە لە نەیارەکان نەک لە شەڕکردنیان)، لە تاکتیکەکانی جەنگی مۆدێرن ڕەنگدانەوەی هەیە کە خۆی لە کەمکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی دیپلۆماسی و ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکان و شەڕی ئەلیکترۆنی دەبینێتەوە. لەم ڕووەوە، فێرکارییەکانی سون تزو چوارچێوەیەکی بێسنووری بۆ تێگەیشتن لە شێوازە ناڕاستەوخۆکانی چارەسەرکردنی ململانێکان هەیە.

لە کاتێکدا هونەری جەنگ بە ڕوونی قووڵ نابێتەوە لە لۆجستیکی کۆکردنەوەی سەرچاوە ماددییەکان، زۆرێک لە بنەماکان دەتوانرێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە و تەرخانکردنی هێز لە هەڵمەتە سەربازییە مۆدێرنەکاندا بەکاربهێنرێت. سون تزو بانگەشە بۆ بەکارهێنانی کارامەی سەرچاوەکان دەکات. ئامۆژگاری فەرماندەکان دەکات کە هێز بپارێزن و تەنها کاتێک بەشداریی شەڕبکەن کە لە سەرکەوتن دڵنیا بن: «ئەو کەسەی بزانێت کەی دەتوانێت شەڕبکات و کەی ناتوانێت، سەرکەوتوو دەبێت» (تزو، ٢٠٠٢). لە زانستی سەربازیی ئەمڕۆدا، ئەم چەمکە وەرگێڕدراوە بۆ پێگەی ستراتیژی هێزەکان و ڕەچاوکردنی وردی هێڵەکانی دابینکردن و سووتەمەنی و تەکنەلۆژیا.

جەنگی زانیاری و ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا شەڕی مۆدێرن تادێت لە دەوری کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریدا چڕدەبێتەوە، کە زۆرجار لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان و سیخوڕی و چاودێریکردنەوە ئەنجام دەدرێن. بیرۆکەکانی سون تزو سەبارەت بە بەهای پێشبینی پێشوەختە و بەکارهێنانی سیخورەکان لە کاتی جەنگدا لە نزیکەوە لەگەڵ تاکتیکەکانی هەواڵگریی سەربازی هاوچەرخدا هاوتەریبن، کە زانیاریی سەرەتاییەکان گرینگن بۆ بڕیاردانی ستراتیژی ئاگادارانە (Rid، ٢٠٢٠).

## بەکارهێنانی جیهانی ڕاستەقینەی بنەماکانی سون تزو: جەنگی دووەمی جیهانی و ئۆپەراسیۆنەکانی فریودان**

یەکێک لە بەناوبانگترین بەکارهێنانەکانی بنەماکانی سون تزو لە شەڕی مۆدێرن لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەتی لە ئۆپەراسیۆنی خۆڕاگریدا، کە فێڵیان بەکارهێنا بۆ چەواشەکردنی ئەڵمانییەکان. هاوپەیمانان بە بەکارهێنانی بریکاری دووانە و دروستکردنی سوپای درۆینە، نموونەی بنەمای فریودانی سون تزویان هێنایە ئاراوە، دڵنیابوون لەوەی کە داگیرکاری ڕاستەقینە لە شەڕی نۆرماندی کەمتر ڕووبەڕووی بەرخۆدان دەبێتەوە (Ambrose، ١٩٩٤).

جەنگی کەنداو: باڵادەستی ستراتیژی لە ڕێگەی مانۆڕ و لە کاتی جەنگی کەنداودا. جەختکردنەوەی سوپای ئەمریکا لەسەر خێرایی و باڵادەستی تەکنەلۆژیا، ئاوێنەیەکی فەلسەفەی سون تزو بوو کە خێرایی و وردبینی بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمندا بەکاردەهێنرێت. توانای هاوپەیمانی بۆ بڵاوەپێکردنی هێزەکان بە خێرایی، هەماهەنگی هێرشە ئاسمانییەکان و تێپەڕاندنی بەرگرییەکان، پەیوەندییە بێ کاتەکانی ڕێنماییە ستراتیژییەکانی سون تزو سەبارەت بە بڵاوەپێکردنی خێرا و کردەوەی پێشوەختە نیشان دا (Gordon & Trainor، ١٩٩٥).

## جەنگی ناهاوسەنگ و دژە یاخیبوون

لە شەڕی ناهاوسەنگی مۆدێرن و هەوڵەکانی دژە یاخیبووندا، فێرکارییەکانی سون تزو سەبارەت بە گونجاندن و بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆ بوونەتە شتێکی گرنگ. لە ململانێکانی وەک ئەوەی لە ئەفغانستان و عێراق، هێزە سەربازییە ئاساییەکان ناچاربوون تاکتیکەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە ناتەقلیدیەکان بە بەکارهێنانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ستراتیژی گەریلا و فێڵ و زانیاری ناوخۆیی ڕێکبخەن. جەختکردنەوەی سون تزو لەسەر تێگەیشتن لە خاک و کولتوور و دەروونناسی دوژمن، لەگەڵ ستراتیژییە هاوچەرخەکانی مامەڵەکردن ڕەنگدەداتەوە.
(Beckett, ٢٠٠١).

هونەری جەنگی سون تزو وەک شاکارێکە لە زانستی سەربازیدا کە بەردەوام دەمێنێتەوە، پردێکە لە نێوان کایەکانی هونەری جەنگی و ستراتیژیی سەربازی و زانستی مۆدێرن. فێرکارییەکانی ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دارشتنی هەردوو ڕوانگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ ململانێی نێوانیان. هاوکات، بنەماکانی بەردەوامن لە کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی زانستی سەربازی. بیرۆکەکانی فریودان و کۆکردنەوەی زانیاری و شەڕی دەروونی، هێندەی هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا، لەم سەردەمەشدا گرنگیی تایبەتیی خۆیان هەیە. بە تێکەڵکردنی تێڕوانینی فەلسەفی لەگەڵ بەکارهێنانی پراکتیکی، هونەری جەنگ، خۆی وەک دەقێکی بنەڕەتی جێگیر کردووە کە بەردەوامە لە پێشکەشکردنی ڕێنمایی بۆ زانستی جەنگی و ستراتیژیی سەربازی.

**سەرچاوەکان:**

Ambrose, S. E. (١٩٩٤). *D-Day:
June ٦, ١٩٤٤: The Climactic
Battle of World War II*. Simon &
Schuster.

Beckett, I. F. W. (٢٠٠١). *Modern
Insurgencies and Counter-
Insurgencies: Guerrillas and
Their Opponents Since ١٧٥٠*.
Routledge.

Gordon, M. R., & Trainor, B. E.
(١٩٩٥). *The Generals› War: The
Inside Story of the Conflict in the

# مایکرۆوەیڤ چەکێکی نوێ لە گروپی کارۆموگناتیسی



● ئامادەکردنی: ڕێناس

**وەك زانراوە کە ئامێری «مایکرۆوەیڤ» ئەو فڕنە بچووکەیە کە بۆ چێشت لێنان بەکاردێت و نزیکەی لە هەموو ماڵێکی شارستانیدا دەبینرێت، بە دەردانی تیشکی ورد کاردەکات کە ئەرکی گەرمکردنەوە و کوڵاندنی خواردنە لە چەند چرکەیەکدا. بەکارهێنانی مایکرۆوەیڤ وەک چەک مرۆڤ دەباتە ئاستێکی بێ وێنەی شەڕ هاوشێوەی ئەوەی لە فیلمەکانی جەنگی ئەستێرەکاندا ڕوودەدات. لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە ئەو چەکانەی بەکارهێنراون تیشکی ڕووناکییان نییە، بەڵکو تیشکێکی نەبینراویان لە جۆری چەکی کارۆموگناتیسی هەیە کە پێیان دەوترێت بۆمبی ئەلیکترۆنی.**

لەڕووی مێژووییەوە، چلەکانی سەدەی ڕابردوو شایەتی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان بوون سەبارەت بە کاریگەریی چەکی کارۆموگناتیسی لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانیان. ژاپۆنییەکان - لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤٥ - بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ پەرەپێدانی ئەوەی کە پێیان دەگوت «تیشکی مردن» خەرجکرد. پاشان سوپای ئەمریکا پێداچوونەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە کرد و پەرەی پێدا و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەتوانرێت چەکێک دروست بکرێت کە تیشکێکی ئەلکترۆموگناتیسی بەرهەم بهێنێت توانای کوشتنی مرۆڤی هەبێت، دوای ئەوەی تیشکەکە لە دووری ٥-١٠ میل لە سەرچاوەکەیەوە ئاڕاستە بکرێت.

وزەی ئاراستەکراو لە ئەنجامی تەکنەلۆژیای چەکی کارۆموگناتیسیەوە دێتە ئاراوە کە بریتییە لە دەردانی فلاشێکی وزەی بەرزی شەپۆلی ڕادیۆیی یان مایکرۆوەیڤ؛ بە بەکارهێنانی وزە وەک چەکێک، کاریگەرییەکانی لەکارخستنی سووڕەکانی ئەلیکترۆنییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دروستکردنی کاریگەرییە فیزیۆلۆژییەکان کە هیچ کەسێک کە بەرکەوتەی تیشکەکە بووە، تێناگات. یەک پرتە کە لەلایەن هەر چەکێکی کارۆموگناتیسییەوە دەردەچێت، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، نزیکەی ١٠٠ پیکۆ چرکە (یەک لە دە ملیار لەسەر چرکەیەک) بخایەنێت. بەڵام یەک پرتی وزەی چڕ دروست دەکات کە بە شێوەیەکی کاریگەر لەلایەن ئەو تەنانەی کە ئاراستەی دەکرێن، هەڵدەمژرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە تەنەکان توانای گواستنەوەی کارەبایان دەبێت تەنانەت ئەگەر ئەو کارەبایە ئاراستەی دەمار و خانەکانی دەماریش بکرێت. لە کۆتاییدا مەترسیدارترین شت ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان بە ئاسانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوازرێنەوە و نرخی تارادەیەک هەرزانی ئەم چەکە وا دەکات کە ڕەنگە بکەوێتە دەستی چەتە و تیرۆریستان.

44

# لەهەوادا ئاویان دەرهێنا

## ئامێرێك هەوا دەكاتە ئاو

ئامادەکردنی: ئەڤین ئەحمەد

**لە چوارچێوەی پرۆگرامی دەزگای پرۆژەکانی توێژینەوەی پێشکەوتووی (DARPA)ی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، تیمی توێژینەوەی جەنەراڵ(GE) (Research گرێبەستێکی ملیۆنان دۆلاری بۆ پەرەپێدانی ئامێری چاپکراوی سێ ڕەهەندی پێبەخشرا کە شێ لە بەرگەهەواوە کۆدەکاتەوە و دەیکاتە ئاوی خواردنەوە.**

تیمی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوەداوە کە نموونە سەرەتاییەکان دەتوانن ئاو بۆ ١٥٠ سەرباز دابین بکەن، تەنانەت لە ژینگە بیابانەکاندا و بۆ ئەوەش، بنەماکانی ئاڵوگۆڕی گەرمی بۆ ڕاکێشانی ئاو لە هەوا بەکاردەهێنن. دەرهێنانی ئاو لە ئاسمانەوە دەبێتە بەخششێکی گەورە بۆ سوپای ئەمریکا، چونکە پێویستی بە وەبەرهێنان لە دروستکردنی زنجیرەی دابینکردنی ئاو بۆ ئەرکە سەربازییەکان لە ناوچە دوورەکان نامێنێت. زۆربەی ئامێرەکانی گرتنی ئاوی بەرگەهەوای ئەمڕۆ لەسەر هەمان بنەماکانی چڕبوونەوەی شێی یەکەیەکی ستانداردی تەندروستی کاردەکەن، ئامانجی بەرنامەکە بریتییە لە پەرەپێدانی ئامێری دەرهێنانی ئاوی بەرگەهەوای بچووکتر و سووکتر و کاراتر کە دەتوانرێت لەلایەن چوار سەربازەوە بەرزبکرێتەوە و توانای هەیە ئاوی خواردنەوە بۆ ١٥٠ کەس دابین بکات. تیمی توێژینەوەی GE پەرە بە گەرماگۆڕەکاری چاپکراوی سێ ڕەهەندی بە وردی دەستکاریکراو دەدات کە گەرمی دەگوازێتەوە بۆ ماددەی هەڵمژێنەری هەوا. ئەم گەرمییە لە بنەڕەتدا وەک میکانیزمێکی ئازادکردن بۆ ماددە مژەرەکان کاردەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئاوەی



کە هەڵگیراوە ئازاد بکرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی ئاوی تەندروست بۆ خواردنەوە. نموونەی سەرەتایی سوپای ئەمریکا توانایەکی زۆری هەیە و لە کۆتاییدا دەتوانرێت بۆ بەکارهێنانی گشتی جێگیربکرێت، چونکە دەتوانێت یارمەتی دانیشتووانی شارۆچکە و گوندە دوورەکان بدات بۆ دەستگەیشتن بە ئاوی پاک.

# سەگە ڕۆبۆتییەکانی کۆمپانیای Ghost Robotics

ئامادەکردنی: ئیبراهیم خۆشناو

**وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ئەمریکا، وردەکاری نوێی سەبارەت بە تاقیکردنەوەکانی ڕۆبۆتی چوار قاچ لەسەر سنووری باشووری وڵاتەکەی لەگەڵ مەکسیک بڵاوکردەوە. سەگە ڕۆبۆتییەکان لە چەندین ڕۆڵدا تاقی دەکرێنەوە کە گرنگی بە چاودێریکردن دەدەن. هەرچەندە وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ هیچ کاتێکی بۆ جێگیرکردنی تەواوەتی دیاری نەکردووە، بەڵام دەڵێت، تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بوون و کارکردن لەگەڵ سەگە ڕۆبۆتییەکان بەردەوام دەبێت.**

بریندا لۆنگ، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی بەشی توێژینەوە و پەرەپێدانی وەزارەتەکە دەڵێت: سنووری باشوور دەتوانێت شوێنێکی نەگونجاو بێت بۆ سەرباز و سەگی زیندوو، ئەمەش ڕێک هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئامێرەکە لەوێ جێگیر بکرێت. سەگە ڕۆبۆتییەکان لەلایەن کۆمپانیای Ghost Robotics دروستکراون. قەبارەی ٧٦سانتیمەتر و بارستاییەکەی ٣٢ کیلۆگرام دەبێت. توانای ڕۆیشتنی ١٢ کیلۆمەتری لەماوەی سێ کاتژمێردا هەیە بێ ئەوەی پێویستی بە بارگاویکردن هەبێت. سەگە ڕۆبۆتییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان بە کۆنترۆڵی دەستی بجوڵێن، هەروەها دەتوانرێت کۆمەڵێک باری سوودبەخشیان تێدابێت، لەوانە کامێرای گەرمی و کامێرای بینینی



شەوانە. لە ڕابردوودا کۆمپانیای Ghost Robotics نموونەی سەرەتایی نمایش کردووە کە بە چەك تەیارکراوە. سوودی سەرەکی ئەم ئامێرە چوارپێیانە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئامێرە تایەکان، دەتوانن بە هەر ژینگەیەکدا بگەڕێن کە مرۆڤ بتوانێت تییدا بڕوات، لەوانە بیابان، گردە بەرزەکان، زەوییە بەردینەکان و تەنانەت پلیکانەکان. بەڵام سەرەڕای وردبینییان، ئەم ئامێرانە سنوورداربوونی ئاشکرایان هەیە. تاقیکردنەوەی پراکتیکی کۆمەڵێک کێشەی نیشانداوە، وەک سنوورداربوونی تەمەنی پاتری و ڕەفتاری نارێک.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ووشەی یەکتربڕ

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ■ | | | | ■ | | | | | | | 1 |
| | ■ | | | | | | | ■ | | | | | | | | 2 |
| | | | | | ■ | | ■ | | ■ | | | | | | | 3 |
| | | | ■ | | ■ | | | | | | ■ | | | | | 4 |
| | | ■ | | | | ■ | | ■ | | | | ■ | | | | 5 |
| | ■ | | | ■ | | | | | | ■ | | | ■ | ■ | | 6 |
| | | ■ | | | | | | ■ | | | | | | | | 7 |
| ■ | | | | | ■ | | ■ | | ■ | | | ■ | | | | 8 |
| | ■ | | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | 9 |
| | | | ■ | | | ■ | | ■ | | | | | | | ■ | 10 |
| | | | | ■ | | | | | | | ■ | | | ■ | | 11 |
| | | | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | | | 12 |
| | ■ | ■ | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | 13 |
| | | | | | ■ | | | | | | | | ■ | | | 14 |
| | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | | | 15 |
| | | | | | | | | | | | ■ | | | | | 16 |

ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

**ئاسۆیی :**

١-شارێکی کوردستانە – مەرگی شاراوە - چەکێکی وێرانکەرە (پ)
٢-جۆرە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهایە – ئامێرێکی پەیوەندیکردنە
٣-دەزاوا تێکەڵاو – فریادرەسی ئۆتۆمبێل
٤-تیاترۆ - خۆڵکن تێکەڵاو – زستان بە عەرەبی
٥-یەك تێکەڵاو – جۆرە دەمانچەیەکە – جۆرە میوەیەکە – بەستنی بەفر
٦-ژمارەیەکە – ئاژەڵی مردوو (پ) – ئافرەتان بۆ جوانی بەکاری دێنن
٧-هێزی تایبەت – جۆرە چەکێکە – سەنەم
٨-پێچەوانەی راستی (پ) – جۆرە بانگ کردنێکی مرۆڤە – دەرمانی هەویر (پ)
٩-کارێکی جادووگەرانە – مراد بە بادینی – یانەیەکی ئیتالییە
١٠-جۆرە خۆراکێکە – وەکو یەکە – جۆرە پێوەرێکی پێوانەی خواردەمەنییە
١١-پرچ – بەیاك تێکەڵاو – دروستە بۆ بەکارهێنان
١٢-جۆرە درەختێکە (پ) – درۆ تێکەڵاو – رێگا بە تورکی (پ) – لانخر تێکەڵاو
١٣-جۆرە باڵندەیەکە – نۆمو تێکەڵاو – جاوا تێکەڵاو
١٤-(زۆر)ی سەربراو – مزدوشتر تێکەڵاو – دروشمێکە
١٥-پێنج پیت لە رادیار – جۆرە فڕۆکەیەکە – بەنا (پ)
١٦-فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان – جۆرە چەکێکە

**ستوونی**

١-جۆرە چەکێکە – بەشێکی کۆمپیوتەرە
٢- جۆرە ئامێرێکی چاککردنەوەیە (پ) – کورتکراوەی منداڵ بە بادینی (پ) – شوێنی کرینی پێداویستی
٣- نارنجۆك بە عەرەبی - پێنج پیت لە مەملەکەد – بەرهەمێکی شیرە
٤- چیایێکی کوردستانە – (ساڵی ) بن براو – بەرهەمێکی شیرە – خۆشەویستی مەم
٥-ئەنەرژی - هونەری حەفتەم – پەرلەمانی رووسیا
٦-ئارامبەخشی مێشك (پ) – یانەیەکی ئەڵمانییە
٧-ناوی کورانە – نرخ (پ) – پەیامبەرێکە
٨-جولەیەکی شەترنجە (پ) – مرۆڤی دەستپیس – جۆرە باڵندەیەکە (پ)
٩-مەڕ بە بادینی (پ) – لە پاش لێوە (پ) – میوەیەکە – سێ پیت لە خەتەن
١٠-خەڵاتێکی جیهانییە – دراوی رووسیا – وڵاتێکە (پ)
١١-سێ پیت لە مەشەد – جۆرە ئۆتۆمبیلێکە (پ)
١٢-جۆرە رایەخێکی ناو ماڵە – لە پرچی ئافرەتان دروست دەکرێت – مانگێکی کوردییە (پ)
١٣-یۆی تێکەڵاو – دەیکی تێکەڵاو – جۆرە پێداویستییەکی ئاگرکردنەوەیە
١٤-چوار پیت لە شتلێت – نیرووت تێکەڵاو – سود تێکەڵاو
١٥-ژمارەیەکە بە عەرەبی (پ) – (بەس)ی ناوقەدبراو - باڵندە پێی دەفرێت - هاو تێکەڵاو
١٦-چیایێکی کوردستانە – شارۆچکەیەکی کوردستانە

# وەڵامی ژمارە ٤٣

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گ | ە | ت | ۆ | م | ■ | ن | ی | م | ■ | ک | و | ک | ر | ە | ک | 1 |
| ا | ■ | ل | ی | ا | ب | ۆ | م | ■ | ن | ی | ز | ۆ | م | ی | ل | 2 |
| ر | ە | ت | ی | ف | ■ | ب | ■ | ش | ■ | ز | ە | د | ا | و | ا | 3 |
| ا | ت | ش | ■ | و | ■ | ل | ن | ک | غ | و | ■ | ۆ | ن | ا | ش | 4 |
| ر | س | ■ | ی | ر | د | ■ | ا | ■ | س | م | س | ■ | ە | ک | ی | 5 |
| ا | ■ | ل | ک | ■ | م | ر | د | ا | ر | ■ | ی | س | ■ | ■ | ن | 6 |
| ت | ب | ■ | ە | ک | ش | ۆ | د | ■ | ۆ | د | ن | ا | م | ۆ | ک | 7 |
| ■ | س | ۆ | د | ە | ■ | ب | ■ | د | ■ | ۆ | ە | ■ | د | ر | ۆ | 8 |
| ر | ■ | و | ی | ز | ا | ل | ■ | ز | ا | ر | م | ■ | ل | ا | ف | 9 |
| ە | ب | ر | ■ | ی | ی | ■ | س | ■ | ە | ت | ا | ل | ە | ز | ■ | 10 |
| و | ا | ی | ش | ■ | ک | ا | ێ | ە | ب | م | ■ | ۆ | م | ■ | ک | 11 |
| ا | ل | ن | غ | ر | ■ | ی | و | ل | ■ | ۆ | د | ر | ■ | ب | ی | 12 |
| ن | ■ | ■ | ا | ا | ۆ | ج | ■ | و | م | ن | ۆ | ■ | ز | ا | ب | 13 |
| د | و | و | ر | د | ■ | ر | ت | ش | و | د | م | ز | ■ | ز | ۆ | 14 |
| و | ە | س | ت | ا | ■ | ۆ | غ | ی | س | ■ | ا | ی | د | ا | ر | 15 |
| ز | ا | ر | ە | گ | ۆ | ج | ن | ر | ا | ن | ■ | ن | ۆ | ر | د | 16 |

● ئامادەکردنی: سەرکەوت

## پەیڤ و پەند

*راهێنەرێکی سەربازی بە سەربازە مەشقکارەکانی دەڵێت: کاتێک لە مەشق و ڕاهێناندا ڕەحمم پێتان نەکرد، وا مەزانن ڕقم لێتان بوو، چونکە لەکاتی شەڕدا تێدەگەن کە چەندە خۆشم ویستوون!!

* باوەڕ بەخۆت بکە، دوژمنەکانت دەترسێنیت، هەرچەندە بەهێز بن

* خۆت مەکە بە ئامانجێکی ئاسان، خاوەنی سەرەتا و سەرکردەی کۆتایی بە

* ترس دوژمنی سەرکەوتنە.

* ترسنۆکەکان لە مەترسی هەڵدێن، مەترسیش لە ڕووخساری ئازا رادەکات

* لە سەردەمی خێرایی و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا بەکارهێنانی زانین هێزە وهەر هێزێک ئەمە نەکات لاوازە

## وانەیەکی سەربازیی

دەگێڕنەوە ، ئەفسەرێک مامەڵەی توندوتیژانەی لەگەڵ سەربازە نوێیەکانی یەکەکەی دەکرد. ڕۆژێک بە لای پۆلێک سەربازدا تێدەپەڕێ و یەکێکیانی بەدڵ نەبووە، بۆیە شەقێکی لێدەدات. سەربازەکەش تورە دەبێت و دەمانچەکەی دەردەهێنێ و تەقە لە ئەفسەرەکە دەکات، بەڵام ناپێکێ. ئەفسەرەکە بە هاوەڵەکەی دەڵێ: پێویستە ئەم سەربازە بۆ ماوەی هەفتەیەک زیندانی بکرێت وەک سزایەک کە نەیتوانیوە چەکەکەی بەباشی بەکاربهێنێت!

## بۆ بزە

ئەفسەرێک بەلای ریزێک سەربازدا تێدەپەڕێت و لە یەکێکیان دەپرسێت: ناوت چییە؟
سەربازەکە دەڵێ: مەنسور.
ئەفسەر: چیت بە دەستەوە هەڵگرتووە؟
سەرباز: چەکەکەم.
ئەفسەر هاواری لێدەکات: ئەمە چەک نییە، ئەمە خێزانتە
دواتر ئەفسەرەکە لە سەربازەکەی تەنیشت مەنسور دەپرسێت
تۆ ناوت چییە؟
سەرباز: حوسام.
ئەفسەر : چیت بە دەستەوە هەڵگرتووە؟
وەڵامی دایەوە: خێزانەکەی مەنسوور ......



## لە چیرۆکە سەیرەکانی جەنگ..

### دامەزراندنی نیو ملیۆن پشیلە

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وڵاتانی شەرکەر بەردەوام بوون لە پشت بەستن بە ئاژەڵ بۆ مەبەستی سەربازی و زیاتریش پەنایان بۆ پشیلە بردووە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جۆراوجۆر.

پشیلەکان زۆرجار دەنێردرانە ناو خەندەقەکانەوە بۆ ئەوەی یارمەتی سەربازەکان بدات لە ڕزگاربوون لەو مشکانەی کە تووشی خەندەقەکان بوون و نەخۆشییان هەڵگرتبوو، یان بۆ ناردنی پەیام لە نێوان خەندەقەکان و ئاڵوگۆڕی سڵاو. جگە لەوەش پشیلە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئاگادارکردنەوەی سەربازەکان لە هێرشە کیمیاییەکان بەهۆی هەستی بۆنکردنی توندەوە و هاوکات پشیلەکان لە کاتی هەڵمژینی ئەم گازە بەرگەیان نەگرتوەو خێرا مردون و ئەمەش بوەتە زەنگی ئاگادارکردنەوەی سەربازەکان.

ڕۆڵی بەکارهێنانی پشیلە گەیشتۆتە ئەوەی کە ژەنەڕاڵێکی فەرەنسی لە ساڵی ١٩١٥دا پشیلەیەکی لەسێدارەداوە بەهۆی ئەوەی ڕووی لە سەنگەرەکانیان کردوەو گومانیان وابووە بۆ کاری سیخوڕی نێردرابێت.

پشیلە ڕۆڵێکی گەورەشی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ورەی سەربازان، بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی جێگیر لە سەنگەرەکان و کەشتیە جەنگیەکاندا کاتی بەتاڵی خۆیان لەگەڵ ئەو ئاژەڵانە بەسەر دەبرد. بۆیەشە زۆرێک لە تیمە سەربازییەکان وێنەی پشیلە وەک لۆگۆ و هێماکانیان بەکارهێناوە.

تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، مەزەندە کرا کە ٥٠٠ هەزار پشیلە لەلایەن هەموو وڵاتانی شەڕکەرەوە ڕەوانەی خەندەق و بەرەکانی شەڕ کراون.

جەنگاوەرێك:

## ناوی هاوسەنگەرەكانم كاتێك ئەزانن كە دێن بۆ تۆڵەسەندنەوەی من



لێپا سڤێتۆزار ڕادیچ ، یەکێک بوو لە پارتیزانێکی یوگۆسلاڤی بە ڕەچەڵەک سربی کە لە ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی پاڵەوانی گەلی پێبەخشراوە بەهۆی ڕۆڵی چالاکی لە دژی ئەڵمانیای نازی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا. ئەم کچە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە دەستگیر دەکرێت و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. لە کاتی لەسێدارەدانیدا ئەفسەرێکی ئەڵمانی بەناوی (گۆستابۆ) بۆ دواجار پێی ئەڵێت: ئەگەر شوێن و ناسنامەی هاوڕێ و سەرکردەکانی ئاشکرا بکات، لێخۆشبوونی بۆ دەردەکەن، بەڵام ئەو کچە شۆڕگێڕە لە وەڵامدا دەڵێت: من خائین نیم و هاوسەنگەرەکانم کاتێک ئاشکرا دەبن کە دێن تۆڵەی من دەکەنەوە.

ئەم کچە لە وڵاتەکەی خۆی وەک پاڵەوانێک پەیکەری ئازایەتی بۆ دروستکراوەو ساڵانە یادی دەکرێتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku